# تارمایی ١١ی سێپتەمبەر

کۆمەڵە وتار

# تارماییی ١١ی سێپتەمبەر

کۆمەڵە وتار

فۆندەمەنتالیزمی ئیسلامی، ڕۆڵی زلهێزی ئەمەریکا، پرسە
سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست،
ئیمپریالیزم، هیندستان، گلۆبالیزم و مێدیا

وەرگێڕان لە سوێدییەوە:
سیاوەش گۆدەرزی

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

هەولێر – هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێک هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان - هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
تەلەفۆن: 35 49 224 66 (0) 00964
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

تارماییی ١١ی سێپتەمبەر - کۆمەڵە وتار
وەرگێڕان لە سویدییەوە: سیاوەش گۆدەرزی
کتێبی ئاراس ژمارە: ١١٧٣
چاپی یەکەم ٢٠١١
تیرێژ: ٦٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس - هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ٩٧٨ - ٢٠١١
نەخشاندنی ناوەوە و رازاندنەوەی بەرگ: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل. تریسکە ئەحمەد

## پێڕست


چەند سەرنجێک ........ 6

دەوڵەتە چەتەکان. نوام چامسکی ........ 9

پێشوەچوونەکانی ئیمرۆیی دین. ئانتۆنی گیدەنس ........ 17

چۆن ئیسلام زانستی وەدەست هێنا و چۆنیش لە کیسی دا. دەنیس ئۆڤربەی ... 26

جیڤانۆکە کۆنەکان، شەڕە نوێیەکان. زەکی لائیدی ........ 32

ئیسلام و لیبرالیزم. کارل رودبێک ........ 40

ئەمەریکا و دۆستە نەحسەکانی لە ڕۆهەڵاتی ناوەڕاستدا. پەر یونسۆن ........ 47

شەڕوانانی جیهادکەری ئیسلامی Made in USA. ڤانا بەکمان ........ 54

پێویستیمان بەبوونی ڕاستی و یەکسانی هەیە. مای وێچسلمان ........ 59

تیرۆر، تیرۆری بەدوادا دێت. جۆن پیلجەر ........ 63

میسر وەخەبەر دێت، بەڵام بەهۆی فۆندەمەنتالیستەکانەوە. شەریف حەتاتە ........ 69

"ڕووناکبیر و بیرجیا ئەمەریکاییەکان دەخرێنە ناو لیستەی" لێنارت پەرشۆن ... 74

ئەو ڕاپۆرتانەی لە جەهەندەمەوە دەنێردرێن. کارولینا رامکڤیست ........ 78

کێ تاوانباری شەڕە؟ جۆن پیلجەر ........ 82

شەڕی سەلیبی بوش گەیشتە ئەمەریکای لاتین. تیگران فەیلر ........ 87

ڤاندانا شیوا لەسەر گلۆبالیزم دەدوێ. میکایل لوڤگرێن ........ 90

شەڕی ئاو. ڤاندانا شیوا ........ 94

کوشتنی بەکۆمەڵ. هێنری هۆتنباخ ........ 97

ئێمە زۆرین، ئەوان کەم. ئارونداتی ڕۆی ........ 100

کامەیان، خوا یان ئاسترازنێکا؟. بوو فورشبەری ........ 110

چەککردن "بەناوی دین تینوویەتی بە خوێن شکاندن". لەیف ئێریکسۆن ........ 114

دوو نامە لە مارکۆسەوە. جێگری فەرماندە مارکۆس ........ 126

نامەی یەکەم: بژی ژیان – بمرێ مردن! "نامەی مارکۆس..." ........ 126

نامەی دووەم: نامەی مارکۆس بە بۆنەی کوژرانی ژنی خەباتگێڕ دیگنا ئوچوا... 130

لە پیتزەرییەکی کوردی لە دالارنا. ستیگ ئارنە نورشتێد ........ 132

## چەند سەرنجێک

دە ساڵ بەسەر کارەساتی سامناکی ١١ی سێپتەمبەردا تێ دەپەڕێ. ئەم وتارانە هەر ئەودەم و کەمێک دواتر وەرگێڕدرانە سەر کوردی و لە ڕۆژنامە و ماڵپەڕەکاندا بڵاو کرانەوە. مەبەستی سەرەکی لە کۆکردنەوە، وەرگێڕان و بڵاوکردنەوەی ئەم کۆمەڵە وتارە ئەودەم ئەوە بوو کە جێگەی باس و گفتوگۆیەکی ڕەخنەگرانە لەسەر ڕۆڵی زلهێزی ئەمەریکا، دەوڵەتە چەتە و دیکتاتۆرەکانی هەم دۆست و هەم دژبەری ئەمەریکا و هەروەها ئیسلام و فۆندەمەنتالیزم لەنێو چاپەمەنیی کوردیدا بەتاڵ بوو. کەشوهەوای سیاسیی کوردی بە تایبەتی لە باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تەواوەتی کەوتبووە ژێر کاریگەری دروشمی بەتاڵ و بێ بنەمای نەخشەڕێی دیمۆکراتیکی بوش بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کورد لەو بەشانەی کوردستاندا، بە چەپ و ڕاست و لیبراڵ و تەنانەت ئەکادیمییەکانیەوە، بوش و سوپای ئەمەریکایان وەک سەرۆک و ئەرتەشی ڕزگاریدەری گەلان و وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە دەستی دیکتاتۆری دەزانی و تێکڕا چاوەڕوانی هاتنی سوپای ڕزگاریکەری ئەمەریکا و ئازادیی خۆیان لە چنگ دیکتاتۆری بەعسی و ئیسلامی بوون.

ئێستا دوای تێپەڕبوونی ١٠ ساڵ بەسەر کارەساتی ١١ی سێپتەمبەردا و هێرش بۆ سەر ئەفغانستان و دواتر عێراق دەرکەوت کە چۆن بەناوی دینەوە هەم لە بەرەی بوش و هەم لە بەرەی بن لادن تۆوی قین و دوژمنایەتی بە تایبەتی لە هەرێمی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا چێندرا. نەک گەلێک ڕزگاری نەبوو، بگرە تەمەنی دیکتاتۆرەکانی هەرێمیش لەژێر سێبەری شەڕی بوشدا زیاتر درێژ کرایەوە. هەتا لە بەهاری ئەمساڵدا کە بەناوی بەهاری ئازادی ناوبانگی دەرکرد، گەلان لە دەستی دیکتاتۆرەکانی عەرەب بۆ خۆیان ڕاپەڕیون و ئێستا

بەهۆی خۆیانەوە پرۆسێسی ڕزگاریی خۆیان دەست پێ کردووە. هەر ئێستا شەڕ لە ئەفغانستان بەردەوامە. سوپای ئەمەریکا هێشتا لە عێراق ماوە. بێجگە لە کوژرانی پڕ لە نهێنیکاری بن لادن لە حەشارگەیەکدا لە پاکستان "شەڕی پیرۆز" کۆتاییی پێ نەهاتووە، ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ خەڵکی سیڤیلی زیاتر دەکوژرێن و لەلایەکی ترەوە هەژماری مەیتی سەربازە کوژراوەکانی بە ئاڵای پەنجا ئەستێرەی ئەمەریکاوە پێچراوە، زیاتر لە باڵەفڕگەکانی ئەمەریکا دادەبەزێندرێن.

دە ساڵ زیاترە باسی "هاوپەیمانی"ی ئەمەریکا و کورد لە باشووری کوردستان دەکرێ. کورد بە هاوپەیمانەتیی خۆی وەفادارە بەڵام ئەمەریکا لەلای خۆیەوە وەک بەرهەمی ئەو "هاوپەیمانەتییە"، بستێک لە ناوچە دابڕێندراوەکانی کوردستانی لە قازانج و بەرژەوەندیی کورد نەخستووەتە سەر قەوارەی جوگرافیای باشووری کوردستان. ئێستاش قەوارەی سیاسیی باشووری کوردستان پێش ٢٠٠١ و پاش "هاوپەیمانەتی" ٢٠٠٣، تەنیا بریتییە لە سێ پارێزگای سلێمانی، هەولێر و دهۆک. سەرەڕای ئەمە و تێپەڕبوونی ١٠ ساڵ بەسەر کارەساتی ١١ی سێپتەمبەر و ڕەوینەوەی روحم و سیمپاتی لەژێر سێبەری ئەو کارەساتە سامناکەدا ئێستاش جێگەی باس و موناقەشەیەکی ڕەخنەگرانە لەسەر ئەمەریکا لە میدیای کوردیدا بەتاڵە. ئەم بۆشاییە وای کردووە هەل و دەرفەت بکەوێتە دەستی کۆمەڵێک وشکارۆی کە لەوشکی جیهادیستی کورد کە لە بنەوە و لە تاریکاییدا بانگەشەی بیری فۆندەمەنتالیستی ئیسلامی بکەن و، تۆوی ڕق و قین و تۆڵە لە کۆمەڵگەی کوردستاندا بچێنن و بەناوی دین و بەناوی دژایەتیی توندئاژۆیانە لەگەڵ ئەمەریکا هەلێک بۆ باس و موناقەشەیەکی دیمۆکراتیک نەهێڵنەوە. هەر بۆیە لەو سۆنگەوە ئەم کتێبە دەتوانێ کەرەستەیەکی بچووک بێت بۆ گفتوگۆیەکی ئازاد و دیمۆکراتیک لەسەر فۆندەمەنتالیزم و وشکارۆیی چ لەلای ئیسلامیستەکان و چ لەلای کریستیانە ڕاستئاژۆکانی ڕۆئاوا و ئەوانەی بەهەموو نرخێک چەپڵە بۆ سیاسەتەکانی ئەمەریکا لێ دەدەن یان ئەوانەی

کوێرکوێرانە و بەهەموو بارێکدا دژایەتیی ئەمەریکا و ڕۆئاوا دەکەن.

بەشێوەیەکی گشتی زۆربەی ئەو وتار و نووسینانەی کە هەڵبژێردراون و وەرگێڕدراون و لەم کتێبەدا جێگە دەگرن، ڕوانگەیەکی ڕەخنەگرانەیان لە بەرانبەر ئەمەریکا و هەروەها فۆندەمەنتالیزمی ئیسلامی هەیە. لە کاتێکدا کە ئەودەم و ئێستاش نێوەڕۆکی هەموو وتارەکانم پەسند نەکردووە، بەڵام ئێستاش دوای دە ساڵ ڕاستی و دروستیی نێوەڕۆکی ڕوانگە و بۆچوونەکانی زۆربەی خاوەن وتارەکان بە تێپەڕبوونی کات باشتر دەرکەوتوون.

هەموو وتارەکان بێجگە لە نووسینەکەی کۆمەڵناسی ناوبەدەرەوەی بەریتانیایی ئانتۆنی گیدەنس نەبێت، لە پاش ڕووداوی ١١ی سێپتەمبەر نووسراون و هەر کامەیان بە جۆرێک و لە گۆشەنیگایەکەوە چەمکێکی کێشە گەورە و نوێیەکانی جیهانیان خستووەتە بەرباس. لە هەڵبژاردنی نووسین و وتارەکاندا، شێوازی نووسینی جیاواز هەڵبژێردراون. بۆ نموونە لە کاتێکدا نووسینەکانی "جۆن پیلجەر" ڕۆژنامەوانین، لەلایەکی تریشەوە زۆربەی وتار و نووسینەکانی تر شێوەنووسینی ئەکادیمی و لێکۆڵینەوەیان هەیە و بە بەکارهێنانی فاکتا و ئامار وتارەکان دەوڵەمەند کراون.

بێجگە لەو وتارانەی کە پێوەندییەکی ڕاستەوخۆیان بە باس و موناقەشەی دوای ١١ی سێپتەمبەرەوە هەیە، ژمارەیەکی تری نووسین کە بە گشتی باسی شەڕ، گلۆبالیزم و کێشە و دەسەڵات و دەستێوەردانی سەرەڕۆیانەی ئەمەریکا لە شوێنەکانی تری جیهان وەک ئەمەریکای لاتین و هیندستان دەکەن وەک نموونە دوو نامە لەلایەن مارکۆس لە چیاپاز، چەند نووسینێکی ڤاندانا شیوا و ئاروندانی ڕۆی وەرگێڕدراون و لەم کتێبەدا جێگە دەگرن. هەروەها باسێکی دوور و درێژ لەسەر مێدیا و بەجیهانیبوون وەک دوا وتار لە کتێبەکەدا بڵاو کراوەتەوە.

هەموو وتارەکانی نێو ئەم کتێبە لە زمانی سوێدییەوە وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی کوردی.

سیاوەش گۆدەرزی، جولای ٢٠١١ سوێد

## دەوڵەتە چەتەکان

تێبینی: بەشێکی زۆر لە فاکتاکانی ئەم وتارە لە کتێبی دەوڵەتە چەتەکان، لە نووسینی نوام چامسکی لە زمانی سوێدی وەرگیراوە.

### لە باتیی پێشەکی

کونسێپتی دەوڵەتی چەتە نەخشێکی گرینگ لە گەڵاڵەداڕێژی و لێکدانەوە سیاسییەکانی ئیمڕۆی جیهاندا دەگێڕێ. ئەمەریکا و ئینگلیز ژمارەیەک دەوڵەتی وەک عێراق، ئێران، لیبی، سووریا، سودان و کۆریای باکور وەک دەوڵەتە چەتەکان دەناسێن و ئەم دەوڵەتانە وەک مەترسی بۆ سەر وڵاتانی دراوسێ و هەموو جیهان دەزانن.

دەوڵەتان چ مافێکیان هەیە و لە پاراستنی نەزمی جیهانیدا چ ئەرکێکیان دەکەوێتە سەر شان، بە ئاشکرا لە مەنشووری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا ئاماژەی پێ کراوە. مەنشووری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کە وەک بنەمای مافە نێونەتەوەییەکان ناسراوە، گەورەترین و گرینگترین بەڵگە و پەیماننامەی جیهانییە کە لەودا هاتووە: " شووڕای ئاسایشی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە بەرامبەر مەترسی بۆ سەر ئاشتی، ئەنجامدانی تاوان بۆ تێکدانی ئاشتی یان ئەنجامدانی کردەوەی هێرشکەرانە هەڵوێست دەگرێ و بە جۆرێک کە لەگەڵ مادەکانی ٤١ و ٤٢ ناتەبایی نەبێت، پێشنیازی پێویست دەخاتە ڕوو یان بڕیار دەدا کە چ جۆر چارەسەرییەک ببیندرێتەوە"[١] لە پەراوێزی ئەم مادەیەدا ئاماژە بەوە کراوە کە

هەتا ئەو جێگەیە کە ئیمکانی هەیە دەبێ لە شێوازی ئاشتیخوازانە کەڵک وەربگیردرێ و لە چارەسەری بەشێوەی چەکداری خۆ بپارێزرێ. بەڵام ئەگەر هاتو هەموو شێوازە چارەسەرییەکان کاریگەر نەبوون، ئەوا ئاماژە بە مادەی ٥١ی مەنشوور کراوە کە لەودا "مافی خۆپاراستن بە تاک و کۆمەڵ لە بەرامبەر هێرشی چەکداریدا دراوە"[٢]

ئەگەر ئێمە مەنشووری رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان وەک بنەما دابنێین و لەوێوە پێناسەی دەوڵەتە چەتەکان بکەین، لە ڕاستیدا بۆمان دەردەکەوێ کە نەتەنیا ئەو چەند دەوڵەتەی ئاماژەپێکراو، بگرە لە پێشدا ئەمەریکا خۆی و پاشان دۆست و هاوپەیمانەکانی چ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و چ لە ئەمەریکای لاتین و چ لە شوێنەکانی تری جیهان دەکەونە ناو لیستی دەوڵەتە چەتە و قانوون نەپارێزەکان.

لیستی پێشێلکارییە یاسا نێونەتەوەییەکان و خۆتێهەڵقورتاندنە سیاسی و سەربازییەکانی ئەمەریکا لە وڵاتانی تردا ئەوەندە زۆرە کە ئاماژەکردن بەهەموویان لەم وتارە کورتەدا ناگونجێ بەڵام بەو حاڵەشەوە ئاوڕدانەوەیەکی کورت و خێرا پێویستە:

ـ لە دەیەی شەستەکانەوە هەتا ئێستا ٤٠ ساڵی ڕەبەقە کوبا کەوتووەتە بەر هەڕەشە، ئابڵووقەی ئابووری، تیرۆر و نانەوەی تەنگوچەڵەمە لەلایەن ئەمەریکاوە. هەتا ئێستا چەند جاران لەلایەن CIAیەوە نەخشەی تیرۆری فیدل کاسترۆ و کودێتا لە دژی کوبا داڕێژراوە.[٣]

ـ ساڵی ١٩٧٥، سۆهارتۆ دیکتاتۆری ئەندەنووسیا، تەیمووری ڕۆژهەڵاتی داگیر کرد، شوورای ئاسایشی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە بڕیارێکدا داوای لە ئەندەنووسیا کرد کە ئەو وڵاتە بەجێ بهێڵێ، بەڵام سۆهارتۆ کە پشتیوانیی دیپلۆماتی و سەربازی ئەمەریکای لە پشت بوو، گوێی بەم قەرارە نەدا و لە ماوەی زیاتر لە ٢٠ ساڵ درێژەی بە داگیرکاری تەیمووری ڕۆژهەڵات دا و زیاتر لە ٢٠٠ هەزار کەس لە خەڵکی ئەو وڵاتەی کوشت.[٤]

ـ دادگەی نێونەتەوەیی لاهە ساڵی ١٩٨٦ ئەمەریکای تاوانبار کرد کە لە نیکاراگوادا توندوتیژیی چەکداریی بەکار هێناوە و بە بیانووی یارمەتیی ئینسانی؛ یارمەتیی سەربازی و چەک و چۆڵی داوە بە کۆنتراگریلاکانی نیکاراگوا. هەروەها دادگەی نێونەتەوەیی داوای لە ئەمەریکا کرد کە زەرەرو زیانەکان بۆ نیکاراگوا قەرەبوو بکاتەوە. بەڵام نەتەنیا ئەمەریکا گوێی بەم بڕیارەی مەحکەمەی نێونەتەوەیی نەدا بگرە زیاتر لە جاران خۆی لە کێشەی نیکاراگوا هەڵقورتاند.[٥]

ـ کاتێک ڤێتنام ویستی پێش بە قەسابخانەکەی پۆلپۆت بگرێ، چین بە رەزامەندیی ئەمەریکا هێرشی کردە سەر ڤێتنام. دواتر کاتێک پۆلپۆت لەسەر کار لابرا ئەمەریکا یەکێک لە پشتیوانە هەرە نزیکەکانی پۆلپۆت لە بواری دیپلۆماتی و سەربازیدا بوو، پۆلپۆتێک کە وەک یەکێک لە قاتڵ و کۆمەڵکوژەکانی جیهان ناسراوە.[٦]

ـ ئەمەریکا ئەزموونی دیموکراسیی گواتمالای بەهێرشێکی سەربازی لە بەین برد و حکوومەتێکی سەربازی و دیکتاتۆریی هێنایە سەر کار کە لە ماوەی ٤٠ ساڵدا درێژەی بە حکوومەتی سەرەڕۆی خۆی دا.[٧]

ـ ساڵی ١٩٩١ ئەمەریکا ئەزموونی دیموکراسیی هایتی بە خستنە سەر ئابڵووقەی ئابووری لە بەین برد و سەرکۆماری هەڵبژێردراوی خەڵکی لەسەر کار لابرد. دۆستێکی خۆی هێنایە سەر کار کە تەنیا ١٤ لە سەدی دەنگەکانی هێنابووەوە.[٨]

ـ ساڵی ١٩٨٦ ئەمەریکا گوندەکانی لیبی بە بیانووی شیانی تیرۆر لە داهاتوودا بۆمبباران کرد و خەڵکی بێتاوانی کوشت.[٩]

ـ ئەمەریکا بەپشتبەستن بە مادەی ٥١ی مەنشووری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، واتا مافی خۆپاراستن هێرشی کردە سەر پاناما و داگیری کرد.[١٠]

ـ ئەمەریکا لە ساڵەکانی ١٩٦١ و ١٩٦٢ لە باشووری ڤێتنامدا گازی

کیمیاییی بەکار هێنا و ئێستا و ئێستاش شوێنەواری ئەو بۆمببارانە کیمیاییە لەسەر خەڵک ماون وەک نەخۆشیی شێرپەنجە و بە نوقسانی لەدایکبوونی منداڵ.[11]

ئەم کردەوانەی ئەمەریکا کە تەنیا دڵۆپێک لە دەریایەکن نیشان دەدەن کە ئەمەریکا وێڕای عێراق، ئێران و (ئەوانی تر کە لەلایەن ئەمەریکاوە وەک دەوڵەتی چەتە ناسراون)، یەکێکە لە دەوڵەتە هەرە گەورە چەتە و یاسا نەپارێزەکانی جیهان. لە روانگەی سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکاوە دەبێ پێوەندیی ئەمەریکا و دەوڵەتان لەسەر ئەساسی ملکەچبوون بۆ ئەمەریکا و پاراستنی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی ئەمەریکا دامەزرابێ، نەک لەسەر بنەمای یاسا نێونەتەوەییەکان و مەنشووری رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان.

ساڵی ١٩٩٣سەرکۆمار بیل کلینتۆن رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانی ئاگەدار کردەوە کە " ئەمەریکا ئەگەر بتوانێ ئەوە چەند لایەنە و بە هاوکاریی وڵاتانی تر دەجووڵێتەوە، ئەگەریش مەجبوور بوو ئەوا یەکلایەنە لە کێشە نەتەوەییەکاندا دەجووڵێتەوە."[12]

مادلێن ئۆلبرایت وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا سەبارەت بە کێشەی عێراق، بە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانی گوت: "رۆهەڵاتی ناوەڕاست بۆ ئێمە نەخشی ژیانیی هەیە، هەر بۆیە ئەگەر مەجبوور بووین ئەوە یەکلایەنە ... دەجووڵێینەوە و کات و شوێنی هێرشە سەربازییەکانیش بۆ خۆمان دیاری دەکەین."[13]

## ئەمەریکا و پرسگری کورد

وەک "جۆن پیلجەر" نووسەری ئینگلیزی دەڵێ: "خەریکە لە سایەی فیلمەکانی هۆلیوودەوە جینایەتەکانی ئەمەریکا لە بیر بچنەوە."[14] بەڵام لە کوردستانیش وا خەریکە لە سایەی حزبە چەپ و دیموکراتەکانەوە ناهەقییەکانی ئەمەریکا لە دژی کورد لە بیر بکرێ و ئەمەریکا وەک فریشتەی رزگاریدەری گەلانی

بندەست بناسرێ. لێرەدا ئاماژەکردن بە چەند نموونەیەک لە ناهەقییەکانی ئەمەریکا بە پێویست دەزاندرێ:

- یارمەتییە سیاسی و سەربازییەکان بە شای ئێران لە رووخاندنی کۆماری کوردستاندا رۆڵی زۆر گرینگی گێڕاوە.[١٥]

- بەکاربردنی کارتی کورد لە دژی عێراق و سۆڤیەت و پاشان پشتکردن و بەجێهێشتنی کورد لە ساڵەکانی ٧٠ دا لەلایەن ئەمەریکاوە یەکێک لە هۆکارە گرینگەکانی تێکشکانی شۆڕشی زیندەیاد مستەفا بارزانی لە ساڵی ١٩٧٥ بوو.

- ساڵی ١٩٨٤ ئەمەریکا پێوەندییەکانی خۆی لەگەڵ سەدام حوسێنی دیکتاتۆر وەک دووەم بەرهەمهێنەری نەوتی جیهان قایم کرد و دەستی سعوودیە و وڵاتانی تری عەرەبی ئاوەڵا کرد کە ئەرتەشی سەدام لە دژی ئێران و کورد بەهێز بکەن. سەدام حوسێن لە ڕۆژی ١٦ی مارسی ١٩٨٨ هەڵەبجەی بە گازی کیمیایی بۆمبباران کرد و زیاتر لە ٥ هەزار کوردی کوشت. ئەو سەردەمە سەدام حوسێن یەکێک لە دۆستەکانی ئەمەریکا لە ڕۆهەڵاتی ناوەڕاستدا بوو. کاتێک هەواڵنێری تەلەڤزیۆنی ABC بەناوی "چارلس گلاس" ١٠ مانگ دوای ڕووداوی هەڵەبجە پرسیاری لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا کرد، قسەکەری وەزارەتی دەرەوە حاشای لە ڕووداوی هەڵەبجە کرد و گوتی ئێمە ئاگامان لە هەواڵی وا نییە. ئەمە لە کاتێکدا بوو کە کارمەندانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ماوەی ساڵەکانی ١٩٨٦ و ١٩٨٧دا ڕاپۆرتیان دابوو کە عێراق گازی کیمیایی لە شەڕدا بەکار بردووە. هەروەها کارمەندانی باڵوێزخانەی ئەمەریکا لە تورکیا و سیخوڕەکانی CIA چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کوردە قوربانییەکانی گازی کیمیایی کردبوو، ئەوانیش ئەو ڕاپۆرتانەیان بۆ دەوڵەتی ئەمەریکا ناردبوو.[١٦]

- ساڵی ١٩٩٠ کورد لە باشووری کوردستان ڕادەپەڕێ و پاش قوربانییەکی زۆر کەرکووک لە دەست سەدام حوسێن ڕزگار دەکرێ، چەند ڕۆژ دواتر ئەمەریکا و هاوپەیمانەکان پێشی ئەرتەشی عێراق ئاوەڵا دەکەن و بەتایبەت

ئیجازەی فڕین بە هەلیکۆپتەرەکانی سەدام دەدرێ کە ڕاپەڕینەکەی کورد سەرکوت بکرێ و شاری کەرکووک جارێکی تر بکەوێتەوە ژێر دەستی سەدام حوسێن.

- سەرکوت، نکوولّی و بەزۆر تواندنەوەی کورد بە دەست تورکیای ئەندامی ناتۆ و دۆستی هەرە نزیکی ئەمەریکا لە ناوچە یەکێک لە پەڵە شەرمەکانی سەدەی بیستەمە بە نێوچاوانی ڕۆئاواوە. لە کاتێکدا لە ساڵەکانی نەوەتدا گەورەترین یارمەتییە ماڵی و سەربازییەکان لەلایەن ئەمەریکاوە دران بە تورکیا، تەنیا لە نێوان ساڵەکانی ١٩٩٠ هەتا ١٩٩٤ یەک میلیۆن کەس لە گوندەکانەوە بەرەو ئامەد  کۆچی زۆرەملێیان پێ کرا و ٢ میلیۆنی تر بەرەو شارەکانی تورکیا و مێترۆپۆلەکانی تورک ڕەوانە کران. تەنیا لە نێوان ساڵەکانی ١٩٩٣ و ١٩٩٤دا ٣٢٠٠ کورد لەلایەن پۆلیسی تورکیاوە کوژراون. بە هەزاران گوند کاول کراون و ژمارەی قوربانییەکان خۆی لە ٤٠ هەزار کەس نزیک دەکاتەوە. کونسێپتی تیرۆریست کە تورکیا لە پڕوپاگەندەی دژی کورددا بەکاری دەبا بەهەمان شێوەش لە ئەمەریکا لە دژی کورد بەکار دەبرێ. ڕێکخراوێکی کورد وەک (پ. ک. ک) دەخرێتە نێو لیستی تیرۆرەوە و عەبدوڵڵا ئۆجەلان بەهۆی CIAیەوە دەگیرێ و ڕادەستی تورکیا دەکرێت.

کە وایە کارنامەی ئەمەریکا لە پێوەندی لەگەڵ کوردیشدا کارنامەیەکی ڕەشە، ئەمەریکا و سیاسەتی دەرەوەی بۆ کورد بێجگە لە شەڕ خێرێکی تێدا نەبووە، چاوی ئەمەریکا تەنیا لە نەوت و سامانی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاستە نەک شتی تر، کوردیش لەم نێوەدا تەنیا قوربانییەکە وەک هەزاران قوربانیی تر لە جیهاندا.

## ئەمەریکا و دۆستە دیکتاتۆرەکانی

لە ڕاستیدا ئەمەریکا ئەوەندە دۆستی دیکتاتۆری هەبوون و هەن کە لە ژماردن نایەن، بەڵام تەنیا ناوهێنان و وەبیرخستنەوەی ژمارەیەکیان ڕەنگە بێ کەڵک نەبێت: سۆهارتۆ، مارکووس، مووبووتۆ، ترۆیجیلیۆ، دڤالیە، نۆریێگا، پینۆشە،

شا حوسێن، شای ئێران، جەنەراڵە تورکەکان، بنەماڵەی ئیبن سعود، ئەنوەر سادات، حوسنی موبارەک، جەنەراڵە پاکستانییەکان، شا حەسەن و کوڕەکەی لە مەغریب، سەدام حوسێن دۆستی کۆن و دوژمنی دواتر، تاڵەبانەکان دۆستانی قەدیمی و دوژمنانی ئیمڕۆیی، ئاریەل شارۆن و...

ـ پێویست بە نموونە هێنانەوەی زیاتر ناکا، تەنیا ئاماژەکردن بە کۆڵۆمبیا دەتوانێ بەس بێ.

دەوڵەتی کۆڵۆمبیا یەکێک لە دۆستە نزیکەکانی ئەمەریکا لە ئەمەریکای لاتینە. بەپێی راپۆرتێک کە لەلایەن وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا خۆیەوە بلاوکراوەتەوە سالانە چەندە خەڵکی بێتاوان لە کۆسۆڤۆ بەدەستی سیربەکان دەکوژران، ئەوەندەش لە کۆڵۆمبیا بە دەستی هێزە سەربازییەکان دەکوژرێ. لە کۆسۆڤۆ ئەمەریکا و ناتۆ هەڵوێست دەگرن و شەڕ لە دژی میلۆسۆڤیچ رادەگەیەنن، بەلام لە کۆڵۆمبیا چەک و چۆڵی زیاتر بە سەربازییەکان دەدرێ. لە کۆڵۆمبیادا زیاتر لە یەک میلیۆن ئینسان بە دەستی حکوومەت و هێزە میلیسەکانەوە هەلاتوون و لەسەر خاک و ولاتی خۆیان ئاوارە و سەرگەردان کراون.[١٨]

***

راستە دەوڵەتەکانی رۆهەلاتی ناوەراست و ئەوانی تر لە جیهان چەتەن، بەلام گەورەترین دەوڵەتی چەتە و یاسانەپارێز ئەمەریکا خۆیەتی؛ کە هەتا ئێستا بە دەیان قەراری رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانی لەژێر پێ ناوە و لە کێشە نێونەتەوەییەکاندا سەربەخۆ دەجووڵێتەوە، بێجگە لەوە ئەمەریکا لەبەر قازانجە ئابوورییەکانی دۆستایەتیی گەرمی ژمارەیەکی زۆر دیکتاتۆر لە جیهاندا دەکا و لە راستیدا هۆکارێکی هەرە گرینگە لە رێگەگرتن بە پرۆسەی دیموکراسی و ئازادی لە ولاتانی دیکتاتۆری لێدراودا، ئەوەی بگەڕێتەوە سەر کێشەی کورد هەتا ئێستا ئەمەریکا مامەڵەی لەگەڵ ولاتان لەسەر حیسابی کورد کردووە و سیاسەتێکی دووڕوویی و دوور لە ئەخلاقی لەسەر کورد بەکار هێناوە لە کاتێکدا بۆ دژایەتی لەگەڵ سەدام حوسێن کارتی کورد بەکار دێنێ

و خۆی بە هاوپەیمانیی کورد لەو بەشەی کوردستاندا دەزانێ بەڵام لەلایەکی تر لە باکوری کوردستان، وێرای تورکیای هاوپەیمانی بەشداری لە کوشت و بڕی کورد دەکا، ئەوەش بگەڕێتەوە سەر نەزمی جیهانی و ڕۆڵی ئەمەریکا وەک تاکە زلهێزی جیهان ڕاستییەکەی ئەوەیە وەک چامسکی دەڵێ ناولێنانی ئەمەریکا وەک "پۆلیسی جیهانی" گەورەترین بێ حورمەتییەکە هەتا ئێستا بە پۆلیس کرابێ، چونکە ئەگەر پۆلیس سیمبۆلی پاراستنی نەزم و یاسا بێ ئەوە ئەمەریکا سیمبۆلی تێکدەری، پشێوی و کوێخایەتییە.

سەرچاوەکان:

(1) Skurk Stater, Noam Chomsky, 2001, p.20

(٢) هەمان سەرچاوە، ل٢١.

(3) Terror föder terror, John Pilger, 2001, Aftonbladet

(4) Skurk Stater, Noam Chomsky, 2001, p. 9-8

(٥) هەمان سەرچاوە، ل١٠.

(٦) هەمان سەرچاوە، ل١٦.

(٧، ٨) هەمان سەرچاوە، ل١٧.

(٩، ١٠) هەمان سەرچاوە، لاپەڕەکانی ٢٦، ٢٧.

(11) Terror föder terror, John Pilger, 2001, Aftonbladet

(12,13) Skurk stater, Noam Chomsky, 2001, p. 24

( 14) Vem är krigsförbryttare?, J Pilger, 2002, Proletär

(15) USA:s roll i Mellanöster, Per Jönsson, september, 2001, DN

(16,17) Skurk Stater, N Chomsky, 2001. p. 36-37 , 56-57

(١٨،١٩) هەمان سەرچاوە ل ٥٥.

# پێشوەچوونەکانی ئیمڕۆییی دین

## تێڕوانینێکی کۆمەڵناسانە بۆ سەر فۆندامەنتالیزمی ئیسلامی

ئانتۆنی گیدەنس

کۆمەڵناسە گەورەکانی وەک کارل مارکس، ئیمیل دورکهەیم و ماکس وێبر، هەرسێ لەسەر ئەو باوەڕە بوون بە بەرەوپێشچوونی کۆمەڵ و لە جیهانی مۆدێرندا، دینە ترادیسیۆنەکان هەردەم زیاتر لە باو دەکەون و مارژینالتر دەبن. سێکولاریزاسیۆن، ڕەوتێکە کە هەردەم زیاتر لە گەشەبووندا دەبێ و ناکرێ پێشی پێ بگیردرێ. لەو سێ کۆمەڵناسە تەنیا ماکس وێبر بوو کە پێشبینیی ئەوەی کردبوو کە دینی ترادیسیۆنی ئیسلام بە قۆناغێکی نوێبوونەوەی بنەڕەتیدا تێ دەپەڕێ و سەرئەنجام دەبێتە بەردی بناخە بۆ ڕووداوە گرینگە سیاسییەکان لە کۆتاییی سەدەی بیستەمدا. ئەم پێشبینییەی ماکس وێبر ڕاست لە ساڵی ١٩٨٠دا لە ئێران بە سەرهەڵدانی شۆڕشی ئیسلامی وەڕاست گەڕا. لەم ساڵانەی دواییدا فۆندامەنتالیزمی ئیسلامی کە لەسەر تێگەیشتن و موو بەموو جێبەجێکردنی دەقە پیرۆزەکان پێ دادەگرێ، ڕۆڵی گرینگیان لە ئاڵوگۆڕەکان لە وڵاتانی تری وەک میسر، سووریا، لبنان و جەزائیر گێڕاوە. هۆی سەرهەڵدانی فۆندامەنتالیزمی ئیسلامی چییە؟ و بۆ ئیسلام کەوتووەتە بەر سیلەی ئاڵوگۆڕ و نوێکاری لەم چەشنە؟ ئەو پرسیارانەن کە لێرەدا هەوڵ دەدرێ، وەڵامیان بدرێتەوە.

### پێشوەچوونی بیروباوەڕی ئیسلامی

بۆ ئەوەی لە سەرهەڵدانی فۆندامەنتالیزمی ئیسلامی تێ بگەین، پێویستە هەم ئیسلام وەک دینێکی ترادیسیۆن و هەمیش ئەو ئاڵوگۆڕە جیهانییانەی کە

لەسـەر ئەو وڵاتە ئیسـلامیـیانەی کـە فۆندامـەنتالیـزمی ئیسـلامیی تێـدایە، کاریگەر و شوێندانەر بوونە، هەردوو بخەینە بەر تیشکی لێکدانەوە.

ئیسلام هەروەک دینی کریستیان ئەو توانایەی تێدایە کە لایەنگرانی خۆی بەرەو جموجۆڵ و تێکۆشان هان بدا. قورئان وەک کتێبی پیرۆزی ئیسلام، پڕیەتی لە ئامۆژگاریی وا کە چۆن موسڵمانێک لە ڕێگەی خوا و بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی خوا خەبات بکا. بەپێی قورئان خەباتی موسڵمانان دەبێ هەم لە دژی کافرەکان بێ و هەمیش لە دژی ئەو کەسانە بێ کە بایەخە ئیسلامییەکان هەرزانفرۆش دەکەن. لە دەسپێکی هەزارەی دووەمدا زۆر نەسڵی جۆرەوجۆری ریفۆرمخواز نەوە لە دوای نەوە هاتن و ریفۆرمیان لە ئیسلامدا پەرە پێ دا. ئەم دیاردەی ریفۆرم و نوێگەرییە هەروەک چۆنیش لەنێو کریستیاندا تەجروبە کرا، ئیسلامی کرد بە چەند لەتەوە و پارچە پارچەی کرد.

هەر لە سەرەتای مێژووی ئیسلامەتیدا، خەواریجەکان و پاشان شیعەکان ئیسلامی ئورتۆدوکسیان بەجێ هێشت و ڕێبازی جیاوازیی خۆیان پێک هێنا. خەواریجەکان یەکەم سێکتن کە لەنێو ئیسلامدا سەریان هەڵدا، ئەوان بە توندی لەسەر مافی وەک یەک پێیان دادەگرت و لە هەموو جۆرە ئیمتیازێکی مادی و خۆش ڕابواردنێک دوورەپەرێزییان دەکرد و ئەو موسڵمانانەش کە گەیشتبوون بە ماڵ و مەقام و ڕابواردن لە چاوێلکەی خەواریجەکاندا تووشی تاوان هاتبوون و بە موسڵمانی ڕاستینە نەدەناسێندران. ئەگەرچی تەمەنی خەواریجەکان وەک سێکت "فیرقە" زۆر درێژ نەبوو، بەڵام شوێنەوار و کارکردی گرینگیان لە پاش خۆیان بەجێ هێشت و تەواوی بزووتنەوە فۆندەمەنتالیستەکان کە دواتر دەیانەویست لە نوێکردنەوەی ئیسلامدا ڕۆڵ بگێڕن و ئیسلام بگەڕێننەوە بۆ سەر بنەما ڕاستینەکانی خۆی، کەم و زۆر لەژێر کاریگەری بیری خەواریجیدا بوون.

دووەم سێکتی گەورەی ئیسلامی شیعەکانن کە ئیمڕۆکە وەک هێزێکی گرینگ دەژمێردرێن. شیعەیزم مەزهەبی فەرمیی ئێرانە و سەرچاوەی سەرهەڵدانی شۆڕشی ئیسلامیی ئێرانیش هەر بۆ ئەم مەزهەبە دەگەڕێتەوە.

شیعەکان بنج و بناوانی خۆیان دەگەڕێننەوە بۆ ئیمامی عەلی کە سیاسەتوان و سەرۆکێکی گەورەی ئیسلام لە سەدەی شەشەمدا بوو... شیعەیزم هەر لە سەدەی ١٦ بە دواوە، مەزهەبی فەرمیی ئێران بووە و هەروەها وەک مەزهەبی زۆر کەمایەتیی گەورە گەورە لە وڵاتانی رۆهەڵاتی ناوەڕاستدا بە پەسند کراوە. شیعەکان بێجگە لە ئێران لە وڵاتانی وەک عێراق، تورکیا، عەرەبستانی سعوودی، پاکستان و هیندستاندا دەژین. دەسەڵاتی سیاسی – ئیسلامی [لە زۆربەی ئەو وڵاتانەدا] لە دەستی زۆرایەتی، سوننییەکانەوەیە. وەک چۆن لە قورئاندا هاتووە و هەروەها وەک چۆنیش لە ڕێ و شوێن و ترادیسیۆنیش پارێزراوە، لەنێو ئیسلامدا رێگە بە بیروباوەڕ و رێبازی جۆرەوجۆری (مەزهەبی) دەدرێ. بیروباوەڕی سوننە بە شێوەیەکی زۆر بەرچاو گۆڕانی بەسەردا هاتووە و بەتایبەت لەم دوو، سێسەد ساڵەی دواییدا، کاریگەری رۆئاوای بەسەرەوە دیارە.

## ئیسلام و رۆئاوا

لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، شەڕ و کێشەی نێوان کریستیان لە ئەوروپا و جیهانی ئیسلامی کە دەسەڵاتیان بەسەر بەشێکی زۆر لەو وڵاتانەی کە ئیمڕۆ ئیسپانیا، یۆنان، یوگسلافیا، بولغارستان و رۆمانی پێ دەگوترێ، هەبووە و کەم و زۆر بەردەوام بوو. لە سەدەکانی ١٦ و ١٧دا کریستیانەکان ناوچە داگیرکراوەکانیان لەژێر دەستی موسڵمانەکان دەرهێنا. ئەم تێکشکانەی موسڵمانەکان [وەدەرنانیان لە ئەوروپا] زۆر شوێنەواری قووڵ و رووخێنەری لەسەر دین و کولتووری ئیسلامەتی دانا. چونکە هەتا ئەودەم پان ئیسلامیستەکان پێیان وابوو، ئەوە ئەوانن کە باشترین و پێشکەوتووترین جۆری کۆمەڵگەیان لە جیهاندا دامەزراندووە. لە کۆتاییی سەدەی ١٩دا، کاتێک بە یەقین دەرکەوت کە ئیتر جیهانی ئیسلامی ناتوانێ پێش بە پرش و لێک بڵاوبوونەوەی خۆی لە بەرانبەر کولتووری رۆئاوادا بگرێ، ئەوە زۆر بزووتنەوەی نوێخوازی ئیسلامی کە ئامانجیان گەڕانەوەی ئیسلام بۆ [کاتە

زێڕینەکان] بوو، دامەزران. جۆرێک بیرکردنەوەی باو ئەوە بوو کە دەکرێ ئیسلام لە بەرانبەر مەترسییەکانی رۆئاوادا خۆ ڕابگرێ، ئەگەر بێتو موسڵمانەکان یاسا خۆماڵییەکان داڕێژنەوە و پاراستنی رێوشوێن و عورف و عاداتی مەزهەبی بەهێز بکەن.

ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە لە سەدەی بیستەمدا، لە شێوازی جۆرەوجۆردا گەشەی ئەستاند، سەرهەڵدانی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران لە ساڵەکانی ١٩٧٩–١٩٧٨ لە بنەڕەتدا، دەگەڕێتەوە بۆ جۆرە بیرکردنەوەیەکی ئەوتۆ. شۆڕشی ئیسلامی وزە و توانای خۆی لە دژایەتیکردنێکی گشتی لە بەرانبەر شای ئێران، حەمە ڕەزای پەهلەوی وەردەگرت کە لەژێر کاریگەری رۆئاوا بە تەمای مۆدێرنیزەکردنی ئێران وەک جێبەجێکردنی ریفۆرمی کشتوکاڵ، مافی دەنگدانی ژن، هەبوونی قوتابخانەی ئازاد و دوور لە دەسەڵاتی دین و مزگەوت، بوو. ئەو بزووتنەوەیە کە شای ڕووخاند، زۆر گرووپ و لایەنی بەبیروڕای جیاوازەوە لە دەوری یەکتری کۆ کردەوە، کە زۆر لەوان هیچ چەشنە پێوەندییەکیان لەگەڵ فۆندامەنتالیزمی ئیسلامی نەبوو.

پێشەنگ و جڵەوداری شۆڕش، ئایەتوڵڵا خومەینی بوو کە دەرک و خوێندنەوەیەکی رادیکاڵی لە بیروباوەڕە مەزهەبییەکانی شیعە هەبوو. خومەینی داوودەزگای بەڕێوەبەریەتی وای رێک خست کە لەگەڵ یاسا کۆن و ترادیسیۆنە ئیسلامییەکان یەک دەهاتەوە. شۆڕشی ئیسلامی مەزهەبێکی لەو چەشنەی دەویست کە بە تەواوەتی لەگەڵ قورئان بێتەوە، واتە مەزهەبێک کە بەسەر هەموو بوارێکی سیاسی ـ ئابووریی ژیانی خەڵکدا دەسەڵاتی هەبێ. لە سەردەمی لەدایکبوونەوەی نوێی یاسا ئیسلامییەکاندا، ژن و پیاو لەیەک جوێ کرانەوە، ژنان ناچار کران لە شوێنە گشتییەکاندا سەروڕووی خۆیان داپۆشن، هاوجینسگەراکان سزای مردنیان لەسەر سەپێندرا و لادان لە چوارچێوەی پێوەندیی ژن و مێردایەتی بەدەر بەنرخی تاوانی مردن تەواو کرا. دەبێ بگوترێ کە جێبەجێکردنی ئەم یاسا توند و تیژانە هەروەها رەهەندی بەهێزی هەستی نەتەوایەتی لە پشت راوەستا کە بەتایبەتی لەگەڵ هەر شوێن

و کاریگەرییەکی کولتووری ڕۆئاوا لە دژی رادەوەستا.

ئەگەرچی ئەو بیروباوەڕە سەرەکییەی کە شۆڕشی ئیسلامیی ئێرانی لەسەر دامەزرابوو، پەرەپێدانی شۆڕش لە هەموو جیهانی ئیسلامەتی لە دژی ڕۆئاوا بوو، بەڵام ئەم ئامانجە لەو وڵاتانەی کە کەمایەتیی شیعەی تێدا بوو، وەدی نەهات و شۆڕشی ئیسلامی لەم پێوەندییەدا سەرنەکەوت. وەلێ جێگەی سەرنجە کە فۆندامەنتالیزمی ئیسلامی و بزووتنەوەی ڕەنگاوڕەنگە وشیارکەرەوەکانی ئیسلامی لەژێر کاریگەری شۆڕشی ئیسلامیی ئێراندا بەشێوەیەکی پان و بەرین لە جیهانی ئیسلامەتیدا پەرەی ئەستاند. یەکێک لە ئامانجەکانی کۆماری ئیسلامی دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئیسلامی بوو، واتە دەوڵەتێک کە داوودەزگاکانی بەشێوەیەکی ئیسلامی رێک خرابێ و هەروەها تێکڕای کۆمەڵگە حوکمە ئیسلامییەکانی لە هەموو بوارەکاندا بەسەردا زاڵ کرابێ، بەڵام گەیشتن بە ئامانجێکی وا هێشتا رێگەیەکی دووری بۆ برین لەبەر ماوە و ئەم ڕەوتی [ئیسلامیکردنە] هێشتا بە تەواوەتی نەگەیشتووەتە چڵەپۆپە و هێشتا زۆر دەستە و تاقم هەن کە لە دژی دەردەکەون.

زوبەیدە (لە زانستگەی کالیفۆرنیای ئەمەریکا) دەزگای بەڕێوەبەری و دەسەڵاتداریەتیی ئێران بەسەر سێ گرووپدا دابەش دەکا کە لەنێو یەکدا لە دژی یەکتری و ململانێ و بەربەرەکانێدان:

ڕادیکاڵەکان:

ئەمانە ئێستاش دەیانەوێ پەرە بە شۆڕش بدەن و شۆڕشی ئیسلامی بەشێوەیەکی لێبراوانەتر بۆ دەرەوە بنێردرێ.

کونسیرڤاتیڤەکان، کۆنەپارێزەکان:

ئەم گرووپە بەزۆری لەو تێکۆشەرە مەزهەبییانە پێک دێت کە لەو باوەڕەدان، شۆڕشی ئیسلامی ئێستا گەیشتووەتە ئاستێکی لەبار و بەڕادەی پێویست پێگەیشتووە و هەر بۆیە دەبێ لەمەوبەدوا بپارێزرێ، واتە کەسانێکن کە بۆ خۆیان بە پلە و پایە گەیشتوون و زیاتر لە بیری پاراستنی پلەی خۆیاندان.

پراگماتیکەکان:

ئەمانە باوەڕیان بە ڕیفۆرمی ئابووری هەیە و دەیانەوێ بازاڕی نێوەخۆ باوەش بۆ بازاڕی دەرەوە ئاوەڵا بکا و سەرمایەداری بێگانە بتوانن سەرمایەکانی خۆیان لە ئێراندا وەگەڕ بخەن و بەگشتی ئەمانە باوەڕیان بە بازاڕ و تیجارەتی ئازاد هەیە. هەروەها ئەم گرووپە لە دژی بەکارهێنانی دەقاودەقی یاسا ئیسلامییەکان لەسەر ژنان، بنەماڵە و سیستەمی قەزایین. ئەم تاقمە زۆر جاران لە بەرانبەر باڵی ڕادیکاڵدا هەڵوێست دەگرن و لە دژیان رادەوەستن.

زوبەیدە لەو باوەڕەدایە، بەو شێوەیە کە مەزەندە دەکرا، شۆڕشی ئیسلامی نەیتوانیوە بە پان و بەرینی، سیستەمی کۆنی بەڕێوەبەری ڕۆژئاواییی سەردەمی شا و هەروەها شێوە ژیانی خەڵکی بگۆڕێ. کۆماری ئیسلامی زۆربەی یاساکان لە پێوەندی لەگەڵ بنەماڵە کە ڕێژیمی پێشوو داینابوو، نەگۆڕیوە و وەک خۆی هێشتوویەتەوە. هەروەها ژنان لە کۆمەڵگەی ئێراندا ڕۆڵێکی چالاکانەتر دەگێڕن لە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی تری ئیسلامی وەک عەرەبستانی سعوودی.

## بڵاوبوونەوەی ئیسلامێکی سەرلەنوێ لەدایکبوو

ناکرێ تەنیا لە تێرمە مەزهەبییەکاندا، ئیسلامی سەرلەنوێ لەدایکبوو ببینینەوە و تێی بگەین، بگرە پێویستە ئەم سەرهەڵدانە نوێیە وەک دژکردەوەیەک لە بەرانبەر کاریگەری و دەسەڵاتی ڕۆژئاواش ببیندرێ و لێ بکۆڵدرێتەوە. واتە دژکردەوەیەک کە دەیەوێ بایەخە کولتووری و نەتەوایەتییەکانی خۆماڵی لە بەرانبەر ڕۆژئاوادا بەهێز بکا. هەروەها بێ سوود و ناتەواویشە کە وشیاریی نوێی ئیسلامی تەنانەت بە جۆری زۆر فۆندەمەنتالیستیشیەوە تەنیا وەک نوێکردنەوەی باوەڕە ترادیسیۆنە ئیسلامییەکان ببیندرێ. ئەوەی کە لەو ماوەیەدا لە [وڵاتانی ئیسلامی] ڕووی

داوه زۆر لەوە پێچەڵپێچ و بە گرێ و گۆڵترە کە هەروا [بە سانایی بەسەریاندا باز بدەن...] لەم چەند دەیەی دواییدا بزووتنەوە فۆندەمەنتالیستە ئیسلامییەکان لە زۆر وڵات لە باکوری ئەفریقیا، ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست و باشووری ئەفریقیا شوێن و کاریگەری زۆریان لەسەر موسڵمانەکان داناوە. لەم پێوەندییەدا جەزائیر دەتوانێ نموونەیەکی باش بێ. لە دیسەمبەری ١٩٩١دا "بەرەی نیجاتی ئیسلامی" سەرکەوتنێکی گەورەی لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەماندا وەدەست هێنا. ئامانجە سیاسییەکانی "بەرەی نیجاتی ئیسلامی" ئەوە بوو کە دەوڵەتێکی ئیسلامیی وەک دەوڵەتی ئیسلامیی ئێران لە جەزائیر دابمەرزێنێ. بەڵام ئەرتەش خۆی لە بارودۆخەکە هەڵقورتاند و ئاکامی هەڵبژاردنەکانی هەڵوەشاوە ڕاگەیاند.

## لێک هەڵبەزینەوەی نێوان شارستانییەتەکان

زۆر کەسان لەو بارەیەوە نیگەران و ئاڵۆزن کە جیهانی ئیسلامەتی وەدوای بەرگری لێکردن و دڵسۆزی نواندن بۆ بەشێک لە دنیا بکەوێ کە لە ڕاستیدا ئەو بەشە لە دنیا چارەی [ئیسلامی سیاسی] نەوێ و وەک وان بیر نەکەنەوە. وا دێتە پێش چاو، وڵاتانی ئیسلامی لە بەرانبەر شەپۆلی دیموکراتیزەکردندا کەڕ و بێدەنگن و خۆیان لە دنیا دابڕیوە و تەریک خستووتەوە. لەو ٣٩ وڵاتە ئیسلامییەی کە ئیمڕۆ لە جیهاندا هەن، تەنیا ژمارەیەکی کەمیان دەکرێ بە ناوی "لیبراڵ دیموکراتیک" ناوزەد بکرێن. تورکیا یەکێک لەو وڵاتانەیە، بەڵام لەوێش ماوەیەکی زۆر دوور و درێژە کە سەربازییەکان حوکم دەکەن.

لە هێندێک وڵاتی (ئیسلامی)دا کە سەردەمانێک کەم تا زۆر دیموکراسییەک هەبوو، ئەویش نەماوە یان کەوتووەتە ژێر زەخت و تەوژمی هەلومەرجی تایبەتی و بەناو نائاسایی (جەزائیر). ئەگەر بێتو بزووتنەوەی ئیسلامی لە جەزائیردا دەسەڵات بە دەستەوە بگرێ، زۆر وڵاتی تریش بە دوایدا دەڕۆن. وڵاتی میسر کە حەشیمەتی ٥٥ میلیۆن کەسە، شەڕوانانی ئیسلامی تایبەت بە خۆی هەیە کە ئەوانیش بە تەمای دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئیسلامی لەو

وڵاتەن. لە وڵاتانی مەغریب و لبنانیش هەر هەمان هەلومەرج لە گۆڕێدایە.

سیاسەتزان، سامۆئیل هانتینگتۆن "Samuel Hantington" لەو باوەڕەدایە کە خەبات و ململانێی نێوان ئیسلام و رۆژئاوا لە پاش نەمانی شەڕی سارد و پەرە گرتنی گلۆبالیزم دەکرێ ببێتە بەشێک لە کێشەیەکی جیهانی کە بە ناوی "لێک هەڵبەزینەوەی نێوان شارستانییەتەکان" ناسراوە. ئیتر لەمەودوا دەوڵەتە نەتەوەییەکان گرینگترین فاکتۆر لە پێوەندییە نێونەتەوەییەکاندا نین. لەمەو بەدوا شەڕ و کێشەکان لە شێوەی کێشەی نێوان کولتوورە گەورەکان و شارستانییەتەکاندا رەنگ دەدەنەوە. ئێمە هەر لەو ماوەیەدا شایەتی کێشەیەکی ئاوەها لە بۆسنیا بووین کە لەوێدا بۆسنییە موسڵمانەکان لە دژی سێربەکان وەک نوێنەری کولتووری کریستیانی شەڕیان کرد.

دوو مەزهەبی ئیسلام و کریستیان هەریەکە لەلایەکەوە لەسەر ڕاست و ڕەوابوونی خۆیان و هەروەها ڕاستینە و خواییبوونی خۆیان پێ دادەگرن. کریستیانەکان فێر بوون کە لەگەڵ کاپیتالیزم و دیموکراسی بژین و ئەگەریش باوەڕمان بە قسەکانی ماکس وێبر هەبێ، ئەوە دیاردەکانی وەک کاپیتالیزم و دیموکراسی لەژێر کاریگەری دینی کریستیان (پرۆتیسیتاتیزم) سەریان هەڵداوە. بۆ زۆر کەس لە موسڵمانە "بە باوەڕەکان" گونجاندنێک لەو چەشنە لە ئیسلامدا زۆر ئەستەمە. ئەوان پێیان وایە بازاڕی کاپیتالیستی و دیموکراسی لیبراڵ تەنیا نیشانە و نموونەی دەرکەوتنی ئیمپریالیزمی رۆژئاوان و هیچی تر. لەنێو ئیسلامدا جیاوازییەک لە نێوان ژیانی شەخسی و کاروباری ئیداری و فەرمیدا نابیندرێ.

هەروەها ناکرێ لە بیر بکەین کە ئەم دوو دینە زۆر لایەن و دیوی هاوبەشیان هەیە، هەتاکو لایەن و دیوی دژ بەیەک. ئەمەش لە خۆیدا شتێکی زۆر سەیر نییە، چونکە ئەم دوو دینە لە بنج و بناوانەوە زۆر وەک یەک دەچن. هەر کام لەم دوو دینانە لە درێژایی مێژوودا بە سەدان شەڕی گەورە و خوێناوییان قەوماندووە. بەڵام لەلایەکی تریشەوە هەردوو دین خاوەنی تradیسیۆنی بەهێزی هێوری و سەبر و تۆلێرانسن. من هیوادارم ئەم دوو

کولتووره زۆر باشتر بتوانن به شێوەیەکی ئاشتیخوازانه و دوور له شەڕ، پێکەوه لەگەڵ یەکتری بژین.

پەراوێزەکانی وەرگێڕ:

ـ ئەم نووسینه له کتێبی کۆمەڵناسی "Sociologi" له نووسینی ئانتۆنی گیدەنس، له زمانی سوێدییەوه وەرگێڕدراوه، ئەم کتێبه تایبەت بۆ خوێندکارانی کۆمەڵناسی له زانستگەکانی ئەوروپادا نووسراوه و هەر ساڵ لەلایەن پرۆفیسۆر گیدێتنییەوه بابەتی نوێی لێ زیاد دەکرێ.

ـ ئانتۆنی گیدەنس خەڵکی بەریتانیا و پرۆفیسۆری کۆمەڵناسییه له لەندەن و هەروەها یەکێک له فەیلەسووفه ناودارەکانی سەردەمه. گیدەنس هەتا ئێستا به دەیان کتێبی له بواری کۆمەڵناسیدا نووسیوه و له کۆمەڵناسیدا قوتابخانەی تایبەت به خۆی هەیه و لەسەر Structuralism تیئۆرییەکی نوێی داهێناوه.

ـ ئانتۆنی گیدەنس ئەم کتێبەی پێش له کارەساتی ١١ی سێپتەمبەر نووسیوه و هەر بۆیه لەم بەشه له نووسینەکەدا که بەشێکی سەربەخۆیه به ناوی "دین" رووداوەکان و ئاڵوگۆڕەکانی پاش ١١ی سێپتەمبەر رەنگی نەداوەتەوه.

ـ تیئۆرییەکی ساموئیل واته "لێک هەڵبەزینی شارستانییەکان" به تایبەتی له پاش ١١ی سێپتەمبەر کەوته بەر رەخنه و گازندەی رووناکبیرانی گەورەی وەک ئیدوارد سەعید و هی تر و بەتایبەتی بیرکردنەوەیەکی لەو بابەته که کێشەکان زیاتر قووڵ بکاتەوه و له روویەکی ترەوه دەستی سیاسەتوانانی ئەمەریکای بۆ شەڕفرۆشتن به وڵاتانی تر لەژێر ناوی شەڕ له دژی دواکەوتوویی و ناشارستانییەتی ئاوەڵا بکا.

# چۆن ئیسلام زانستی وەدەست هێنا و چۆنیش لە کیسی دا

دەنیس ئۆڤربەی
کۆواری: Tempus لە سوێد

کاتێک "هۆلاکۆ" نەوەی جەنگیزخانی مەغۆل لە ساڵی ١٢٥٦دا بە لەشکرێکی گەورەوە دەورەی شاری "هەڵەمووت"ی دا، رووناکبیری هەرە گەورەی ئەو سەردەمە "ناسرەدین تووسی" خەریکی لێکۆڵینەوەی زانستی لە بواری ئەستێرەناسی، ئەخلاق، ماتماتیک و فەلسەفەدا بوو هەتا ئەودەمە بە دەیان پەرتووکی لەو بوارانەدا نووسیبوو. تەنیا هۆیەک کە ناسرەدینی لەوێ نیشتەجێ کردبوو بوونی کتێبخانەیەکی گەورە لەو شارەدا بوو. کە "هۆلاکۆ" شاری داگیر کرد، "تووسی" لەگەڵی کەوت. دواتر "هۆلاکۆ" شاری بەغداشی داگیر کرد و بوو بە دەسەڵاتداری هەرە گەورەی ناوچە. "هۆلاکۆ" بە پاسی ئەمەگناسی بۆ "تووسی" بینایەکی گەورەی بۆ لێکۆڵینەوە لە شاری مەراغەی باکوری رۆئاوای ئێستای ئێران بۆ ساز کرد.

## یۆنانییەکان و قورئان رێگەیان پێشان دا

ئەوەی کە بوو بەهۆی گۆڕانی ئایدۆلۆجیا لەلای "ناسرەدینی تووسی" واتە لە فیرقەی توندڕۆی شیعەی حەشیشەخۆری تیرۆریستییەوە دەست هەڵبگرێ و لەگەڵ "هۆلاکۆ"ی مەغۆل بکەوێ، تەنیا لەبەر ئەوە بوو کە تووسی بە دوای ئیمکاناتەوە بوو کە لێکۆڵینەوەکانی بەردەوام بکا و گرینگ بۆ ئەو کاری زانستی بوو نەک بەستراوەیی ئایدۆلۆجیا. بەپێی قسەی پسپۆڕانی زانستی رێگەخۆشکەری ئەستێرەناسی مۆدێرن "تووسی" و قوتابییەکانین کە لە سەدەکانی ١٢ و ١٣دا زانستی ئەستێرەناسییان لە شارەکانی "هەڵەمووت" و

"مەراغە"دا پەرە پێ دابوو. نەتەنیا ئەستێرەناسی بگرە هەموو زانستەکانی تر لە ڕێگەی "ئاتێنەوە" بۆ "ئەلەکساندریا"، بەغدا، "شام " و "کوردۆبا"ی ئیسپانیا لە نێوان کۆشکی خەلیفەکان و ژووری تاریکی کیمیازانانەدا لە خولانەوەدا بووە. موسڵمانەکان کە لە قورئاندا ئامۆژگاری کراون کە بە دوای زانستدا بگەڕێن و نیشانەکانی بوونی خوا لە سروشتدا ببیننەوە، لەژێر شوێندانەری زانستی کۆنی یۆنانییەکاندا بوون کە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا گەورەترین ناوەندی لێکۆڵینەوەی زانستییان لە جیهاندا دامەزراند. لە ماوەی ٥٠٠ ساڵدا زمانی عەرەبی هاومانا بووە لەگەڵ فێربوون و زانست. ئێستا شوێنەوارە زێڕینەکانی ئەو سەردەمە لە زانستگە پێشکەوتووەکانی ئێستادا وەک "جەبر" لە ماتماتیک، "ناوی ئەستێرەکان" و تێڕوانین بۆ "زانست وەک ئاکامی لێکۆڵینەوە" هەر ماوە.

دوکتۆر جەمیل راغیب، پرۆفیسۆری مێژووی زانست لە زانستگەی "ئۆکلاهاما"ی ئەمەریکا، دەڵێ:"هەتا سەرەتای سەدەی شازدە، ئەورووپا شتێکی وای نەبوو کە لەگەڵ دنیای ئیسلامدا بەراورد بکرێ." بەپێی قسەی مێژووناسەکان هەر زانستەکانی رۆهەڵات و دنیای ئیسلامەتی بوو کە وزەی خستە ڕێنسانس و شۆڕشی زانستی لە ئەورووپای رۆئاوا پێک هات. عەبدولحەمید سەبرا پرۆفیسۆری خانەنشین لە زانستگەی "هاروارد" دەڵێ: "شارستانییەکان لێک هەڵناپرژێن بگرە لە یەکتر فێر دەبن و ئیسلامیش لەو بارەوە نموونەیەکی باشە." پێوەندیی رووناکبیری نێوان ئیسلام و یۆنانییەکان بە یەکێک لە گەورەترین رووداوەکانی مێژوو دادەنرێ، بەپێی قسەی "سەبرا" ئەم پێوەندییە نەک تەنیا شوێنەواری گەورەی لەسەر ئیسلام دانا بگرە لەسەر ئەورووپا و هەموو جیهانیشی دانا.

## وێنە دژ بەیەکەکان

دوکتۆر عوسمان بەکر لە زانستگەی "جۆرج تاون" دەڵێ: " هیچ دژایەتییەک لە نێوان ئیسلام و زانستدا نییە." فاروق ئەلباز" جوگرافیزان کە کاتی خۆی

ڕاوێژکاری سەرکۆماری میسری" ئەنوەر سادات" بووە. دەڵێ: "هەتاکو پتر بزانی زیاتر بوونی خوات لەلا دەسەلمێندرێ." یەکەم موسڵمانی خەڵاتی نۆبێل لە فیزیکدا عەبدول سەلام وتی: شتێک بە ناوی زانستی مودێرنی ئیسلامی نییە و هەر ئاواش لە ڕۆئاوا لەسەر ئیسلام بیر دەکرێتەوە، ئەمەش لە خۆیدا بووەتە مایەی دڵشکاویی هێندێک لە زانایان لە وڵاتانی ئیسلامیدا. بەپێی قسەی دوکتۆر بەکر، پێوەندیی نێوان زانست و ئیسلام، یەکێک لە دەجەلە گەرمەکانی نێو وڵاتانی ئیسلامییە. بەشێک پێیان وایە دەبێ زانستێکی وا لە وڵاتانی ئیسلامی پەرە پێ بدرێ کە بڕوایەکی ڕۆحانی و دینیی بەسەردا زاڵ بکرێ، بەشێکی تریش لەو باوەڕەدان کە کۆنەپارێزی مەزهەبی لە ڕۆهەڵاتدا بووەتە ئاستەنگێک لە بەردەم پێشکەوتنی ڕاستەقینە و پاقژدا.

## سەردەمی زێڕین

... کاتێک لەشکرەکانی محەمەد کە لە سەدەکانی ٦ و ٧دا هەر لە ئیسپانیاوە هەتا "پارس"یان لەژێر ڕکێفدا بوو، تەنیا خاکی ئەو ناوچانەیان داگیر نەکردبوو، بگرە شوێنەوارەکانی "ئەفلاتوون"، "ئەرەستۆ"، "ئەرەشمیدۆس"، "سوقرات" و زاناکانی تری یۆنانیان کەوتبووە بەردەست. دیارە زۆر بەرلەوەتر کولتووری "هلینیستی" بەهۆی "ئەلکساندر" و کەمایەتییە مەزهەبییەکان و هەروەها مەسیحییەکانەوە بەرەو ڕۆهەڵات پەلوپۆی هاویشتبوو. موسڵمانە نەخوێندەوارەکان لە کاتی داگیرکردنی ناوچەکاندا، مرۆڤە بلیمەتەکانی ناوچە داگیرکراوەکانیان دادەمەزراند و کاری ئیداری و حیساب و کتێبیان بەوان دەسپارد. هەر لەو ماوەیەدا بوو بەر لەوەی بیری زانا و فەیلەسووفە یۆنانییەکان بگاتە ڕۆئاوا لەلایەن ڕۆهەڵاتی و موسڵمانەکانەوە هەڵلووشرا و خۆیان کرد بە خاوەن زانست. لە سەدەی هەشتەم خەلیفە "ئەبوعەباسی مەئموون" ئەنیستیتۆیەکی لە بەغدا بەناوی "ماڵی ئەقڵ" دامەزراند. یەکەم شوێنەوارێک کە وەرگێڕدرایە سەر زمانی عەرەبی، کتێبی ئەستێرەناس "فیتۆ لێمایس" بوو بەناوی "سیستەمی گەورە" کە لەودا باسی ئەوە کراوە کە چۆن

خۆر و مانگ و ئەستێرەکانی تر بە دەوری عەرزدا دەخولێنەوە، ئەم کتێبە لە ماوەی ٥٠٠ ساڵدا سەرچاوەی باوەڕپێکراوی ئەستێرەناسەکان بوو. لووتکەی سەردەمی زێڕین لە نێوان سەدەکانی ٩ و ١٠دا بوو کە زانا هەرە گەورەکانی سەردەم وەک "ئەبوعەلی حەسەن" ناسراو بە "ئیبن هەیسەم"، "ئەبورەیحانی بیرونی" و "ئەبوعەلی سینا" سەریان هەڵدا.

- "ئیبن هەیسەم" ساڵی ٩٦٥ لە عێراق لەدایک بوو، بەهۆی لێکۆڵینەوە لە پێوەندیی نێوان رووناکایی و بینایی چاو، بەردی بناغەی بۆ چاوپزشکی دانا. بەپێی قسەی دوکتۆر "داڤید لیندبەرگ" لە زانستگەی "ڤیسکۆسین" ئیبن هەیسەم لە پلەی زانایانی وەک "ئەرەشمیدۆس"، "کێپلێرس" و "نیۆتۆن"دا دادەنرێ.
- ماتماتیکزان، ئەستێرەناس و جوگرافیزان "ئەبورەیحانی بیرونی" لە ساڵی ٩٧٣ لە ئوزبەکستانی ئێستا لەدایک بوو. ١٤٦ پەڕتووک کە سەرجەم ١٣ هەزار لاپەڕە دەبێ، لە پاش خۆی بەجێ هێشتووە. هەروەها لێکۆڵینەوەی کۆمەڵناسی و جوگرافیانەی لەسەر وڵاتی هیندستان کردووە.
- "ئیبن سینا" لە بوخارای ئوزبەکستان لە ساڵی ٩٨١ لەدایک بوو. ناوبراو هەم فەیلەسووف و هەمیش پزیشک بوو. فەرهەنگێکی پزیشکی کە لە یەک میلیۆن وشە پێکهاتووە نووسییەوە. ئەم پەڕتووکە هەتا سەدەی ١٦ لە رۆئاوادا کەڵکی زانستی لێ وەردەگیرا.

## رێنسانسی زانست

... لە سەدەی ٩ هەتا سەدەی ١٢ شوێنەوارە زانستییەکان لە زمانی عەرەبییەوە لە ئەورووپا و بەتایبەتی لە ئیسپانیا وەرگێڕدرانە سەر زمانی عیبری و لاتین. دوکتۆر "کینگ" لە فرانکفۆرت دەڵێ: "ئاکامی ئەو وەرگێڕانانە لە زمانی عەرەبییەوە بوو بەهۆی ئەوە کە زانست و بیر بەشێوەیەکی بەربڵاو لە رۆئاوادا ئاڵوگۆڕی بەسەردا بێ و دواتر کۆمەڵگەی رۆئاوا لەژێر ئەو ئاڵوگۆڕانانەدا دەورەیەکی نوێی لە ژیاندا دەست پێ کرد".

## بەرەو هەڵدێرترچوونی ڕۆهەڵات

بۆچی پێشکەوتنی زانست بەو شێوەیە لە ڕۆئاوادا پەرەی گرت، لە ڕۆهەڵاتدا پێش نەکەوت؟ بەپێی قسەکانی "سەبرا" لە زانستگەی "هاروارد" لە ڕاستیدا کەس وەڵامێکی پڕ بەپێستی بۆ ئەم پرسیارە پێ نییە و بیروڕای جیاواز هەیە. هێندێک پێیان وایە مەغولەکان لە ڕۆهەڵات لەلایەک و خاچپەرستان لە ڕۆئاوا لەلایەکی ترەوە ئیمپراتۆری ئیسلامیان لە سەدەی ١٢دا بەرەو هەڵدێر برد. مەسیحییەکان ئیسپانیایان لە دەست موسڵمانەکان دەرهێنا و هەر بەهۆیەوە کتێبخانە گەورەکانی "کۆردۆبا" و "تۆلیدۆ" کە پڕ بوون لە پەڕتووکی عەرەبی کەوتنە دەست ئەوان. ئەمە بوو بەهۆی ئەوەی کە ناوەندە زانستییە ئیسلامییەکان لەیەک دابڕێن و هەروەها پێوەندیی ئیسلام لەگەڵ ڕۆئاوا بپچڕێ... لە کاتێکدا لە ڕۆئاوا زانست گەیشتبووە پلەیەک کە بۆ خۆی، خۆی فینانسە دەکرد و بەهۆی تەکنیکی نوێ وەک مەکینەی هەڵم لە هەموو لایەکەوە پارەی بۆ لای ناوەندە زانستییەکان ڕادەکێشا. بەڵام لە ڕۆهەڵاتدا زانست پێویستی بە یارمەتیی خەلیفە و سوڵتانەکان بوو کە ئەوانیش لە بیری شتی وادا نەبوون. دوکتۆر "ئەلباس" لە زانستگەی "بۆستۆن" دەڵێ: "عوسمانییەکان کە لە سەدەی ١٥دا کە هەموو خاکی عەرەبیان داگیر کردبوو، تەنیا بێجگە لەوەی داگیرکەر و بیناسازکەری ئازا بوون، دەنا پیاوی عیلم و زانست نەبوون"...

## ئیسلام و شەڕی زانست

هاتنی وڵاتانی ڕۆئاوای کۆلۆنیالیست بەجارێک خەڵکی ڕۆهەڵاتی وەخەبەر هێنا و بە حەسرەتەوە چاویان بڕیبووە ئەو هەموو پێشکەوتنە تەکنیکی، ئابووری و سەربازییە کە ڕۆئاوا وەدەستی هێنابوو. هێندێک ڕیفۆرمخوازی ڕۆهەڵاتی دەیانەویست لە دامەزراندنی سیستەمی نوێی پەروەردە، زانست و تەکنیکی ڕۆئاوایی فێری موسڵمانەکان بکەن و لانی کەم ئەوەی ڕۆئاوا لە ڕابردوودا لەوانەوە بە میرات پێی گەیشتبوو، بیگەڕێننەوە بۆ ڕۆهەڵات... بەپێی قسەی "بەکر" لە زانستگەی "جۆرج تاون" هێندێک وڵاتی وەک مالیزیا، ئوردن

و پاکستان قورساییەکی زۆریان خستە سەر فێربوونی زانست و تەنانەت لە ولاتێکی کۆنەپارێزی وەک سعوودیەدا تەواوی زانستە سروشتییەکان بە زمانی ئینگلیزی لە قوتابخانەکاندا دەگوترێتەوە. بەلام بەپێی قسەی پرۆفیسۆر "پەرویز هوود بۆی" لە ئیسلام ئاباد، نە تەنیا ولاتانی ئیسلامی لە بواری زانستدا پێش نەکەوتوون بگرە هەر لە جێگەی خۆشیان ماونەتەوە. بەپێی لێکۆلینەوەیەکی فەرمی کە ناوبراو لە کتێبێکدا بلاوی کردووەتەوە موسلمانەکان لە بواری زانستدا یەکجار لاواز و هەژارن. لە کاتێکدا ٥٪ی حەشیمەتی دنیا موسلمانن، بەلام تەنیا کەمتر لە ١٪ی لێکۆلەرەوەکانی جیهان موسلمانن. بەپێی قسەی "هوود بۆی" تەنیا ئیسرائیل دوو بەرامبەری هەموو ولاتانی ئیسلامی لێکۆلەرەوەی هەیە. "هوود بۆی" زۆر هۆکاری کۆمەلناسییانە و ئابوورییانە لەم پێوەندییەدا دەستنیشان دەکا، بەلام دەردی هەرە گەورە لەوەدا دەبینێ کە سەدان سالە موسلمانەکان هەموو زانستێک لە قورئاندا دەبیننەوە. "هوود بۆی" دەلێ: "ئەو باوەڕەی کە هەموو زانستێک لە قورئانەوە سەرچاوە دەگرێ، وای کردووە کە موسلمانەکان بیری نوێ، ئانالیز، رەخنەگرتن و دۆزینەوەی شتی نوێ وەپشتگوێ بخەن و لە ڕاستیدا توانای پێشوەچوون لەنێو ئەواندا بمرێ." "برۆنۆ گیدرۆنی" کە فیزیکزانی دانیشتووی پاریسە و بۆ خۆشی موسلمانە دەلێ: "موسلمانە توندڕۆ و پاشوەڕۆکان، تەنیا لەبەرئەوەی زانست بە هی رۆئاوا دەزانن، دووری لێ دەکەن و بەلایدا ناڕۆن." هوود بۆی دەلێ: "موسلمانی وا هەیە دەلێ ئاو کاتێک لە ئۆکسجین و هایدرۆجین پێکهاتووە کە خوا بیەوێ، دەنا پێک نایە"...

زانست شتێکی نێونەتەوەییە، زۆربەی هەرە زۆری لێکۆلەرەوەکانی جیهان لەسەر ئەو باوەڕەن کە زانست هیچ بەستراوەییەکی ئەتنیکی، مەزهەبی و نەتەوەیی نییە. تەنیا جیهانێک هەیە، پرسیار و وەلام لەسەر ئەم جیهانەش لە پرۆسەیەکی درێژخایەندا بە لە پەردەنەمانی گومانەکان روون و ئاشکرا دەبن. زانست شتێکی نێونەتەوەییە و لە بنەڕەتدا شتێک بەناوی زانستی ئیسلامی بوونی نییە.

# جیڤانۆکە کۆنەکان، شەڕە نوێیەکان

زەکی لائیدی، لێکۆڵەرەوەی فرەنسایی

چۆن لەگەڵ دوژمنێک شەڕ بکرێ کە خۆی خزاندووەتە نێو تۆڕەکانمان و لە دەورەبەرماندا لە هاتوچۆدایە؟ چۆن دەکرێ لەگەڵ قاچاخفرۆشی نارکۆتیکا بەربەرەکانێ بکرێ کە لە هەمان کاتدا قاچاخفرۆشی پەنابەریش دەکا؟ «زەکی لائیدی» لێکۆڵەرەوەی فرەنسایی لەو باوەڕەدایە کە ئیمرۆ جیهان لە بەرانبەری زۆر جۆری شەڕی نوێدا راوەستاوە کە ناکرێ بە شێوەی چەکداری بەربەرەکانێیان لەگەڵ بکرێ.

هەر لە کەوتنە خوارەوەی یەکەم بۆمبە ئەمەریکاییەکان لە ئەفغانستان، بیرورای گشتیی جیهانی یەکدەست و یەکدەنگ نەبووە. کەس لەوە سەری سوڕ نامێنێ کە بۆچی دەوڵەتێکی زلهێزی وەک ئەمەریکا لە پاش ١١ی سێپتەمبەر دژکردەوەی وا لە خۆی نیشان دەدا و هەڵوێستێکی وا هێرشکەرانە دەگرێتە بەر، لەلایەکی تریشەوە کەس نابێ خەیاڵی ئەوە بکا کە ئەم بۆمببارانەی ئەمەریکا دەتوانێ کێشەیەک چارەسەر بکا. شەڕە گەورە و خوێناوییەکان لە رابردوودا دەیانتوانی ڕێگەیەک بۆ چارەسەری کێشەکانی دنیا ببینەوە بەڵام لە پاش ١١ی سێپتەمبەر کێشە و پێچەڵپێچی شەڕ لەگەڵ ئەوەی مافی ڕەوای دژەهێرش جارێکی تر لە جێگەی خۆی دەمێنێ، زیاتر دەردەکەوێ.

بەبێ ئەوەی پێشبینی بکەین کە لە پاش ئەم شەڕە چ دەقەومێ، هەر لە ئێستاوە دەتوانین دوو دەرس لەم تەنگژە کە هەتا ئێستا زنجیرە دژکردەوەیەکی جۆرەوجۆری لە پاش خۆی بەجێ هێشتووە، وەربگرین:

یەکـەم: ڕووداوی ١١ی سـێـپـتـەمـبـەر وەک تاوانێک لە بەرانبـەر نـەزمـی جیهانیدا چۆن دەکرێ لێک بدرێتەوە و چ مانایەک دەدا؟

دووەم: ئەوەی کە زۆر کەس لەو ماوەیەدا وەک کێشـە و لێک هەڵبـەزینەوەی نێوان شارستانییەتەکان واتە کێشەی نێوان ئیسلام و ڕۆئاوا تێی گەیشتوون چییە و چۆن پێناسە دەکرێ؟

ئەوەی دەگەڕێتەوە سـەر خاڵی یەکەم ئەوەیە کە ڕووداوی ١١ی سێپتەمبەر بە ڕوونی دەری خـست کە ئەو نەزمـە جیـهانییـەی کە لـە نۆڤـەمبـەری ساڵی ١٩٨٩ لە پاش ڕووخانـی دیواری بەرلین هاتبـووە کـایەوە، گەیشتـووەتە خاڵی کـۆتـایی. لە دەسـپـێکی ئەو قـۆناغـەدا و بـە تایبـەتی لە پاش شـەڕی کـوێت، مـەزەندەی ئەوە دەکرا کە لەسـەر وێرانەکانی یەکەتیی سۆڤیـەتی تێکڕووخاو، نەزمێکی نوێی جیهانی دابمەزرێ. بەڵام ڕووداوی ترسناکی ١١ی سێپتەمبەر کە بەهۆی کەسـانێکی نەبەسـتراوە بەدەوڵەتێکەوە قـەوما، نیشـانی دا کە ئەو مـەزەندانە هەڵە بوونە و پێویسـتە سـەرلەنوێ بە خـۆمـاندا بچینەوە. هەر لە ئێستاوە، ئێمە نابێ لەوە زیاتر باسی سیستەمێکی نێونەتەوەیی بکەین، بگرە دەبێ باسی نـەزمێکی نوێی سـیسـتـەمی کۆمـەڵایەتیی جـیـهانی بکەین. لەم سـیـسـتـەمـە نوێیـەدا دەبێ وێڕای دەوڵەتە نەتەوەییـیـەکان، بـازاڕ و هـەروەها ئاکتۆرە غەیرە دەوڵەتییە کۆمەڵایەتییەکان بەشدار بن. ئیمڕۆ پێوەندیی نێوان ئاکتۆرە نادەوڵەتییە کۆمەڵایەتییەکان ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر گرژ و شـەڕانیتر دەبێ.

ئەمـــەریکا دەیەوێ لە دژی ناوەندی کـــۆکـــردنـەوەی داهاتـی تیـــرۆریـزمـی ئیسلامی خـەبات بکا، بەڵام لە یەکەم لیستەی ڕەشێکدا کە بڵاوی کردووەتەوە، ناوێک لە چکۆڵەترین ناوەندی مـاڵیی سـعـوودی نـەبراوە. عـەرەبسـتـانی سـعووديیـەک کە دۆستـی هەرە بەوەفـای ئەمەریکا لە دنیای عـەرەبە و هەروەها نزیکتـرین وڵاتیشـە بـە تۆڕی بنلادن. ئاکتـۆرەکانی بازاڕ ڕەنگە ئامـادە بن لە خـەباتی دژی تیرۆریستیدا بەشدار بن بەڵام لـە هـەمان کاتیشدا لە بەرانبـەر هەر چەشنـە کـراوەیەکی بەبێ قـەید و شـەرتدا دوودڵی نیشـان دەدەن. تۆڕی

تیرۆریزم بەو شێوەیە قین و بێزارییەکانی خۆی بەسەر ئەمەریکادا هەڵڕشت و لەو ئیمکاناتەی بازاڕ و دیمۆکراسی پێکی هێناوە، کەڵکی خراپی وەرگرت. ئەوەی کە بۆ ئەمەریکا زۆرتر تراجیدیایە، ئەوەیە کە هەتا ئێستا وا بیر دەکرایەوە کە کلیلی چارەسەرییەکانی جیهان لەلای "بازاڕی دیمۆکراتیکە" بەڵام لە هەمان کاتدا ئەوە لە بیر کرابوو کە دوژمن ڕاست دەتوانێ کەڵکی خراپ هەم لە بازاڕ و هەم لە دیمۆکراسی وەربگرێ. لە سیستەمێکی کۆمەڵایەتی کە ئیمڕۆ جیهان خۆی تێدا دەبینێتەوە، ئاکتۆرەکان کە لە هەمان کاتدا کە پێ لەسەر هاوکاری دادەگرن، لە هەمان کاتیشدا خەسڵەتی " کانیبالیسم" (ئینسانخۆری)یان هەیە و هەر بۆیە پێوەندییە نێونەتەوەییەکان ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر تێکەڵ و پێکەڵ و بێ چوارچێوەتر دەبن. لە خەباتی دژی تیرۆریزمدا دەوڵەتە هەرە زلهێزەکان لە بەرانبەر دەوڵەتە هەرە هەژارەکاندا ڕاوەستاون، بەڵام لە هەمان کاتدا خسڵەتی عەشیری و دواکەوتووانەی ترادیسیۆنی کە وێ دەچوو لەگەڵ لۆجیکی "فینانس ترانکسیۆنە" دووڕووەکاندا یەکانگیر بووبن، ئەوە ئیمڕۆ لە هەمبەری یەکتری ڕاوەستاون، واتە ستروکتورە بەهێزەکان لە هەمبەر ستروکتورە گەڕۆک و لاوازەکاندا. ئەمە لە ڕاستیدا بە هیچ جۆرێک بە مانای جیهاد لە دژی McWorld نییە، بگرە جیهادە لە نێوەوەی McWorld.

ئیمڕۆ ڕەهەندی نوێی کۆمەڵایەتیی نێونەتەوەیی بەهۆی پێشینەی "تیرۆریزمی ئیسلامی" خەریکە بە دوو بەرە دابەش بکرێ. بەڵام ڕوون و ئاشکرایە و لە کەس شاراوە نییە، ئەوەی کە دەبینرێ تەنیا هەوڵێکە بۆ شاردنەوەی ئەو هەموو تاوان و جەریمەیەی کە ئیمڕۆ لە ئارادایە. ئەو جۆرە شەڕانەی کە ڕەنگە لە داهاتوودا، بێنە گۆڕێ، بریتی دەبن لە کێشە لەسەر نارکۆتیکا، پەنابەری نایاسایی و هەروەها کێشە لەسەر ژینگە. تایبەتمەندییەکانی ئەم شەڕە نوێیانەش هەروەک ئەم شەڕەی ئێستایە (شەڕی دژی تیرۆریزم)، یانێ نە دەکرێ دژکردەوە نیشان نەدەی، تەنانەت ئەگەر بە چەکیش بووە، نە بە شەڕیش هیچ کام لە کێشەکان چارەسەر دەبن.

ئێمە ورده ورده هەوڵ دەدەین باشتر لە جیهانێک تێ بگەین کە لەودا بەردەفرۆشی قاچاخفرۆشی نارکۆتیکا خەریکە لەگەڵ ئەو پەنابەرانەی کە لە دەست بەدبەختی و چارەڕەشییەوە هەڵدێن و بەتەمای ژیانێکی خۆش ڕوو لە دەرەوەی وڵات دەکەن، گرێ بدرێن. بەلەمەکانی پڕ لە پەنابەری مەراکیشی کە لەلایەن هێزەکانی دەریاییی سپانیاوە، تەقەیان لێ دەکرێ، دەکرێ وەک سەرەتای دەسپێکی "شەڕی پەنابەر" لە داهاتوودا بێتە ژماردن.

ئاکامەکانی بارودۆخی ئیمڕۆیی دەبێتە هۆی ئەوەی جیاوازیی نێوان باکور و باشووری جیهان وەک گرینگترین مەسەلەی نێونەتەوەیی زیاتر قووڵتر بێتەوە. گرفتی پڕکردنەوەی ئەم قووڵاییە پڕ مەترسییەی جیهان یەکلایەنە ناکەوێتە ئەستۆی لایەک، بگرە وەک یەک دەکەوێتە سەرشانی باکوری ئێگۆیست و تەنیا لە بیری خۆدا بوو هەروەها باشوورێک کە ڕێبەرەکانی زێدە لە حەد چاوچنۆک و تەماحکارن. لە بارودۆخێکی ئاوهادا دەبێ سیلەی هیوادارییەکان بەرەو لای ڕەهەندی باشی ئەم کەوانەیەی خوارەوە ڕابکێشرێ. واتە یەکەم چارەسەری کێشەی فەلەستین و ڕازیکردنی عەرەبەکان. دووەم: میزانکردنی ئابووریی جیهانی و کەمکردنەوەی ناهاوتاییەکان. سێیەم: هەوڵدانی زیاتر و بەخۆداچوونەوەی دەوڵەتەکان لە پاراستنی ئەمن و ئاسایشدا.

ئەڵبەت نابێ لە بیر بکەین کە داڕشتنی ئەم جۆرە پلان و گەڵاڵە گشتییانە ئەوپەڕی ساویلکەییشی پێوە دیارە. ئەو هێزانەی کە لەم پێوەندییەدا دەبێ بخرێنە ژێر کۆنترۆڵ، لە هەمان کاتدا پێکەوە یەکجار نەساز و پێچەڵپێچن و ئەمەش چارەسەری کێشەکان زۆر زەحمەت دەکا. بەڵام ئەوەی کە لە باشترین حاڵەتدا دەکرێ بکرێ ئەوەیە کە هەل بەفیڕۆ نەدرێ و هەتا دەکرێ قازانجی وەخت بکرێ، ئەگەر ناکرێ کۆمەڵە کەنداو ساز بکرێ، ئەوە هەوڵ بدرێ چۆمەکان ساز بکرێ، ئەو چۆمانەی کە کۆنترۆڵیان لە دەستی خۆماندا بێ. هەر لەبەر ئەمەشە زۆر گرینگە کە لەلایەن ئەمەریکاوە سیاسەتی گوێنەدان و لە دژ دەرکەوتنی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بەلاوە بنرێ، نەزم و

یاسایەکی باشتر لە پێوەندی لەگەڵ بازرگانی جیهانیدا دابمەزرێ و هەروەها یارمەتی بدرێ کە دروستبوونی یەکەتیی ئەورووپا بگاتە چڵەپۆپە و تەواوبوون. لە ڕاستیدا ئەرکی بەپەلە ئەوە نییە کە نەزمێکی نوێی جیهانی سەرلەنوێ دابڕێژرێتەوە، بگرە ئەوە گرینگە کە لانی کەم بتوانرێ کێ بە کێ و بشێوییەکان بخرێنە ژێر کۆنترۆڵ.

تەنیا قسەی زل زل بەس نییە، ئەگەر هاتبا و کۆمەڵگەی جیهانی لەم تەنگژەی ئیمڕۆ دەرسی وەرگرتبا، ئەوا دەبوا پێش هەموو شتێک هەوڵ بدرابا کە ئەمەریکا جارێکی تر بگەڕێتەوە سەر هاوکارییە هەمەلایەنەکان لەگەڵ بەشەکانی تری دنیا و بە ڕاستی و لێبڕاوانە بۆ بنەبڕکردنی تیرۆریزم هەوڵ بدا. لە ڕاستیدا لەم دوو مەیدانەدا هیچ کارێک نەکراوە.

ئەوەی دەگەڕێتەوە سەر دەرس لێ وەرگرتن لە خاڵی ژمارە دوو واتە کێشەی نێوان شارستانییەتەکان، پێش لە هەموو شتێک با لەوەوە دەس پێ بکەم کە هەردوو بۆچوون لەسەر ئیسلام لەلایەک ساویلکانە و لەلایەکی تر بە پەلە و توندڕۆیانەیە کە لە خراپ تێگەیشتنی کولتوورییانەوە سەرچاوە دەگرێ، بەرپەرچ بدەمەوە، واتە چ ئەوەی کە دەڵێ ئیسلام لە بنەڕەتدا دینێکی باشە بەڵام بە لاڕێدا بردراوە و چەواشە کراوە، چ ئەوەش کە دەڵێ نەخێر ئیسلام هەر لە هەوەڵەوە لەگەڵ کولتووری توندوتیژ و شەڕ لەدایک بووە. ئێمە زۆر باش دەزانین کە لە ڕاستیدا ئیسلام هەروەک دینەکانی تر زۆر باش دەتوانێ خۆی تێکەڵ بە سیاسەت بکا و بۆ مەبەست و ئامانجی سیاسی کەڵکی لێ وەرگیرێ. بەڵام هەروەها ئەمەش ڕاستە و نابێ وەپشتگوێی بخەین کە هەر ئیمڕۆ ڕادیکاڵترین و کۆنەپارێزترین هێزە ئیسلامییەکان خەریکە بەلاوە بنرێن (نموونەی ئێران نیشانی داوە کە ڕێگە و شوێنی ڕادیکاڵەکان قایم و پتەو نییە، بگرە لەرزۆکە، هەتاکو داوودەزگای دەوڵەتی و قانوونی زیاتر جێگەی خۆیان پتەوتر بکەن، ڕادیکاڵەکان زیاتر وەلا دەنرێن).

بەڵام بۆچوونی پێچەوانەش واتە ئەوەی کە ڕادیکاڵیزمی ئیسلامی لەگەڵ گرووپێکی چکۆڵە پێناسە دەکا کە دەیەوێ بەزۆر و زۆرداری بیروڕاکانی

خۆیان بەسەر زۆرایەتیی موسڵمانەکاندا بسەپێنن، هەڵەیە و لە ڕاستیدا لە تێگەیشتنێکی وشکی ڕۆهەڵاتناسییەوە سەرچاوە دەگرێ. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ڕادیکاڵیزمی ئیسلامی زۆر نزیکایەتیی لەگەڵ ئەو بزووتنەوانە بەهەبوونی خەسڵەتی دیکتاتۆرییانە هەیە، کە بنکەی کۆمەڵایەتییان لەنێو خەڵکی فەقیر و هەژار بەهەبوونی بایەخە پاشوەڕۆکان هەیە و بە دانی وادە و بەڵێنی ژیانێکی خۆشتر سەرنجی لێشاوی خەڵکی بۆ لای خۆیان ڕادەکێشن.

بنکەی کۆمەڵایەتیی ڕادیکاڵیزمی ئیسلامی لەنێو خەڵکی هەژار و فەقیردا پێ بە پێی شکان و سەرنەکەوتنی سیاسەتی نێوەخۆی ڕێژیمە عەرەبەکان ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ بەهێزتر دەبێ. ڕێگەچارەش بۆ ئەم پێشوەچوونە لەنێو وڵاتانی ئیسلامیدا ئەوە بووە کە لە باتیی پاراستنی مافی هاووڵاتییەتی خەڵک، ڕێژیمەکان خۆیان ئیسلامیتر بوون. ئەمەش وەک وەڵامێک لە سەرەوە بۆ ڕەوتی بەهێزبوونی ڕادیکاڵیزمی ئیسلامی لەژێرەوە واتە لەنێو خەڵکییەوە بووە. لەم پێوەندییەدا باری خراپی گوزەرانی خەڵکی و نەبوونی ئاسایشی کۆمەڵایەتی لە بەهێزکردنی فۆندەمەنتالیزمی ئیسلامیدا نەخشی زۆر گرینگ دەگێڕێ. بیری ئەوەی کە موسڵمانەکان لە ڕابردوودا خاوەنی شارستانییەتێکی وا بەهێز بوون کە لەگەڵ شارستانییەتی ڕۆئاوادا لە بەربەرەکانێدا بووە و تەنانەت ڕۆئاواشیان خستبووە ژێر شوێنەواری خۆیان، بیرێکی ناوەندییە لەنێو بیرمەندانی ئیسلامیدا. ئەگەر ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە لە ماوەی زیاتر لە هەزار ساڵدا نەپارێزرابایە، ئەوە بێگومان ئیسلام نەیدەتوانی ببێتە خاوەنی هێزێکی وا موگناتیسی بۆ ڕاکێشانی خەڵک.

بێگومان ئەگەر ئەم خۆبەستنەوە بە ڕابردوو لەلایەن موسڵمانەکانەوە نەبوایە ئەوە ئاوڕێکیان وەسەر بارودۆخی ئێستایان دەدایەوە و لە باری گوزەرانی خراپی کۆمەڵایەتی ڕزگاریان دەبوو. هەروەها دەکرێ بگوترێ کە ڕەنگە ناسیۆنالیزم بیتوانیبایە ئەم بیرکردنەوەیەی لە بیر و زەینی موسڵمانەکان دەرهاویشتبا. بۆ نموونە لە باکوری ئەفریقیا، ناسیۆنالیزم کەوتبووە ژێر کارکرد و شوێنەواری کەمالیزمی تورکی، لە کاتێکدا کەمالیزم

خۆی بنکە و بساتی ئیمپراتۆری موسڵمانی خەلیفەکانی لە بەین بردبوو، بەڵام قەت پێداچوونەوەیەکی مێژوویی بەسەر ئەو بیر و بۆچوونەدا نەکرا و لە ڕاستیدا ڕابردوو لەلای موسڵمانەکان وەک نەخشی سەر بەردی لێ هاتووە و لەنێو نەچووە.

لە بارودۆخێکی وەهادا، ئیسلامییەکان ڕێگەیەکی چەواشەی سیاسی پێشانی موسڵمانەکان دەدەن. ئەوان برایانی دینیی خۆیان هان دەدەن کە گەورەیی و شکۆی ڕابردوو بە گەڕانەوە بۆ پاشوەڕۆیی و ترادیسیۆن جارێکی تر وەدەست بخەنەوە. شکان و بەمەبەست نەگەیشتنی دەوڵەتە نەتەوەییە ئیسلامییەکان لە [ سیاسەتدا] لەو بەشەی جیهاندا لە ڕاستیدا دەرگەی بۆ گەڕانەوە بۆ سەر بیر و بۆچوونە ئیسلامیستییەکان لەسەر پشت خستووە. شەڕی پێشووی ئەفغانستان واتە شەڕ لە دژی سۆڤیەت لە دوو بارەوە گرینگییەکی یەکجار زۆری لەسەر ئیسلامیستەکان دانا. لەلایەکەوە ئەو وزە و توانایەی خستە بەر ئیسلامیستییەکان کە ئەوان دەتوانن بەسەر نوێنەرێکی ڕۆئاوا وەک سۆڤیەتدا زاڵ بن، لەلایەکی تریشەوە تێکرووخانی سۆڤیەت خۆی بە جۆرێک لەرزۆکی و سەقامگرتوویی دەوڵەتە نەتەوەییەکانی خستە ڕوو.

بەڵام وشیاربوونەوەی ئیسلامی لە خۆیدا تووشی گەلێک کەند و کۆسپ هاتووە، وەک ئەوە کە ناتوانێ و لە توانایدا نییە گەڵاڵەیەکی پێشکەوتووی ئیسلامی لە بەرنامەکانی خۆیدا بگونجێنێ و هەردەم و بەردەوام هەوڵ دەدا، خەڵکی تر و بەرانبەرەکانی خۆی وەک دنیای ڕۆئاوا و ئیسرائیل یان هەردووک پێکەوە، بە شەیتانیان بچوێنێ و خەتی ڕەشیان بەسەردا بکێشێ. نەبوونی مافی هاووڵاتییەتی لە جیهانی ئیسلامەتیدا بووەتە هۆی ئەوەی ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ نەخۆشیی بێ هەویەتی پەرە بگرێ. ئەمە لە خۆیدا پارادۆکسێکی زۆر سەیرە کە هاوکات لەگەڵ پەرەگرتنی ڕادیکاڵیزمی ئیسلامی لە زۆربەی وڵاتانی ئیسلامیدا کەس مافی ئەوەی نییە باس و موناقەشە لەسەر ئیسلام بکا و ئیسلام ناکەوێتە بەر ڕوانینێکی ڕەخنەگرانە. ئەڵبەت دەبێ لەم پێوەندییەدا ئێران هەڵاوێژرێ، چونکە ئەو جۆرە باس و خواسانە لەوێ هەیە. (کەوایە زۆر

سەیر نییە کە لەندەن بووەتە پایەتەختی موسڵمانەکان). جیهانی ئیسلام بەتەنێ نییە کە هەموو بەدبەختی و چارەڕەشییە مێژووییەکانی خۆی بخاتە ئەستۆی لایەنی تر، بەڵام بەنەبوونی باس و موناقەشەیەکی ڕەسمی لەسەر ئەم بابەتە، بووەتە هۆی ئەوە کە هەموو بەدبەختییەکانی جیهانی ئیسلام یەکلایەنە بخرێتە ئەستۆی ڕۆئاوا.

لێرەدایە کە دمەڵ و کوانی فەلەستین مانای ڕاستینەی خۆی وەدەست دێنێ. هیچ شک و گومانێک لەوەدا نییە کە ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر ئەمەریکا هاوپەیمانییەتی لەگەڵ ئیسرائیل دەکا، ئەڵبەت بێجگە لە هەوڵەکانی کلینتۆن سەرەڕای زەخت و تەوژمەکانی کۆنگرێس نەبێت، کە دەیویست هەڵە و چەوتییەکانی ئەمەریکا ڕاست بکاتەوە. هەر ئەم پشتیوانی و هاوپەیمانەتی ئەمەریکا لەگەڵ ئیسرائیلە کە هەستی موسڵمانەکانی بریندار کردووە. بەڵام ئەگەر بێتو ئیسلامیزم لەگەڵ کێشەی فەلەستین هاومانا بکرێ هەڵەیە و بگرە ناکرێ ئەو تەنگژە قووڵەی کە سەرتاپای جیهانی ئیسلامی داگرتووە تەنیا لە هەبوونی هۆکارێکی تاک و تەرادا لێک بدرێتەوە. سروشتییە کە دیتنەوەی چارەسەرییەک بۆ کێشەی فەلەستین دەتوانێ زۆر قازانجی سیاسی بۆ ئەمەریکا بەدواوە بێ، بەڵام کێشەی جیهانی ئیسلام زۆر لەوە قووڵترە کە تەنیا بە کێشەی فەلەستینەوە ببەسترێتەوە. کێشەی ئیسلام بەر لە هەموو شتێک کێشەیەکی خۆماڵیی جیهانی ئیسلامە و بگرە کێشە و لێک هەڵبەزینەوەی نێوان شارستانییەتەکان نییە. بەڵام ئەمە لە خۆیدا هەر وا ئاسان نییە و دەبێ باکوری جیهان لەم کێشەیە بەڕادەی پێویست خۆی بە بەرپرسیار بزانێ.

سەرچاوە: ڕۆژنامەی Dagensnyheter زمانی سوێدی، لاپەڕەی ئەدەبی.

# ئیسلام و لیبرالیزم

کارل رودبێک
سەرنووسیاری کۆواری Timbros
لە سوێد بە زمانی سوێدی

لە ناکاو ئیسلام کەوتووەتە بەر نووکی تیژی هێرشەکان. دەنگە نارازییەکان لە هەموو لایەکی جیهانەوە بەرز دەبنەوە کە رووداوەکانی نیویۆرک و واشینتۆن [١١ی سێپتەمبەر] بخەنە ئەستۆی دینێکەوە کە گۆیا تێکەڵاوی لەگەڵ تیرۆر و توندوتیژی زۆرترە لە دینەکانی تر. هەوڵەکە ئەوەیە کە تێکڕای موسڵمانەکان لەبەر خاتری کردەوەی کۆمەڵێکی یەکجار فەناتیک و توندڕۆی ئیسلامی تاوانبار بکەن، کە لە ڕاستیدا ئەو کردەوە هیچ پێوەندییەکی لەگەڵ ملیۆنان موسڵمانی تر نییە. لە بارودۆخێکی وەهادا پێویستە لێکۆڵینەوەیەکی هەمەلایەنەی ترادسیۆنی لەسەر ئیسلام بکرێ و بزاندرێ ئاخۆ بەڕاست ئیسلام چییە و لەسەر چ بنەمایەک راوەستاوە، لێکۆڵینەوەیەک کە بێلایەنانە و دوور لە قین و مەبەستی لە پێشدا دیاریکراو ئەنجام بدرێ. لێکۆڵینەوە گەورە و پڕ بایەخەکەی پرۆفیسۆر Michael cooks کە لە کتێبی "Commanding Right and Forbidding Wrong in Islamic Thought" بڵاو کراوەتەوە. ئەم لێکۆڵینەوەیە دەتوانێ لەم بارەیەوە یارمەتیدەرێکی باش بێ. سەربردەی لێکۆڵینەوە لە تێزێکی ئیسلامی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی شەش، ئەو کاتەی کە ئەم ئایەتە بۆ محەمەدی پێغەمبەر هاتە خوارەوە و دواییش لە سوورەی سێدا نووسرا [خەڵکێک کە کاری چاکە دەکەنە پیشەی خۆیان، لە خراپە و ناپەسند دوورەپەرێز دەبن و باوەش بۆ کاری شایستە و پەسند ئاوەڵە دەکەن...] ئایەتەکانی نێو کتێبی پیرۆزی ئیسلام لە ماوەی هەزار تا هەزار و پێنج سەد

ساڵدا لەلایەن زۆر کەسانەوە تەفسیر و لێکدانەوەیان لەسەر کراوە، کە بێگومان ئایەتوڵڵا خومەینی دوایین لێکدەرەوە نەبوو. فوندامەنتالیستەکان لە زۆر وڵاتی ئیسلامیدا ڕێنوێنی و دەستووراتی قورئانیان لەنێو سیستەمی قەزاییدا گونجاندووە. تاڵەبانەکان لە ئەفغانستان چەند ساڵێک لەمەوبەر دامەزراوەیەکی نوێیان کردەوە کە ئەرکیان بڵاوکردنەوەی "چاکە" و پێشگرتن بە "خراپە" بوو. لە عەرەبستانی سعوودیەدا ئەنستیتۆیەکی دەوڵەتی دامەزراوە کە ئەرکی بڵاوکردنەوەی "چاکە" و بەربەرەکانی لەگەڵ "خراپە"یە.

ئەو ئایەتانەی کە لەلایەن "کوک"ەوە وەک بنەمایەک بۆ لێکۆڵینەوەکەی هەڵبژێردراون، زۆر روون و ئاشکران. هەمووی ئێمە لە دژی خراپە و خوازیاری چاکەین. بەڵام ئاخۆ بە ڕاستی کاتێک ئێمە خراپەیەک دەبینین چ ئەرکێک دەکەوێتە سەر شانی ئێمە و ئێمە وەک تاک دەبێ چ دژ کردەوەیەک لە خۆمان نیشان بدەین؟ ئاخۆ ئەمە دەکەوێتە سەر شانی دەوڵەت یان بەرپرسیاران و یان دەکەوێتە سەر شانی تاک کە لە دژی کاری ناپەسند و خراپە و هەڵە تێ بکۆشێ؟ لەم پێوەندییەدا بەتایبەتی لەگەڵ خاڵی ئاماژەپێکراودا، جیاوازییەکی زۆر لە زۆر بوارەوە لە نێوان ئیسلام و مەسیحییەتدا هەیە. لە ئیسلامدا وەک چۆن لەلایەن زۆر دينناس و ڕێبەرانی ئاینییەوە لێکدراوەتەوە، خوا ئەرکی ئاماژەپێکراوی خستووەتە ئەستۆی هەر موسڵمانێک کە بە باشترین شێوە جێبەجێی بکەن. فەیلەسوف و دينناسی گەورەی ئیسلامی، ئیمامی غەزالی کە لە سەرەتای سەدەی ١١دا کۆچی دوایی کرد نوێنەری جۆرە بیرێکی ئەوتۆی دەکرد... لێرەدا ئەرکێکی گەورەی ئەخلاقی دەکەوێتە سەر شانی هەر موسڵمانێک کە لە کاتی دیتنی شتێکدا کە بە پێچەوانەی دین ئەنجام بدرێ، هەڵوێست بگرێ و بە کردەوە خۆی لە کێشەکەوە هەڵقورتێنێ (ئەڵبەت لێرەدا جیاوازی لە نێوان دينناسەکاندا هەیە کە ئاخۆ ژنیش هەمان ئەرکی دەکەوێتە سەر شان یان نا).

نموونەیەکی بەناوبانگ کە وەبیرهێنانەوەی لەم پێوەندییەدا پێویستە، چیرۆکی زێرینگەرێکی خەڵکی "مەرو" لە ساڵی ٧٤٨ کە لە بەرامبەر

ئەبومـوسليم (سـەرۆکی ڕاپەڕینی سـەرکـەوتووی عـەباسـیـیـەکـان لە دژی ئەمـارەتی دەسـەڵاتداری ئەودەم) ڕادەوەسـتێ و پێی دەڵێ: "من بە ئەرکی سـەر شانی خـۆمی دەزانم کە لە دژی تۆ شەڕی جیهاد بکەم، بەڵام لەبەرئەوەی هێز و دەسـەڵاتـی ئەوەم نییـە کـە ئەم شـەڕە بەهۆی هێزی باسکەکانمەوە ئـەنجام بدەم، ئەوا ئەم شـەڕە بە زمـان لـەگـەڵ تۆدا دەکـەم." ئەبو مـوسـلیم بەم قسـانـە دەیری دەبێ و ئەم پـیشـەسـازە کـەللەڕەقـە، نەچـەمـاوەیە، هـەر لـەوێ دەکـوژێ، ئێـسـتـا گـۆڕی ئەم کـابرایە زیارەتەڵانە و سـەدان سـاڵە خـەڵکی دەچـنە زیارەتکردنی. ئەم بـەسـەرهـاتـە چکۆڵەیە بوو بەهۆی قـووتبـوونەوەی پرسـیـارێک کە شـارەزایانی ئیسـلامی بە سەدان ساڵە باس و موناقـەشـەی لەسـەر دەکەن. ئەگـەر ئێسـتـا هـەر مـوسـڵـمـانێک بە ئەرکی سـەر شـانی خـۆی دەزانێ کـە لە بەرامـبـەر ناهەقـیـیـەکـاندا لە دەسـەڵاتداران وەڵام بخـوازێ، ئەدی ئەمـە دەبێتـە هـۆی چ و چ دەبێ؟ ئاخـۆ چۆن دەکرێ باڵانس و هـاوتایەک لە پێوەندی لەگەڵ ڕاپەڕاندنی ئەم ئەرکە کـەسـییـە و نەزمی کـۆمـەڵایەتی کـۆمـەڵگەیەکی قـایم و جێگرتوودا ببیندرێتـەوە؟ ئاخۆ بۆ پێشگرتن لـە هـەرج و مەرج و پشـێوی نابێ لە جـێـبـەجـێکردنی ئەم ئەرکـەدا خـوێ ببـوێردرێ؟ وەڵامـەکـان هـەروەک لێکدانـەوەکـان فـرە و جـۆرەوجـۆرن. هـەتاکـو لە داوودەزگـای سـیـاسـی دەسـەڵاتداریەتی نێـزیک بی ئەوە لێکدانەوەکـان لەو چەشنەن کـە نابێ تاک ئەرکە ئەخلاقییە کەسییەکان ڕاپەڕێنێ و دەبێ خۆی لێ ببوێرێ.

گومـان لەوەدا نییە کە ڕێککەوتنێکی هەمەلایەنە لەسەر خاڵی ئاماژەپێکراو نابینرێ، بەڵام لـەنێو ئیسلامدا جـەرەیانێکی وا لە ئارادایە کە تاک هان دەدا کـە لە دژی داوودەزگـای حکوومـەتی ناهـەق و دەسـەڵاتداری خـۆشنەویسـتـوو ڕاپەڕێ.

مـەسیحییـەت بە پێچەوانە زۆرجاران ڕێبەرە ناهەقەکانی قبووڵ کردووە و لەژێر فـەرمـانیـدا مـاوەتەوە. وەک باوە لـە مـەسـیـحـیـیـەتدا دەگـوترێ. "ئەمـە قامچییەکە دەبێ مرۆڤە داماوەکان ژانەکەی بچێژن". زۆرکەم لە فـەیلەسووفان و دینناسـە مـەسـیـحـیـیـەکان وەک ئیـمـامی غـەزالی تاکـیـان هان داوە کـە

لێپرسینەوە لە دەسەڵاتدارە سەرەڕۆکان بکەن و ئەگەر هاتو خۆیان نەگۆڕی و یارمەتیی چارەسەرکردنی وەزعی ئاڵۆزیان نەکرد، ئەوە بە هەر ئامرازێکی شیاو هەوڵ بدرێ ڕاست بکرێنەوە. ڕاپەڕین و سەرهەڵدانە بەرهەقەکان لە کتێبی پیرۆزی موسڵمانەکاندا یان لانی کەم لە کتێبە لێکدانەوە ئاینییەکاندا مۆری سەلماندنیان لەسەر دانراوە و پەسند کراون.

چۆن مرۆڤ دەتوانێ لەگەڵ خراپە و ناپەسندییەکان بەربەرەکانێ بکا، پرسیارێک بوو کە بوو بەهۆی باس و موناقەشە لەلای زانایانی ئاینی لە سەدەکانی ناوەڕاست لە ئەوروپا. زانایان ئەم ئەرکەیان بەسەر زۆر کاتێگۆری چکۆڵە چکۆڵە کە هەر کامەیان وەڵامی تایبەت بەخۆی دەویست، دابەش کردبوو کە کووک لە کتێبەکەیدا ئاماژە بە هەموویان دەکا. زۆر بەشێوەیەکی گشتی جێبەجێکردنی ئەم ئەرکە بەسەر سێ شێوەدا دابەش کراوە: یەکەم؛ هێزی باسک، دووەم؛ زمان و سێیەم دڵ. واتە مرۆڤ بۆ پێشگرتن لە کاری خراپە و ناپەسند دەیتوانی لە زۆر و لێدان و برین یان لە زمان و قسە و ڕەخنەگرتن (سەرکۆنە بە دەم) یان بێزلێکردنەوە و مەحکوومکردن لە دڵ و دەروونیدا کەڵک وەرگرێ. بەشێک لە زانایان لەسەر ئەو باوەڕە بوون کە ئەم ئەرکە لە پلەی یەکەمدا دەکەوێتە ئەستۆی دەسەڵاتدارەکان، لە پلەی دووەمدا دەکەوێتە ئەستۆی زانایان و ڕووناکبیران و لە غەیری ئەمانەدا خەڵکی ئاسایی نابێ لە هیچ چەشنە شێوەیەکی مەترسیدار بۆ جێبەجێکردنی ئەم ئەرکە کەڵک وەرگرن، ئەوان دەبێ تەنیا بەوە ڕازی بن کە کەسانی خراپی وەک کفربێژ، عارەقخۆر، مۆسیقار و ژن و پیاوی بێ ئەخلاق لە دەروونی خۆیاندا مەحکووم بکەن. لێرەدا هاتووە "ماندۆلین" [ئامرازێکی مۆسیقایە] و شووشەی شەراب شکاندن، کارێکی خوا پەسندانەیە بەڵام ئەوانەش کە ئەم کارە ناکەن لە شەڕ و گێچەڵ بەدوورن چونکە دوورەپەرێزی دەکەن و خۆیان لە کاری خەڵکی تر هەڵناقورتێنن.

پاشان تەواوی ئەو کاتێگۆرییانە سەرلەنوێ بەسەر بەشی جیا جیادا دابەش کراون، بۆ ئەوەی لێ بکۆڵدرێتەوە لە ڕاستیدا لە چ هەلومەرجێکدا

ئەرکی ئاماژەپێکراو جێبەجێ دەکرێ. زۆربە لەسەر ئەو باوەڕە بوون کە دەبێ لە جێبەجێکردنی ئەو ئەرکە خۆ بپارێزرێ، ئەگەر هاتو دەرکەوت کە مەترسیی گەورەی بەدواوە دەبێ یان ئەوەی لە باتیی ڕاستکردنەوەی هەڵەیەک مرۆڤ بۆ خۆی تووشی هەڵەی قورستر ببێ.

ڕووناکبیرانی گەورەی ئیسلامیش لەم پێوەندییەدا لێکۆڵینەوەیان کردووە و لە مەبەستی بە ئەنجام گەیاندنی ئەو ئەرکە کۆڵیونەتەوە. یەکێک لە لێکۆڵەرەکان گەیشتە ئەو ئەنجامە کە کاتێک لە ڕاستیدا بە ئەنجام گەیاندنی ئەرکێک نرخی تەواوی خۆی وەدەست دێنێ کە ئەو ئەرکە بە دڵخوازی ئەنجام درابێ و هەروەها دەربکەوێ کە ئەم ئەرکە لە ڕێگەی عیشق بە خوادا ئەنجام دراوە.[...] " ئیمانوئێل کانت" کە پێی لەسەر ڕاوەستانی توند و قایم لەسەر ئەخلاق دادەگرت، ڕەنگە ئەم بۆچوونەی سەرەوەی زۆر بەدڵ بووبێ.

کووک هەموو قوتابخانەیەکی ئیسلامی هەر لە حەنبەلی و موتەزەللییەوە بگرە هەتا وەهابی کە مەزهەبی زۆرایەتیی سعوودییەکانە و هەروەها شیعەیزم کە ئێستاشی لەگەڵ بێ باس و موناقەشەی لە ئێرانی ئیمڕۆدا لەسەر دەکرێ، بەسەر کردووەتەوە. هەرچەندە کووک بۆ خۆی پێی وایە کە ڕەنگە خوێنەرانی کتێبەکەی جارجارێک هەموو زانیارییەکان نەتوانن وەربگرن، بەڵام لە ڕاستیدا لێکۆڵینەوەیەکی چڕوپڕ کراوەتە بناخە بۆ کتێبەکە. ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە نووسەر بێجگە لە زمانی عەرەبی، زمانەکانی فارسی و تورکیش بە باشی دەزانێ.

کووک هەوڵی لێکۆڵینەوەی ئەوە دەدا کە بزانێ ئیسلام بە گشتی چۆن لە قەدەغەبوون یان نەبوونی ئەرکی تاک دەڕوانێ؟ لە نێوان ئیسلام و مەسیحییەتدا ئەم ئەرکە لە زۆر بارەوە جیاوازیی هەیە. کووک دەڵێ مەبەست لە ئەرکی تاکە کەس پێش لە هەموو شتێک ئەوە نییە کە ئالیکاری کەسانی قوربانیی تاوان بکرێ، بگرە مەبەست ئەوەیە کە پێش بە کردەوەی خراپ و ناپەسند بگیردرێ. ئەمە لە جێدا بە خاتری ڕەزامەندیی خوا دێتە ئەنجامدان، نەک لەبەر خاتری هەستی مرۆڤدۆستانە. کاتێک مەسیحییەک پێش بە

دەسدرێژیی جینسی دەگرێ لەبەرئەوەیە ژنێک لە دەسدرێژیی پیاوێک ڕزگار بکا، بەڵام کە موسڵمانێک ئەم کارە دەکا، لانی کەم لەبەرئەوەیە پێش لە بێ ئەخلاقی و ئاکاری چەپەڵی ئەو کەسە بگرێ. هەروەها جێبەجێکردنی ئەم ئەرکە لەلای موسڵمانەکان بە تەواوەتی جیاوازیی هەیە لەگەڵ ئەو بیر و بۆچوونە مەسیحییە کە دەڵێ " ئەوەی کە بۆ خۆی لە هەموو هەڵە و تاوانێک بێبەرییە، دەبێ یەکەم بەرد بهاوێژێ." بە دانانی شەرتێکی لەم چەشنە، هەر زوو دەردەکەوێ کە ئەرکی ئاماژەپێکراو هیچ مانایەکی نامێنێ. ئەڵبەت دەبێ ئەوەش بگوترێ هیچ جۆرە لە زیادەگوتنێک نییە، ئەگەر بگوترێ، لیبرالیزم زۆر بە زەحمەت توانیویەتی لەنێو کولتووری ئیسلامدا ڕیشە دابکوتێ. کووک دەڵێ: "ئیسلام بە خەڵکی دەڵێ باوەڕ بە چی بکەن و چۆن بژین بەڵام لیبرالیزم ئەوەیە کە مرۆڤ بۆ خۆی بڕیار بدا کە باوەڕی بە چی بێ و چۆن بژی." کووک زۆر بە زەحمەت لێرەدا ساچان (کومپرێمیس) دەبینێ، ئەوەی لە کولتووری ڕۆئاوادا دەگوترێ anything goes- individualism (هەموو شتێک پێوەندیی بە مرۆڤ خۆیەوە هەیە) زۆر بە زەحمەت دەتوانێ لەنێو موسڵمانە وشک و کۆنەپارێزەکاندا جێ پێیەک بۆ خۆی بکاتەوە. زۆربەی ئەو دیناسانەی کە لە کتێبەکەی کووکدا ئاماژەیان پێ کراوە، لەسەر ئەوە هاودەنگن کە هەڵەیە ئینسانەکان لەسەر هاوخوێنەکانی خۆیان واتە ئینسانەکانی تر سیخوڕی بکەن یان بە کردەوە وەدووی گوناحکارەکاندا بگەڕێن، تەنیا لەبەرئەوەی سزایان بدەن. بەڵام ئەمە تەنیا لایەک لە مەسەلەکەیە. زۆربەی مەزهەبە جۆرەوجۆرەکانی ئیسلام ئەو بیرە زۆر نوێ و ڕۆئاواییە کە دەڵێ:" گوناحێک کە بۆ ئینسانەکانی تر هیچ زەرەر و زیانێکی نییە، پێویست ناکا گوناحکارەکەی سزا بدرێ"، پەسند ناکەن و ئێستاش وا بیر دەکەنەوە کە ئەمە لەلایەن خواوە هەڵەیە و موسڵمانێکی باش و بەباوەڕ دەبێ ئەوەی لە توانادا هەیە بۆ پێشگرتن لە کاری ناشایست بیکا.[...]

ئەم بەراورد و لەبەریەکدانانە لە نێوان دین و بیرمەندانی جۆرەوجۆردا تەنیا چەند لاپەڕەیەکی لە کتێبە گەورەکەی کووک لەخۆ گرتووە.[...] لە ڕاستیدا

کەس تەنانەت میکائیل کووکیش ناتوانێ کولتووری دەوڵەمەند، پان و بەرین و هێندێک جار جیاوازیی ئیسلامی لە کتێبێکدا کورت بکاتەوە. لەگەڵ ئەوەش کتێبەکەی کووک دەتوانێ لەسەر ئەو تایبەتمەندییانەی وەک تێکەڵاوی دین و سیاسەت و "ئەرکی باشترکردنی دنیا لەسەر شانی هەر موسڵمانێک" کە زۆرجاران بە ئیسلامەوە بەستراونەتەوە، ڕوونکردنەوەی پێویست بدا بە خوێنەران.

سەرچاوە: بەشی ئەدەبی ڕۆژنامەی سوێدی Dagensnyheter

تێبینی: ئەم کتێبە لەلایەن دەزگای چاپەمەنیی زانستگەی Cambridge لە ئینگلیز بڵاو کراوەتەوە.

# ئەمەریكا و دۆستە نەحسەكانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا

## ڕۆڵی ئەمەریكا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا
## ١٩٤٥-٢٠٠١

پەر یۆنسۆن
ڕۆژنامەوان لە ڕۆژنامەی داگێنسنیهێتر

بۆ یەكەم جار نەوت بوو كە ئەمەریكای لە سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە، تێوەگلاند، پشتیوانیكردن لە ئیسرائیل لە ڕاستیدا مێژوویەكی نوێتری هەیە. لە پاش شەڕی دووەمی جیهانی هەتا ئیمڕۆ، هەموو سەركۆمارەكانی ئەمەریكا چ ویستبێتیان یان لە مەجبووری كردبێتیان ئەوە خۆیان لە سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەڵقورتاندووە، شەڕیان هەڵخراندووە یان دایانمركاندووەتەوە و داهاتێكی زۆریان بۆ ئەم مەبەستە لەم ناوچە پڕ هەستیارەدا تەرخان كردووە. سیاسەتی "بوش" و " بەرە نوێیەكەشی لە دژی تیرۆریزم" هەمان درێژەی ستراتیجیی كلاسیكی ئەمەریكاییە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا كە لەودا هاوپەیمانییەتێكی لەرزۆك لە دژی پڕ مەترسیترین دوژمنی كاتی دامەزراوە. نیو سەدەیە ئەمەریكا لە پێشوەچوونە سیاسی و ئابوورییەكانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، خۆ هەڵدەقورتێنێ.

لە بەرەبەری كۆتاییی شەڕی دووەمی جیهانیدا، لە فێڤرییەی ساڵی ١٩٤٥ "فرانكلین دی روزڤێلت"، سەركۆماری ئەودەمی ئەمەریكا، لەنێو پاپۆڕێكی هەڵمدا لە دەریای سوور چاوی بە ئیبنە سعوود شا و دامەزرێنەری دەوڵەتی سعوودیە دەكەوێ. وڵاتێك كە تەنیا چەند ساڵ بەر لەو مێژوو نەوتی لێ دۆزرابووەوە. ئیبنە سعوود ئەو كۆنە شەڕوانەی سەحرای عەرەبستان، ٢٠٠

سەرمەڕی زیندوو هەروەها کیسەیەک حەبی بەهێزبوونی جینسیی پێ بوو، ئیتر نازانرێ ئاخۆ ئەمانەی بۆ سەوقات لەگەڵ خۆ هێنابوو یان تەنیا بۆ توێشووی ڕێگەی خۆی ئامادە کرابوون. سەرەڕای ئەم جۆرە خۆناساندنە ناحەزەی ئیبنە سعوود، روزڤێلت بەڵێنی پێ دا کە ئەمەریکا لەسەر ئیبنە سعوود حیسابی تایبەتی دەکا و عەرەبستانی سعوودیە وەک ناوەندی بەهێزی جیهانی عەرەب دەبینێ.

بەم شێوەیە زلهێزێکی وەک ئەمەریکا یەکەم هەنگاوی بۆ خۆتێوەگلاندن لە سیاسەتی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاستدا، نا. لەم مێژووە بە دوواوە، هەموو سەرکۆمارەکانی ئەمەریکا بەهەر نرخێک بۆیان تەواو بووبێ لەم ناوچە پڕ هەستیارەی جیهاندا، شەڕیان هەڵخراندووە یان شەڕیان دامرکاندووە.

ڕەنگە هەتا ئێستا "بوشی چکۆڵە" پێی وابووبێ کە ئەو دەتوانێ بەسەر تەنگژەکانی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاستدا باز بدا و خۆی لێیان گێل بکا، هەروەک ئەوە لە بەرانبەر ڕاپەڕینە نوێ و سەرنج ڕاکێشەکەی فەلەستیندا کردی. ئەو تەنیا خۆی بەوە ڕازی کرد کە درێژە بە سیاسەتی پێشووی کلینتۆن لەسەر بۆمببارانی جار بەجاری عێراق و هێشتنەوەی ئابڵوقەی سەر سەدام، بدا.

بەڵام هێرشە تیرۆریستییەکان بۆ سەر نیویۆرک و واشینتۆن، داوودەزگای ئیدارەی بوشی ناچار کرد کە سەرنجی سیاسەتی ئاسایشی ئەمەریکا بەرەو لای ناوچەکانی نێوان دەریای ناوەڕاست و هیمالایا ڕابکێشێ. لەو "بەرە نێونەتەوەییەی کە بوش لە دژی تیرۆریزم" وەڕێی خستووە، جارێکی تر گەڕاوەتەوە سەر سیاسەتی کۆن و کلاسیکی جاران لە ستراتیجی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاستدا واتە " سازکردنی هاوپەیمانەتیی لەرزۆک لە دژی پڕ مەترسیترین دوژمنی کاتی".

لە کاتی شەڕی سارددا، بە زۆری کێشەی سۆڤیەت و "کۆمۆنیزمی جیهانی" لە ڕۆهەڵاتی ناوەڕاستدا لە ڕۆژەڤدا بوو. یەکەمین تەنگژەی دەورانی شەڕی سارد لە ئێراندا ڕووی دا. لەو سەردەمەدا بەشی باکوری ئێران لەلایەن سەربازانی سوورەوە لە ساڵی ١٩٤١ و هەروەها لە هەمان کاتیشدا بەشی

باشـوورەکـەشی لەلایەن ئینگلیـزەوە داگیـر کرابوو، پایزی سـاڵی ١٩٤٥ لەو بەشەی کە سۆڤیەت داگیری کردبوو، ڕاپەڕینەکان سەریان هەڵدا و کۆمارێکی سـەربەخـۆ دامـەزرا. [لێرەدا مـەبەسـتی نـووسـەر کۆمـارەکـانی ئازەربایجـان و کوردستانە] لە پاش هەڕەشەی دووقۆڵیی ئەمەریکا – ئینگلیز و هەروەها دانی ئیمتیازی نەوتی باکور لەلایەن ئێرانەوە بە سۆڤیەت، ئەرتەشی سوور خاکی ئێرانی بەجێ هێشت و هێزە ئێرانییەکانیش ڕاپەڕینەکانیان سەرکوت کرد.

چەند ساڵ دواتر لە ساڵی ١٩٥١، سەرەک وەزیری ئێران محەمەد مسەدەق، نەوتی ئێرانی کە هەتا ئەودەم لەژێر کۆنترۆڵی ئینگلیزدا بوو، نەتەوەییی ڕاگەیاند. ئەمە بوو بەهۆی ئەوە کە ئینگلیز و ئەمەریکا پێکەوە تۆڵە لە ئێران بکەنەوە و تەوژمی ئابووری بخەنە سەر ئەم وڵاتە. کاتێک دەرکەوت کە ئێران بۆ ڕزگاربوون لەو بارودۆخە کە تێی کەوتووە، خەریکە پەنا بۆ سۆڤیەت بەرێ، ئەوە لەلایەن دەزگای سیخوڕی ئەمەریکاوە CIA کودێتا لە دەوڵەتی ئێران کرا و مسـەدەق لەسـەر کـار لابرا. پاش کـودێتـا شـیـرکـەتە ئـەمـەریکاییـیـەکـان دەسـەڵاتیـان گـرت بەسـەر دەرهێنانی نەوتی ئێرانـدا و شـای ئێرانیش کـرا بەیەکێک لە دۆستە هەرە نزیکەکانی ئەمەریکا لە ناوچەکەدا.

هەر لەو دەمـەوە دەرکـەوت کە نەوتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست زۆر لە پێشتـر و گـرینگتـر بوو لە خـەبات لە دژی تەنینەوە و بەرفـراوانبـوونی دەسـەڵاتی کـۆمـۆنیـزمی سـۆڤـیـەتی. کـاتێک ڕۆزڤێلت و سـەرکـۆمـارەکـانی دوای ئەو دۆستایەتیی خۆیان لەگەڵ ئیبنە سعوود پتەو کرد، وا دەهاتە پێش چاو کە ئەمـەریکا بە نەبوونی ڕابردووی کۆلۆنیـستیـیـانە باشـتر لە ئینگلیزی کـۆنە کـۆلۆنیـالیست، ڕێگە بۆ پێشکەوتن و مۆدێرنیزەکـردنی وڵاتی عـەرەبسـتـان بکاتـەوە. بەڵام بەکـردەوە وا دەرنەچوو، بگرە ئەمـەریکا لە بینینی ڕۆڵی باوکایەتی بۆ عەرەبستان، ڕێگەی بۆ بەڕێوەبەرییەکی فیئۆدالیانە خۆش کرد. لەگەڵ ئەوەی کـاتی خـۆی حکوومـەتی ئینگلیز بـوو کە دەوڵەتی عـەرەبسـتـانی بەمـەبەسـتی قـایمکردن و مـانەوەی دەسـەڵاتی ئیـمـپریـالیسـتـانەی خـۆی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باشـووری ئاسـیـا دامـەرزاندبوو، بەڵام لە کـاتێکدا

ئینگلیزییەکان قوتابخانە و پرۆژەی پێشکەوتوویان لە کۆلۆنییەکانی خۆیاندا دروست دەکرد، ئەمەریکاییەکان بە بیانووی پاراستنی سەربەخۆیی سعوودیە، بە لایانەوە گرینگ نەبوو کە چۆن ئیبنە سعوود و هەزاران شازادەی دەوروبەری پەخشان تەخشان بەسەرپارەی نەوتی ولاتەکەیانەوە دەکەن.

هەر لە کۆنەوە و ئێستاشی لەگەڵ بێ، بۆ ئەمەریکا نەوتە لەبن نەهاتووەکەی سەحرای عەرەبستانە، تاکە هۆکاری دۆستایەتی و هاوپەیمانییەتی لەگەڵ سعوودیە نەک شتی تر. هەر بۆیە هیچ کام لە سەرکۆمارەکانی ئەمەریکا بەکردەوە نەیانویستووە یان نەیانوێراوە باسی مۆدێرنیزەکردنی بەڕێوەبەری و حکوومەتداری سعوودیە وەک شەرت و مەرجی هاوپەیمانییەتی بێننە گۆڕێ. "جۆن ئێف کندی" هەوڵێکی دا و توانی شا "فەهد" ڕازی بکا کە بەشێوەیەکی فەرمی "بەردەداری" هەڵوەشێنێتەوە.

لە ماوەی سەرکۆماری "کارتێر" و "ڕەیگان" بە ڕەزامەندیی ئەمەریکا، سعوودیە پشتیوانییەکی قورس و قۆڵی ماڵی لە عێراق لە شەڕ لە دژی ئێران لە نێوان ساڵەکانی ١٩٨٠– ١٩٨٨ کرد. لە ساڵی ١٩٨٤، واشینتۆن لەگەڵ ڕێژیمی دیکتاتۆری سەدام حوسێن، وەک دووەم ولاتی بەرهەمهێنەری نەوت لە جیهاندا، پێوەندییە دیپلۆماتیکەکانی خۆی ئاسایی کردەوە. ئەمە وەک تۆڵەکردنەوەیەک لەلایەن ئەمەریکاوە لە ئێران دەهاتە نرخاندن کە پێنج ساڵ بەر لەو مێژووە (١٩٧٩–١٩٨١) تاج و تەختی شا لەلایەن ئایەتوڵڵا خومەینییەوە تێکومەکان درابوو، هەروەها باڵوێزخانەی ئەمەریکا لە تاران داگیر کرابوو.

دواتر ئەمەریکا و سعوودیە پێکەوە وێڕای دیکتاتۆرە سەربازییەکانی پاکستان یارمەتیی ماڵی و سەربازییان بە شەڕی گریلایی لە ئەفغانستان لە پاش هاتنە نێوەوەی ئەرتەشی سۆڤییەت لە ساڵی ١٩٧٩ کرد. هەر لەو سەروبەندەدا بوو کە ئوسامە بنلادن بۆ یەکەم جار دەرکەوت و وردە وردە بیری ڕێکخستنی توندوتیژی کەوتە کەللەوە. دەرکەوتنی بنلادن لە خۆیدا

ئاکامی سیاسەتی داوودەزگای "ڕەیگان" بوو کە لە ئیسلامییە توندڕۆکان لە شەڕ لە دژی " دەسەڵاتی شەیتانی" کۆمۆنیزمدا پشتیوانیی دەکرد.

گرینگترین کاتی دوایەی دەست لەملانبوونی ئەمەریکا و سعوودیە لە ساڵی ١٩٩٠– ١٩٩١ هاتە کایەوە، ئەویش بۆ وەدەرنانی ئەرتەشی لە شەڕ قاڵبووی سەدام حوسێن لە کوێت کە لە چاوترووکاندنێکدا، هەموو خاکی نەوتاویی نیوە کەنداوی عەرەبی خستبووە مەترسییەوە. بۆ ئەم شەڕە "بوشی گەورە" بە یارمەتیی ماڵی هەرە گەورەی سعوودیە (٧٠ میلیارد دۆلار) و بە ڕەزامەندیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، هێزێکی نێونەتەوەیی (زیاتر لە نیو میلیۆن سەرباز) کۆ کردەوە. لەگەڵ ئەم هێزە تەنانەت وڵاتانی لەگەڵ یەکتر نەسازاوی وەک سووریا، میسر و مەراکیش ڕەگەڵ کەوتن.

بڕیاری سعوودیە لەسەر ڕێگەپێدان بە هاتنی هێزە هاوپەیمانە ٢٨ حکوومەتییەکان بۆ نێو خاکی سعوودیە و هەروەها جێگیربوونی هێزە ئەمەریکاییەکان لەو وڵاتە و نەگەڕانەوەشیان پاش شەڕی کوێت، دواتر بوو بە بەڵا هەم بۆ سەر بنەماڵەی ئیبنە سعوود و هەمیش بۆ سەر ئەمەریکا. ڕێکخراوە فۆندەمەنتالیستە ئیسلامییەکان و لەنێو ئەواندا دارودەستەی بنلادن "القاعدة" قەبووڵیان نەکرد کە خاکی پیرۆزی مەککە و مەدینە بکرێنە بنکەی سەربازە "جلکورتە کافرە ڕۆژئاواییەکان". ئیتر لەودەمەوە بنەماڵەی پاشایەتیی سعوودیە و بنکە ئەمەریکاییەکان کەوتنە بەر هێرشی تیرۆریستی کە ڕووداوی فرە تێدا کوژراوی [١١ی سێپتەمبەر] گەورەترینی ئەو هێرشانە بوو. ئەگەر نەوت و شەڕ لە دژی کۆمۆنیزم هۆکارە هەرە گرینگەکانی پشتەوەی سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی ئەمەریکان، کەوایە پشتیوانیی ئەمەریکا لە ئیسرائیل بە زەحمەت جێگەی تێگەیشتنە.[...]

## کرۆنۆلۆجیا

١٩٤٥: "فرانکلین دی روزڤێلت"، پەیماننامەی دۆستایەتی لەگەڵ سعوودیە دەبەستێ.

١٩٤٧: "گەلاڵەی دابەشکردن" لەلایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگەتووەکانەوە لەسەر فەلەستین سەر ناگرێ و ئاکامەکەی دەبێتە هۆی ئەوەی کە دەوڵەتی ئیسرائیل لە ١٤ی مایی ساڵی ١٩٤٨ خۆی ڕابگەیەنێ.

١٩٥٣: مسەدەق سەرۆک وەزیری ئێران لەلایەن دەزگای (CIA)ەوە کودێتای لێ دەکرێ و لەسەر کار لادەبرێ لە پاش ئەوەی نەوتی ئێرانی ژێر سەیتەرەی ئینگلیزی نەتەوەیی کرد. شا پەهلەوی دەبێتە یەکێک لە دۆستە هەرە نزیکەکانی ئەمەریکا لە ڕۆهەلاتی ناوەڕاستدا.

١٩٥٦: تەنگژەی سوئێز: ئەمەریکا دەوڵەتانی ئیسرائیل، ئینگلیز و فرەنسا ناچار دەکا کە هێرشەکانیان بۆ سەر جەمال عەبدول ناسر ڕابوەستێنن.

١٩٦٧: شەڕی شەش ڕۆژە: ئیسرایل سەحرای سینای میسر، بەرزاییەکانی جۆلان، کەناری ڕۆئاوا و غەزە داگیر دەکا.

١٩٧٣: شەڕی ئۆکتۆبەر: بە نێوبژیویکەری ئەمەریکا، بەپێی ڕێککەوتننامەی کەمپ دەیوید" ئیسرائیل سەحرای سینا چۆڵ دەکا.

١٩٧٩: شای ئێران لە ڕاپەڕینێکی جەماوەریدا دەڕووخێ و باڵوێزخانەی ئەمەریکا لە تاران لەلایەن ڕێژیمی توندڕۆی ئیسلامیی خومەینییەوە داگیر دەکرێ. سۆڤیەت ئەفغانستان داگیر دەکا و دەبێتە هۆی ئەوەی ئەمەریکا و سعوودیە پشتیوانیی بێ سنووری خۆیان بدەن بە گریلا ئەفغانییەکان.

١٩٨٠: عێراق هێرش دەکاتە سەر ئێران، سعوودیە بە ڕەزامەندیی ئەمەریکا

خەرجی داوودەزگای شەڕی سەدام حوسێن وەئەستۆ دەگرێ.

١٩٩٠: عێراق کوێت داگیر دەکا و دەبێتە هۆی دامەزراندنی هێزە هاوپەیمانەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بە سەرۆکایەتیی ئەمەریکا و پشتیوانیکردنی ماڵی سعوودیە کە شەش مانگ دواتر هێزەکانی سەدام حوسێن لەوێ وەدەردەنرێ.

١٩٩٣: ڕێککەوتننامەی "ئۆسلۆ" بە پشتیوانیی ئەمەریکا ئیمزا دەکرێ و ئیسرائیل و ڕێکخراوی ڕزگاریدەری فەلەستین PLO ددان بەناسینی یەکتریدا دەنێن.

١٩٩٦: هێرشە تیرۆریستییەکان بۆ سەر بنکە سەربازییەکانی ئەمەریکا لە سعوودیە و کوژرانی ١٨ سەربازی ئەمەریکایی.

١٩٩٨: هێرشی تیرۆریستی بۆ سەر باڵوێزخانەکانی ئەمەریکا لە "کینیا" و "تانزانیا" و کوژرانی زیاتر لە ٢٠٠ کەس.

٢٠٠٠: دەسپێکردنی سەرهەڵدانی "ئەلئەقسا" لە فەلەستین. تەقینەوەی بۆمب لە Uss Cole ئەمەریکایی لە یەمەن و کوژرانی ١٧ کەس.

٢٠٠١: ١١ی سێپتەمبەر.

سەرچاوە: ڕۆژنامەی سوێدی Dagensnyheter، ٢١ی سێپتەمبەری ٢٠٠١.

## شەڕوانانی جیهادکەری ئیسلامی Made in USA

ڤانا بەکمان

کۆواری سوێدی "بەرەی وشە" Ordfront 9/2009

Vanna Beckman کتێبەکەی John K. Cooley بەناوی "شەڕی پیرۆز" کە لە ڕابردووی ١١ی سێپتەمبەر دەکۆڵێتەوە، خوێندووەتەوە و ئەم هەڵسەنگاندنەی خوارەوەی لەسەر نووسیوە:

" کاتێک مرۆڤ بڕیار دەدا کە بچێتە شەڕی بەرهەڵستکارە هەرە گەورەکانی، دەبێ زۆر بەوردی ئەو ئینسانانەی کە لەم پێوەندییەدا وەک دۆست، هاوپەیمان یان سەربازی بەکرێگیراو، هەڵدەبژێردرێن، هەڵسەنگێندرێن. زۆر بەوردی لێکۆڵینەوە لەسەر هاوپەیمانەکان بکرێ کە ئاخۆ ڕابردووی خراپیان نییە و ئاخۆ ڕۆژێک لە پشتەوە خەنجەرت لێ نادەن؟"

ئەمە ڕاستییەکە لە سەردەمی ئیمپراتۆری ڕۆمدا تەجروبە کراوە و هەتا ڕۆژی ئیمڕۆش وەک بنەمایەک پەسند کراوە. دەبوا سەرکۆمار کارتێر ئەم بنەمایەی لە بیر بایە کاتێک بڕیاری دا کە لە دژی سۆڤیەت لە ئەفغانستان هاوکاری لە ئیسلامیستەکان وەربگرێ. ڕاکێشرانی ئیسلامییەکان بۆ نێو خەباتی دژی کۆمۆنیزمی جیهانی زەحمەت نەبوو، بەڵام کارتێر خەیاڵی ئەوەی نەکردبوو کە ٢٠ ساڵ دواتر وڵاتەکەی ڕاست دەکەوێتە شەڕ لەگەڵ ئەوانەوە.

"شەڕی ناپیرۆز" ناوێکی زۆر پڕ بەپێستە بۆ کتێبەکەی "جۆن کەی" کە هەتا ئێستا ئینگلیزییەکەی دووجاران چاپ کراوەتەوە و هەروەها لەلایەن "ئیدوارد سەعید"یشەوە پێشەکیی بۆ نووسراوە.

کتێبەکەی جۆن کەی [...] زانیارییەکی زۆری کەم بیستراو دەدا بەخوێنەر: مێژووی موسڵمانەکانی چین هەر لە زەمانی جەنگیزخانی مەغۆلەوە، بەسەرهاتی فیرقەی حەشیشەخۆری شیعە لە باکوری وڵاتی پارس لە سەدەی سێزدەم و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی "لەزگینەکان" کە بە هۆی ئەفغانەکانەوە پشتیوانی دەکرێن و وڵاتەکەیان لە نێوان داغستان و باکوری ئازەربایجاندا دابەش کراوە، چەند نموونەیەکی ڕەنگاوڕەنگ لە زانیارییەکانی کتێبەکەن. [...]

... مرۆڤ تێگەیشتنی نوێ وەردەگرێ کە یەکەتیی سۆڤیەت لە ترسی وشیاربوونەوەیەکی ئیسلامی کە هەڕەشەی لە یەکەتیی خاکی سۆڤیەت کردووە، بۆ پاراستنی یەکێک لە هاوپەیمانەکانی هێرش دەکاتە سەر ئەفغانستان. لەلایەکی تریشەوە چۆن ئەمەریکا تەپڵی شەڕی لێ داوە لەبەرئەوەی پێی وابووە کە رووسەکان بەناو خاکی ئەفغانستاندا دەیانەوێ بەرەو ئۆقیانووسی هیند برۆن. ئەمەریکا پێشبینیی ئەوەی نەکردبوو کە دە ساڵ دواتر یەکەتیی سۆڤیەت هەرەس دێنێ و کێشەی ئەفغانستانیش دەبێتە یەکێک لە هۆکارەکانی رووخانی.

زۆر زانیاریی تر لەم کتێبەدا هەن کە هەتا ئێستا نەگەیشتوونەتە میدیا و باس و بڵاو نەکراونەتەوە. بۆ نموونە باسی "کلووبی باخی وەحش". کلووبی باخی وەحش ناوێکی خوازراو بوو کە لەلایەن رۆژنامەنووسی میسری "حەسەنێن هەیکەل" بەو گرووپە نهێنییە دەگوترا کە لە سەرۆکی دەزگای دەرەوەی سیخوڕی فرەنسا "گرێڤ دو مارێنش" لە حەفتاکاندا، سەرۆکی دەزگای ئاسایشی عەرەبستانی سعوودیە کەمال ئەدهەم، سەرکۆماری میسر ئەنوەر سادات، شای ئێران و شا حەسەنی دووەم لە مەراکیش پێکهاتبوو. ئەرکی سەرەکیی ئەم گرووپە ڕاپەڕاندنی کار و خەباتی دژی کۆمۆنیستی لە جیهانی سێیەمدا بوو، بەبێ ئەوەی خۆیان ئاشکرا بکەن. یەکێک لە کارە هەرە بەرچاوەکانی ئەم گرووپە ئامادەکردنی ئەنوەر سادات بۆ سەفەری ئیسرائیل لە ساڵی ١٩٧٧ بوو کە سەرەنجام بوو بەهۆی مۆرکردنی پەیماننامەی ئاشتی لە نێوان میسر و ئیسرائیلدا. هەروەها ئەم گرووپە لە دژی هێرشی سۆڤیەت

لە ئەفغانستان کەوتنە کار و هاوکارییەکی باشی ئەمەریکایان کرد.

پاکستان، چین، عەرەبستانی سعوودیە و میسر لە کێشەی ئەفغانستاندا گرینگترین دەوڵەتە هاوپەیمانەکانی ئەمەریکا بوون. ئەمەریکا هەموو دەسەڵاتێکی دا بە بەرپرسە پلە بەرزەکانی دەزگای ئاسایشی پاکستان ISI و هەروەها لە میسر و ئەمەریکاوە چەک و چۆڵی لە ژمارە نەهاتوو بۆ پاکستان ڕەوانە دەکرا کە موسڵمانەکانی بۆ شەڕی گەورەی جیهاد پێ ئامادە بکەن.

بەهۆی ڕێکخراوە خێرخوازە ئیسلامییەکانەوە و کۆڕ و کۆمەڵی سەر بە مزگەوتەکانەوە، هەزاران لاوی موسڵمان بۆ شەڕی جیهاد ئامادە کران. ئەو لاوانە لە کەمپی Connecticut و کەمپێکی نهێنی لە سکۆتلاند Skottland فێری مەشقە سەرەتاییە سەربازییەکان وەک گوللە هاویشتن دەکران. زۆر کەس لەو موسڵمانانە لە کەمپی جۆرەوجۆری نهێنیی سەربازی لەلایەن دەزگای CIAەوە لەنێو خودی ئەمەریکادا ئامادە دەکران. بە تایبەت لە پیشاوەر و کویەتەی پاکستان لەژێر فەرماندەری دەزگای ئاسایشی پاکستاندا مەشقی سەربازییان پێ دەکرا. لاوانی موسڵمان لە پاکستان، مالیزیا، فیلیپین، میسر و هەموو وڵاتە عەرەبییەکان کۆ دەکرانەوە و پاشان لەلایەن CIAەوە فێری هەموو جۆرە مەشقێکی سەربازیی وەک مەشقی ستراتیجی، خراپەکاریی ناڕاستەوخۆ، تەقاندنەوە، فێربوونی چەکە مۆدێرنەکان، بۆمب دانانەوە و ئاگرتێبەردان دەکران. جۆن کەی بۆ نووسینی کتێبەکەی لە زۆر سەرچاوەی دەوڵەمەند، کتێب، دەنگوباسی میدیا و ئەزموونە تایبەتییەکانی خۆی کەڵک وەردەگرێ. ناوبراو لە ماوەی چل ساڵدا وەک ڕیپۆرتێر لە ڕۆژنامەی "کریستیان ساینس مانیتۆر"، ڕادیۆی ئەمەریکا و تەلەڤزیۆنی ABC لە وڵاتەکانی دەوروبەری دەریای ناوەڕاستدا کاری کردووە.

جۆن کەی باسی ئەوە دەکا کە چۆن پاش شەڕی ئەفغانستان لە ساڵی ١٩٨٩ کاتێک موسڵمانە شەڕوانەکان گەڕانەوە بۆ وڵاتەکانیان بە تەواوی گۆڕدرابوون وەک ئینسانی تر گەڕانەوە. ئەو موسڵمانانە بووبوون بە خاوەنی ئایدۆلۆجیایەکی پتەوی ئیسلامی و هەروەها لەلایەن CIAەوە کرابوون بە

شـەڕوانی بەتواناش. ئەوان هـەر لە گەڕانەوەدا دەسـتیان کرد بە ئەنجامدانی کردەوە تیرۆریسـتییەکان لە میسـر، جەزائیر، یەمەن، عەرەبسـتانی سعوودیە و تونس. لە پێـشـدا بـە ڕەزامـەندیی دەوڵەتەکـانی خـۆیانەوە نێـردرابوون بۆ ئەفغانسـتان بۆ شەڕکردن لەگەڵ کۆمـۆنیـزمی جیـهانی ئێسـتاش بووبوون بە بەڵا بۆ سـەر خۆیان. هەروەها لە وڵاتە موسـڵمـانەکانی پـچڕا و لە یەکـەتیی سـۆڤیەت، هەر ئـەو موسڵمانانە لە خراپەکاری و کردەوەی تیرۆریستیدا بە تایبـەتی لە چێـچانسـتـان، تاجیکسـتـان و شـەڕەکـانی قـەرەباغ ڕۆڵی زۆر گرینگیـان گـێـڕا. دەزگـای ئاسـایشی پاکسـتـان لە شـەڕی دژی سـۆڤیـەت ئەزموونی بەسوودی وەرگرتبوو، هـەر بۆیە ئەمـەریکا ئەو مەترسییەی هـەبوو کە پاکستـان ئەو ئەزموون و زانیـارییانە لە دژی هیندسـتان لە کەشمیردا بەکار بێنێ.

جـۆن کـەی لە کتێبـەکـەیدا تەنیا باسـی بڵاوبوونـەوەی "پەتای تیرۆریزم" ... ناکا، بگرە پەنجەی بۆ مەسـەلەیەکی یەکجار گرینگی وەک کێشەی نارکۆتیکا کە لە "ناوچەکانی مانگی زێڕین" (ئەفغانستان، پاکستان و ئێران) بە هەموو جیـهانـدا بڵاو دەبێتـەوە و قـازانجـەکـەی بە سـەدان مـیلیـارد دۆلار لە سـاڵدا مەزندە دەکرێ، ڕاکێشاوە. [...]

جـۆن کـەی باسـی کـۆبوونـەوەیەکی نێـوان بەرپرسی دەزگـای سـیـخـوڕی دەرەوەی فرەنسا "مـارێنش" و سـەرکۆمار ڕەیگان لە سـاڵی ١٩٨١ دەکا. لەو کـــۆبـوونـەوەیـەدا ڕەیـگـان گـــوتوویـەتـی: " تـەواوی نـارکـــۆتـیـکـا دەسبەسـەرداگیراوەکان بـە ئێوە دەدەم بە مـەرجێک ئەو بەڵایـەی "ڤیتکۆنگ" بەسـەر ئەرتەشی ئـەمـەریکا لە ڤـیـتـنام هێنای، ئێـوەش بەسـەر ئەرتـەشی سـۆڤیـەتی بێنن، لە ڕێگەی نهێنییـەوە نارکـۆتیکا بگەیەنن بە سـەربازەکـانی سۆڤیەت، ئێوە باش دەزانن کە مێشوولەیەک چۆن دەتوانێ زەحمەت و گرفتی گەورە بۆ ورچێک پێک بێنێ." ...

سـەربازە ئەفغانییـەکان لە هەردوولا [ چ ئەوانەی شـەڕی پیرۆزیان دەکرد و چ ئەوانەی لـە سـەنگەری کـافراندا دەجـەنگین] لە وەرزی پێگەیشـتنی گـوڵی

خاشخاش [ترياك]دا دەستيان لە شەڕ بەردەدا و هەتا بيانتوانيبايە ترياكيان دەفرۆشت. بەرهەمهێنان و فرۆشتنی مادەی مۆرفین و هیرۆین بوو بە گەورەترين سەرچاوەی ماڵی بۆ هەموو لايەک چ لە بەرەی شەڕی پيرۆز و چ لە بەرەی شەڕی ناپيرۆز.

لێرەدا هەم ئەمەريكاييەكان و هەميش تاڵەبانەكان دووڕووانە جووڵانەوە. هيچ سەركۆمارێكی ئەمەريكا نەبووە كە "شەڕ لە دژی ناركۆتيكا" ڕانەگەيەنێ. ڕێكخراوی تێكۆشان لە دژی ناركۆتيكا لە ئەمەريكا بەناوی DEA هەتا ئێستا بە ميليارد دۆلاری لەم ڕێگەيەدا لە كيس داوە. بەڵام لەلايەكی ترەوە CIA و هاوپەيمانەكانی لە بڵاوكردنەوەی ناركۆتيكادا نەخشی گرينگ دەگێڕن.

بە هەمان شێوەش تاڵەبانەكان دەيانگوت: "موسڵمانە ڕاستينەكان نابێ لە بڵاوكردنەوەی ناركۆتيكادا دەستيان هەبێ". لەلايەكی تريشەوە ناركۆتيكا سەرچاوەی پارە بوو بۆ ئەوان.

هەموو كەس دەيزانی كە قاچاخفرۆشانی ناركۆتيكا لە ڕێگەی پاكستانەوە چەک و چۆڵيان دەبردە ئەفغانستان و لەو سەرەوە ناركۆتيكايان لەگەڵ خۆيان دەهێنايەوە. لەبەرئەوەی ناردنی مۆرفين لە ترياكی خۆشەنەكراو ئاسانتر بوو، لەنێو ئەفغانستاندا، كارگەی بەرهەمهێنانی مۆرفين وەک كارگ هەڵتۆقين و لە هەموو ئەفغانستاندا بڵاو بووەوە. [...] ئيمڕۆ ئەفغانستان، پاكستان و ئێران گەورەترين ناوەندی بەرهەمهێنانی هيرۆين لە جيهاندان و بە هەزاران ئينسان لە هەر چوار قوژبنی جيهان بەهۆی ئەوانەوە دەمرن.

تێبينيی وەرگێڕ: ئيدوارد سەعيد لە پێشەكيی ئەم كتێبە "شەڕیپيرۆز"دا دەنووسێ: "ئەم كتێبە نيشان دەدا كە بزووتنەوە ميليتانتە ئيسلامييەكان تەنيا لەلايەن هەژارە سەرلێشێواوە هيوابڕاوەكانی كۆمەڵگەی ژێر ستەم و چەپۆكی ئيسلامی دانەمەزراون، بگرە زلهێزێكی وەک ئەمەريكاش لە دروستكردنياندا دەستی هەبووە"..." ئەم كتێبە لە خۆيدا هاوتای نييە و ئێمە دەبێ زۆر خۆمان بە بەختەوەر بزانين كە ئەم كتێبەمان وەدەست كەوتووە و شانسی خوێندنەوەيمان بۆ ڕەخساوە."

## پێویستیمان بەبوونی ڕاستی و یەکسانی هەیە

مای وێچسلمان
کۆواری سوێدی "بەرەی وشە"
Ordfront 9/2002

لە پاش شەڕی دووەمی جیهانی، بۆ پاراستنی خەڵکی سیڤیل لە کاتی شەڕ و کێشە نێونەتەوەییەکاندا، کۆنوانسیۆنەکانی جنێڤ پەسەند کران و هەتا ئێستا ١٧٢ دەوڵەت ئیمزای کردوون.

لە بەشی چوارەمی یەکێک لە بەڵگەنامەکانی کۆنوانسیۆنی جنێڤدا کە تایبەتە بە "پاراستنی خەڵکی سیڤیل" ئەم مادانەی خوارەوە هاتوون:

مادەی ٣٠١:

" خەڵکی سیڤیل چ بە شێوەی کۆمەڵ یان تاک دەبێ لەو مەترسییانەی کە لە کاتی هێرشی چەکدارانەدا، ڕەنگە بێنە گۆڕێ، بپارێزرێن..."

مادەی ١٤:

" دەبێ ئەو شتانەی کە لە زیندوو مانەوە و ژیانی خەڵکی سیڤیلدا شوێنی ژیانی دادەنێن بپارێزرێن" ... " لە برسان کوشتنی خەڵکی سیڤیل وەک یەکێک لە میتۆدە سەربازییەکان قەدەغەیە، هەر لەبەر ئەمەشە کە دەسبەسەرداگرتن، دوورخستنەوە یان لەنێوبردنی ئەو شتانەی کە لە زیندوو مانەوەی خەڵکی سیڤیلدا وەک خواردن، تۆو، مالات، ئاوی خواردنەوە و کەرەسەی گواستنەوە و دابەشکردنی ئاوی خواردنەوە شوێنی ژیانی دادەنێن، قەدەغەن."

مادەی ١٤٧:

" ئەم تاوانانەی خوارەوە وەک تاوانی گەورە لە دژی [خەڵکی سیڤیل و سەروەت و سامانیان] دەژمێردرێن: کوشتنی خەڵکی سیڤیل بەئەنقەست... یان بریندارکردنی لەش و وە مەترسی خستنی ساغ و سەلامەتیی ئەوان..." [...]

زیاتر لە پەنجا ساڵە ئەم مادانە و هی تر لە کۆنوانسیۆنی جنێڤدا نووسراون و وڵاتانی ئیمزاکەر هەر بۆ خۆیان پێشێلیان دەکەن، ئەمانەی خوارەوە تەنیا چەند نموونەیەکی ئەو هەموو پێشێلکاریانەن.

هێشتا ڕەنگی بەڵگەکانی کۆنوانسیۆنی جنێڤ وشک نەبووبوونەوە کە شەڕی کۆریا لە ساڵی ١٩٥٠ دەستی پێ کرد. لە ماوەی ساڵەکانی ١٩٥٠-١٩٥٢ نزیک بە ٣,٠٠٠,٠٠٠ ئینسان کوژران. کەشتییە شەڕکەرە ئەمەریکاییەکان ٩٠٪ی کارەبای پێویستی خەڵکی سیڤیل و هەروەها دوو بەنداو کە کەڵکی کشتوکاڵیی لێ وەردەگیردرا لەنێوبرد و تەقاندیانەوە. باڵەفڕە شەڕکەرە ئەمەریکاییەکان ڕادەیەکی زۆری لە ژمارەنەهاتووی بۆمبی ناپاڵمیان بەسەر خەڵکی سیڤیلدا لە گوندەکاندا بەردایەوە. پایەتەختی کۆریای باکور "پیۆنگیان" کە ٦٢٠٠,٠٠٠ کەس حەشیمەتی هەبوو، زۆر خراپتر و قورستر لە "درێسن" بۆمبباران کرا.

شەڕی کۆریا [یەکێک لەو شەڕانەی مێژوویە] کە لە میدیا شاردرایەوە.

کەسێک لەبەر تاوانەکانی ئەم شەڕە وەک تاوانباری شەڕ نەناسرا.

لە شەڕی ڤێتنامدا لە نێوان ساڵەکانی ١٩٦١- ١٩٧٥دا ٥٤٠٠٠ سەربازی ئەمەریکایی، ١,٨٠٠٠٠٠ ڤێتنامی و ٨٠٠٠٠٠ کامبۆدیایی کوژران. یەکێک لە ئامانجە سەربازییەکان لە بۆمببارانەکانی هیند و چیندا ئەوە بوو کە ناوچە بەرفراوانەکان لە خەڵکی چۆڵ بکرێ. لە ماوەی ١٠ ساڵی شەڕدا لەلایەن ئەمەریکاوە "دیوکسین" بەکار دەبرا کە خواردەمەنیی لەنێو دەبرد. لە ماوەی شەڕدا ١,١٤٠,٠٠٠ مین و ١,٥٠٠,٠٠٠ بۆمب کە سەرجەم لە ٢,٠٠٠,٠٠٠ بۆمبی چکۆڵە پێکهاتبوون، هەروەها بۆمبی ئاگرکەرەوە بەکار برا.

کەسێک لەبەر تاوانەکانی ئەم شەڕە وەک تاوانباری شەڕ نەناسرا.

یەکەتیی سۆڤیەت لە ئەفغانستان ١٦,٠٠٠,٠٠٠ مینی دژی نەفەری چاند. لە ماوەی ١٠ساڵی شەڕدا ٥,٠٠٠,٠٠٠ ئەفغانی ئاوارە کران و ١,٠٠٠,٠٠٠ ئەفغانی کوژران، زۆربەیان لە کاتی ڕاکردن و خۆحەشارداندا. هەروەها ١٩٠٠٠ سەربازی سۆڤیەتیش کوژران.

کەسێک لەبەر تاوانەکانی ئەم شەڕە وەک تاوانباری شەڕ نەناسرا.

[ دیسان شەڕێکی تر لە ئەفغانستان ٢٠٠١ هەڵگیرسا و دیسانەکەش کەس وەک تاوانباری شەڕ ناناسرێ.]

ئەم شەڕانەی لەم ساڵانەی دواییدا کراون، ناونراون "شەڕی نەشتەرکاری" واتە لەم شەڕانەدا لانی کەمی زەرەر و زیانەکان وە خەڵکی سیڤیل دەکەون، وەک شەڕی کەنداو لە ساڵی ١٩٩١، بۆمببارانی سێربێستان لەلایەن ناتۆوە ١٩٩٩، "شەڕی دژی تیرۆریزمی" ڕووسیا لە دژی چێچێنەکان، شەڕی ڕۆئاوا لە دژی ئەفغانستان و هەروەها شەڕی ئیسرائیل لە دژی فەلەستینییەکان. بەڵام قوربانییەکان لە شەڕی بەناو "نەشتەرکاری" ئێجگار زۆرتر بووە لە شەڕەکانی تر. شەڕی کەنداو لە دژی عێراق لە ساڵی ١٩٩١ وەک یەکێک لە پیسترین شەڕەکان کە لەودا زەرەری هەرە گەورە وە خەڵکی سیڤیل کەوتووە، ناسراوە. بەپێی ڕاپۆرتەکان ٥,٠٠٠,٠٠٠ سەربزن و مەڕ ٨٠٠,٠٠٠ سەر وڵاخ بەهۆی ئاوی ژاراویکراو ... فەوتاون. بەغداد کە حەشیمەتی ٤,٥٠٠,٠٠٠ کەسی هەیە سێ مانگ لەسەر یەک کارەبای لێ بڕدراوە، شارەکانی تری عێراق زیاتر لە نیو ساڵ کارەبایان لێ بڕدراوە... بەپێی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان خۆی نەبوونی ئاو و کارەبا و پاکوخاوێنیی نەخۆشیی جۆرەوجۆری بڵاو کردووەتەوە.

لە ماوەی شەڕی کەنداودا کەمتر لە ٥٠٠ سەربازی ئەمەریکایی و وڵاتانی هاوپەیمان کوژران و هەروەها ١٣٠,٠٠٠ سەربازی عێراقی کوژراون. [بەڵام هەواڵێک کە کەمتر کەوتووەتە بەر سەرنج ئەوەیە کە ] ٢٣٠٠٠ سەربازی

ئەمەریکایی کە لە شەڕی کەنداودا بەشدارییان کردووە، ئیمڕۆ نەخۆشن و وەک کەسانێک کە هێز و توانای کارکردنیان لە دەس داوە، پێناسە کراون، هۆی نەخۆشییەکەش گۆیا بەکاربردنی ئاسنی ئورانی لەکارخراو لە شەڕی کەنداودا بووە بەهۆی خودی ئەمەریکاوە.

کەسێک لەبەر تاوانەکانی ئەم شەڕە وەک تاوانباری شەڕ نەناسراوە.

ناتۆ لە شەڕی کۆسۆڤۆ ۲۹۰۰۰ تۆن بۆمب کە چەند کیلۆیەک ئورانی لەکارخراوی تێدا بووە بەسەر سێربێستاندا بەرداوەتەوە... ٪۷۰ی شیرکەتە نەوتییەکان و ٪۷۵ی کارگەکانی سێربێستان وێران کران.

ئەو ڕادە ئورانەی کە لە سێربستاندا بەکاربرا لە بەراورد لەگەڵ ئەو ڕادەیەی کە ئەمەریکا لە بۆمببارانەکانی ئەفغانستاندا بەکاری بردووە، زۆر کەم بووە. لە ئەفغانستاندا بۆمبی GBU ۳۷ بەکار براوە کە هەر دانەی نزیک بە ۱٫۵ تۆن ئورانی لەکارخراوی تێدایە. هەروەها لە ئەفغانستاندا بۆمبی Daisy cutters بەکار بردراوە کە قورساییی هەر دانەی دەگاتە ۷ تۆن.

هێشتا کەسێک وەک تاوانباری ئەم شەڕەش کە ئێستاش درێژەی هەیە نەناسراوە. ڕەنگە هەر لەبەر ئەم تاوانانەش بێ کە ئەمەریکا لە دژی کرانەوەی مەحکەمەیەکی نێونەتەوەیی ڕادەوەستێ و تەگەرە دەخاتە بەر کرانەوەی.

تێبینی: ئەمە وتارێکی دوور و درێژ بوو کە کورت کراوەتەوە. وەک دەبیندرێ بەزۆری لە زانیارییەکانی وتارەکە کەڵک وەرگیراوە. ناواخنی نووسینەکە لەلایەن وەرگێڕەوە دانراوە.

## تیرۆر، تیرۆری بەدوادا دێت

جۆن پیلجەر

ئاخۆ بەڕاستی کێ هەیە، سەری لەوە سوڕ نەمێنێ کە هێرشەکانی دژی ئەمەریکا [١١ی سێپتەمبەر] لە جیهانی ئیسلامەوە، سەرچاوە نەگرێ؟ دوو ڕۆژ پێش ڕووداوی [١١ی سێپتەمبەر] ٨ کەس بەهۆی بۆمببارانی باڵەفرە ئینگلیزی و ئەمەریکاییەکان لە ناوچەیەکی سیڤیلی باشووری عێراقدا کوژران. هەتا ئەو جێگەی من ئاگەدار بم، بە تاقە وشەیەکیش چییە، ئەم ڕووداوە لە میدیاکانی ڕۆئاوادا دەنگی نەدایەوە.

بەپێی ئاماری Health Education Trust لە لەندەن لەو قەسابخانەیە کە "شەڕی کەنداو"ی ناونرا، چ لە ماوەی شەڕەکەدا و چ بە ماوەیەکی کەم دوای شەڕەکە ٢٠٠,٠٠٠ کەس عێراقی کوژران. کوژرانی ئەم ئینسانانە نەکرا بەهەواڵێک کە ویژدان و شعووری خەڵکی ڕۆئاوا بهەژێنێ. هەتا ئێستا لانی کەم یەک میلیۆن سیڤیل کە نیوەیان منداڵن بەهۆی ئابڵووقەی وەحشییانەی ئابووری بۆ سەر عێراق کە لەلایەن ئینگلیز و ئەمەریکاوە دانراوە، گیانیان لەدەست داوە. لە پاکستان و ئەفغانستاندا لەسەر پاشماوەی موجاهیدەکان، بزووتنەوەی فەناتیکی تاڵەبان سەری هەڵدا، کە لە خۆیدا بەزۆری بەرهەمی دروستکراوی دەستی CIA، ڕێکخراوی سیخوڕی ئەمەریکا بوون. ئەو کەمپە سەربازییانەی ئەفغانستان کە جێگەی مەشقی تیروریستەکان و ئوسامە بنلادنن (ئەو کەسەی کە گۆیا گەڵاڵەی [١١ی سیپتەمبەر]ی داڕشتووە)، بە پارەی ئەمەریکا و بەپشتیوانیی ئەمەریکا دروست کراون. ئەگەر پشتیوانیی ئەمەریکا نەبوایە، ڕەنگە هەر لەمێژە کۆتا بە داگیرکەرییە نایاساییەکانی خاکی فەلەستین هاتبا.

زۆر پێش لەوەی خەڵکی موسڵمان بە تیرۆریستانی جیهانی بناسرێن، بۆ خۆیان و بەر لە هەموو شتێک لەلایەن فەندامەنتالیزمی ئەمەریکاوە قوربانیی تیرۆریزمن. ئەو پاشوەڕۆیی و فەندامەنتالیزمی ئەمەریکایەی کە بەهەموو دەسەڵاتی سەربازی، ستراتیجی و ئابووری، گرینگترین هۆکاری تیرۆریزمن لە جیهاندا.

بەڵام ئەم ڕاستییانە لە میدیاکانی ڕۆئاوادا کە ڕاپۆرتەکان لە باشترین حاڵەتدا چکۆڵەترین بەشی تاوانەکانی ئیمپریالیزم بڵاو دەکەنەوە سانسۆر دەکرێن. یان وەک Richard Falk پرۆفیسۆری پێوەندییە نێونەتەوەییەکان لە زانستگەی Princetonدا دەڵێ:" سیاسەتی دەرەوەی وڵاتانی ڕۆئاوا بەشێوەیەکی پاوانخوازانە یەکلایەنە لە هێڵەکی ئەخلاقی، قەزای دەدرێ و تەواوی مافەکان بە خۆیان دەدرێ، واتا هەوڵ دەدرێ وێنەیەکی پۆزەتیڤ لە بایەخە ڕۆئاواییەکان نیشان بدرێ، کە لەلایەک لە هەر چەشنە تاوانێک بێبەرییە و لەلایەکی تریشەوە کەوتووەتە بەر مەترسی. هەر ئەمەش ئەو مافە بەوان دەدا کە چۆنیان پێ خۆش بوو هێرشە ترسناکە سیاسییەکانی خۆیان بکەن."

تۆنی بلێر سەرەک وەزیری حکوومەتێکە کە چەکی کوشتن دەفرۆشێتە ئیسرائیل، کە عێراق و یۆگۆسلاڤی بە بۆمبی چەند هێشوو multiple تێکەڵ بەئۆرانی لەکار کراوە بۆمبباران دەکا، کە گەورەترین ناردنە دەرەوەی چەک و چۆڵ بۆ خەڵککوژەکانی ئەندەنووسیایە، بەڵام ئێستا هاتووە و باسی "شەیتانە نوێیە کۆمەڵکوژەکان" دەکا... کاتێک مرۆڤ ئەم قسانەی بلێری گوێ لێ دەبێ بیری بۆ وشەی "ئەحمەق" یەکێک لەو وشانەی کە بووەتە وێردی زمانی بلێر دەچێ. بێگومان ئەم قسانە هیچ سێبووریی دڵی بنەماڵەی ئەو هەزاران کوژراوەی خەڵکی ئاساییی ئەمەریکا نادا کە ئەزموونی کوشتارێکی وا ترسناکیان کرد، ئەم کوشتارە بە دەستی کەسانێک ئەنجام درا کە ڕەنگە بەدبەختی و چارەڕەشییەکانیان ئاکام و بەرهەمی سیاسەتی ڕۆئاوا بێ. داوودەزگای ئەمەریکایی وا بیریان دەکردەوە کە ئەوان دەتوانن ڕووداوەکانی

ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بخولقێنن، بگۆڕن و بەپێچەوانە پێشان بدەن، بەبێ ئەوەی کەس بتوانێ زەربەیەک لەوان یان لە خەڵکی ئاسای ئەمەریکا بدا.

هێرشەکانی ڕۆژی سێشەمی [١١ی سێپتەمبەر] لە پاش مێژوویەکی دوور و درێژ لە ناهەقی و بەڵێنشکێنی لە بەرامبەر موسڵمانانی و خەڵکی عەرەبدا هاتنە گۆڕێ: لێک هەڵوەشانی ئیمپراتۆری عوسمانی، دامەزرانی دەوڵەتی ئیسرائیل، چوار شەڕی نێوان عەرەب و ئیسرائیل و ٣٤ ساڵ داگیرکەری وەحشییانەی نەتەوەیەکی عەرەبی (فەلەستین)... هەموو ئەمانە لە چەند سەعاتێکدا کەوتنە پێش چاو لەو کردەوە ترسناکەی کە لە ڕۆژی سێشەمدا لەلایەن ئەو کەسانەوە ئەنجام درا کە خۆیان بە قوربانیی سیاسەتەکانی ڕۆئاوا دەناسێنن. ئەمەریکا کە قەت ئەزموونی شەڕێکی مۆدێرنی نەچێشتووە، ئیمڕۆکە لیستەی کوژراوی زیاتر لە ٢٠,٠٠٠ [لیستەی کەمتر لە ٣٠٠٠] کەسی هەڵواسیوە. وەک Robert Fisk دەڵێ:" خەڵکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە غەمی کوژرانی خەڵکی بێتاوانی ئەمەریکادا داغدار دەبن. بەڵام لە هەمان کاتدا پرسیار لە ڕۆژنامە و تەلەڤزیۆنەکانی ڕۆئاوا دەکەن کە بۆ تۆزقاڵێک سەرنجیان نەدایە سەر مردنی ٥٠٠,٠٠٠ منداڵ لە عێراق و هەروەها کوژرانی ١٧٥٠٠ کەس لە خەڵکی بێتاوان بەدەستی ئیسرائیل لە پێوەندی لەگەڵ داگیرکردنی لبناندا لە ساڵی ١٩٨٢.

بێجگە لەو هۆکارانەی سەرەوە، زۆر کردەوەی وەحشییانەی ئەمەریکا هەن کە ببنە ڕووداوی پێش پێنەگیراوی وەک ١١ی سێپتەمبەر. تەنیا قین و نارەزایییەکان لە سیاسەتی ئەمەریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باشووری ئاسیادا نین. لە پاش شەڕی سارد ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی و لە سەرەوەی هەمووانەوە ئینگلیز بە هەموو شێوەیەک لە دەسەڵاتی سیاسی و ئابووریی خۆیان کەڵکی خراپیان وەرگرتووە، ئەمە لە کاتێکدا بووە کە جیاوازییەکانی نێوان بەشە فەقیر و دەوڵەمەندەکانی جیهان و بەگشتی جیاوازییە ئینسانییەکان لە هەموو وەختێکی تر زیاتر قووڵتر بوونەتەوە. ئیلیتێکی تایبەتی کە ژمارەیان لە ملیاردێک ئینسان تێ ناپەڕێ، دەستیان بەسەر

٨٠٪ی هەموو سەرمایەی جیهاندا گرتووە، زۆر کاری نایەکسانی کە نییە بەمەبەستی پاراستنی ئەم داوودەزگا و دەسەڵاتی سیاسییە ئەنجام نەدرێ. ئابڵووقەی نایاسایی لەسەر کوبا، فرۆشتنی چەک و چۆڵ و کەرەستەی کوشتن کە بە زۆری لە پاوانی ئەمەریکادایە، هەڵوێستی یەکلایەنەی ئەمەریکا بەمەبەستی چاڵکردنی ڕێککەوتننامەی "کیۆتۆ" کە هێندێک چارەسەری بۆ کێشەی ژینگەی تێدا رەچاو کرابوو، هێرش و دژایەتیکردن لەگەڵ پلان و ڕێگەچارە لاوازە ئابوورییەکانی ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانی کە ئەم ڕێکخراوەیە بۆ خۆی وەک نوێنەری وەزارەتی دارایی و بانکە ناوەندییەکانی ئەوروپا دەجووڵێتەوە، شەرت و مەرجی بانکی جیهانی و بنیاتی ئەرزی نێونەتەوەیی لەسەر وڵاتانی فەقیر بۆ دانەوەی قەرزە لە ژمارە نەهاتووەکانیان، شەڕی ڤیتنام ئامالّی کۆلۆمبیا و هەروەها ڕاوەستاندن و لەناوبردنی گوتووێژی ئاشتییانەی نێوان کۆریای باکور و باشوور کە ستاتۆی کۆریای باکور وەک یەکێک لە دەوڵەتە چەتەکان لەلایەن ئەمەریکاوە ناسراوە. ئەمانەی سەرەوە هەموویان نموونەن لە سیاسەتەکانی ئیمڕۆیی ئەمەریکا لە جیهاندا.
تیرۆری وڵاتانی رۆئاوا بەشێکە لە مێژووی سەردەمی ئیمپریالیزم، ئەم وشانە رۆژنامەوانەکان نە دەوێرن بیڵێن و نە دەشوێرن بینووسن. ڕاگوێزران و چۆڵکردنی ناوچەی Diego Garcia و ئاوارە و راونانی خەڵکەکەی لە دەیەی شەستەکاندا لەلایەن حکومەتی یۆلسۆنی ئینگلیزەوە بە هیچ شێوەیەک لەلایەن چاپەمەنییەوە باس نەکرا و بێدەنگیی لێ کرا. ئیمرۆ ئەو ناوچەیە کراوە بە شوێنی چەکە ناوکییەکان و بنکەی باڵەفرە شەڕوانییە ئەمەریکاییەکان بۆ گەشت و چاوەدێری بەسەر ڕۆهەڵاتی ناوەڕاستدا. رەفتار و کردەوەی ئینگلیزەکان لە Malya جیاوازییەکی ئەوتۆی لە هی ئەمەریکاییەکان لە ڤێتنامدا نەبوو، بگرە ئەمەریکاییەکان لە ئینگلیزییەکانەوە فێر بووبوون. گوندەکانی ئەو دەڤەرە ئابڵووقەی خواردەمەنیی خرابووە سەر و کرابوون بەجۆرە ئۆردووگایەکی سەربازی و زیاتر لە نیو میلیۆن ئینسان کۆچی زۆرەملییان پێ کرا، لە ڤێتنامدا خەڵک

ڕاو دەنران، لە جێگەی خۆیان دەردەکران و عەرزەکان ژاراوی دەکران، بەڵام ئیمرۆ خەریکە بەهۆی فیلمەکانی هۆلیودەوە لە بیر بچنەوە. لە جەریانی ئۆپەراسیۆنی Phoenix کە لەلایەن CAIیەوە بەڕێوە برا، نزیکەی ٥٠ هەزار کەس کوژران، ئەم ئۆپەراسیۆنە کرا بە سەرمەشقی تیرۆر لە شیلی و ڕێبەری بەشێوەی دیموکراتییانە هەڵبژێردراوی خەڵک "ئالندە" کوژرا. ١٠ ساڵ دواتر نیکاراگواش کاول کرا.

ناوهێنانی یەک بە یەکی تیرۆرەکان ئەوەندە زۆرن کە لەم وتارەدا جێگەیان نابێتەوە. وا خەریکە جارێکی تر ئیمپریالیزم سەر هەڵدەداتەوە. سەربازییەکانی ئەمەریکا لە بنکەکانیان لە ٥٠ وڵاتی جیهاندا خەریکی بەڕێوەبردنی ئۆپەراسیۆنی سەربازین. چ پێوەندییەک هەیە لە نێوان ئەم شتانەی باس کران و ڕووداوی ترسناکی ١١ی سێپتەمبەر؟ ئەگەر بێتو بچیتە نێو خەڵکی هەژار و فەقیر کە زۆربەی حەشیمەتی سەر زەوی پێک دێنن، ئەوە ئەو پێوەندییە زۆر ئاشکرا خۆ دەردەخا. ئینسانەکان نەزان و گێل نین. ئەوان دەبینن کە چۆن سەربەخۆییان لێ دەستێندرێتەوە، خاک و سەرمایەیان چۆن بەتاڵان دەچێ و چۆن منداڵەکانیان دەکوژرێن. ئەوان ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر ڕەخنە و گازندەکانیان ئاراستەی کوێخایەتی و تاڵانکەری باکور دەکەن.

تیرۆر، بێگومان تیرۆر و فەناتیزمی بەدوادا دێت. دەبێ چەوساوەکان و زوڵم لێ چووان زۆر بە سەبر و لەسەرەخۆ بن، لەمێژ نییە و تەنیا چەند ساڵێکە کە گرووپە فوندامەنتالیستە ئیسلامییەکان کە حازرن خۆیان لە ئیسرائیل و ئەمەریکادا بتەقێننەوە، دامەزراون، واتە لە پاش ئەوەی ئەمەریکا هیوای دامەزراندنی حکوومەتێکی بەرهەقی فەلەستینی بۆ خەڵکێک کە گیرۆدەی دەستی زوڵمی ئیمپریالزمن، ڕەد کردەوە و وەپشتگوێ خست. ڕق و تووڕەیی دەنگە دوورەکان ئیمرۆ دەبیسرێ، دەرد و ناڵینی ڕۆژانەی دوورەوڵاتان و شوێنە کاولکراوەکان، ئیمرۆ لە وڵاتی ئەمەریکا و لای ئەمەریکاییەکان میوانە.

سەرچاوە: ڕۆژنامەی سویدی Aftonbladet، ١٤ی سێپتەمبەری ٢٠٠١.

تێبینییەکانی وەرگێڕ:

– جـــۆن پیلگێـــر John Pilger، نووســـەر، ڕۆژنامـــەوان و دروســـتکەری فـــیلمی دۆکیومەنتارە و لە لەندەن ژیان بەسەر دەبات. دوو دانە لە کتێبە بەناوبانگەکانی کە بۆ سەر زۆربەی زمانەکان وەرگێڕدراون، بریتین لە " ڕۆژەڤی شاراوە" و " ئەوەی کە ئێمە بۆمان نەبوو بیزانین".

ئەم وتارە سێ ڕۆژ پاش ڕووداوی ١١ی سێپتەمبەر لە سوێد بڵاو کراوەتەوە، هەر بۆیە هێندێک لە زانیارییەکانی هەڵەن.

بە "لێک هەڵوەشانی ئیمپراتۆری عوسمانی" لە ڕاستیدا گەلانی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست بێجگە لە گەلی کورد نەبێت زەرەریان نەکردووە، با ئەم کارەش ڕۆئاوا لەبەر قازانجی خۆی کردبێتی.

## میسر وەخەبەر دێت، بەڵام بەهۆی فۆندەمەنتالیستەکانەوە

شەریف حەتاتە
پزیشک و ڕۆماننووسی بەناوبانگی میسر

خەڵکی گوندێکی چکۆڵەی جووتێرنشینی نزیک قاهیرە چ دژکردەوەیەک لە بەرانبەر شەڕی ئەفغانستاندا لەخۆ نیشان دەدەن؟ نووسەری میسری شەریف حەتاتە چیرۆکی وەخەبەرهاتنێکی سیاسی دەگێڕێتەوە کە بەداخەوە شەقڵی فۆندەمەنتالیزمی پێوە دیارە.

وەرزی خەرمان هەڵگرتن بوو لە گوندا. دەشتێکی کاکی بە کاکی بە دەریایەک لە گوڵە پەمەوو داپۆشرابوو. لە سێبەری دارەتوویەکی پیردا دانیشتبووم، لە دەوروبەرمدا کۆمەڵێک جووتێری دەموچاو و لەش تۆزاوی بە چنچکە لەسەر فەرشێک لە کلۆشی ڕەنگ جواندا دانیشتبوون. ئەوان لە درێژاییی ڕۆژدا باقە درووێنەکراوی مەزراکەیان خستبووە گەرووی مەکینەی خەرمانکوتدا. ئێستا خەریکی حەسانەوە بوون، دەموچاوە چرچ و لۆچەکانیان ماندوویی پێوە دیاربوو. چایە وەک خەڵووز ڕەشەکانیان هەڵدەقوڕاند. جووتێرێکی لاوی چوارشانەی سەرپێچراو، بەرەو لای من سەری وەرسووڕاند و پرسی: " دوکتۆر، ئەمەریکاییەکان ئەو هەمەوو بۆمبە بەسەر موسڵمانە بەدبەختەکانی ئەفغانستاندا بەردەدەنەوە، ئاخۆ تەنیا لەبەرئەوەیە بنلادن یان تاڵەبانەکان بکوژن؟"

ڕاوەستام بزانم ئەوانی تر چ دژکردەوەیەک لەخۆ نیشان دەدەن. کابرایەکی پیر بە تاقە چاوەکەیەوە، تیژ لێی ڕوانیم و گوتی: " نە، تۆ دەزانی ئەمەریکاییەکان دەیانەوێ بچنە ئەفغانستان و وڵاتەکانی تری نزیک ئەوێ،

چونکه نەوت و ترياکی زۆريان لێيە. هەر لەبەر ئەمەشە ئينسانە برسييەکان دەکوژن. ئاخۆ ئەوان هيچ ڕوحم و بەزەييەکيان هەيە؟ تۆ دەزانی خەڵکانی لە سەروو دانيشتوو، ئەوانەی دەسەڵاتدار، هيچ ڕوحم و بەزەييەکيان نييە، ئەمە شتێکە هەموومان دەيزانين."

جەماعەت بە نيشانەی سەلماندن سەريان بۆ دەلەقاند و ئەويش درێژەی بە قسەکانی دەدا: " تەنيا ئەوەی لای ئەوان گرينگە دەسەڵات و پارەيە، کاتێک لەگەڵ ئەوان حيسابيان پاک کردەوە، ئەوجار نۆرەی ئێمەش دەگا، ڕەنگە لە عێراقەوە دەست پێ بکەن." سەرۆکی جەماعەت کە کابرايەکی خاوەن کارگەيەکی چکۆڵەی بەرهەمهێنانی جووجەڵە بوو، بە کۆخەيەک سەرنجی جەماعەتەکەی بۆ لای خۆی ڕاکێشا و گوتی: " کاتێک موبارەک ڕای گەياند کە ئەو لە دژی ئەم شەڕەی ئێستايە و نايەوێ بچێتە نێو بەرەی هاوپەيمانەکانەوە، هەموو خەڵکی گوند شاد بوون. بەڵام کاتێک بوش ئەمەی بە تەلەفۆن بە موبارەک گوت و ڕای گەياند کە دەبێ فەلەستينييەکان دەوڵەتی خۆيان هەبێ، ئێستا ئەو شتێکی تر دەڵێ." جووتێرێکی درێژی ڕەقەڵە کە کڵاوێکی سوور و جلوبەرگێکی سپۆرتی لەبەردا بوو، بە قەڵسييەوە دەستەکانی لە يەکتری دا و گوتی: "ئەمەريکاييەکان دەيانەوێ کە ئەو تەنيا پشتگيرييان بکا، بەڵام دواتر لە بيری دەکەن کە چييان لەسەر فەلەستين گوتووە."

ژنێک کە بە چنچکە تۆزێک لە ئێمە دوورتر خەريکی جلوبەرگ شوتن لەسەر جۆگەلەيەک بوو، سەری بەرز کردەوە و بە دەنگی بەرز گوتی: " هەروەک هەموو کات پياوەکان دەکوژرێن و ئەو ژن و منداڵانەش کە نەکوژراون، ئەوە دەبێ هەر ئێش و ئازار بچێژن."

سەرۆکی جەماعەتەکە هەستايە سەرپێ و گوتی: " گوێ بگرن! هەستن، ديسان وەختيەتی دەست بەکار بکەينەوە، ئەگەرچی گوێشمان لە قسەکانی دوکتۆر نەبوو. هيوادارم بتوانێ سبەينێ پاش نوێژی شێوان بێتە لامان."

بەڵام من بۆ ڕۆژی دوايە، بە ماشينەکەم گەڕامەوە بۆ قاهيرە. لە پشت

فەرمانەکەوە، سەروبێچمیان لە پێش چاوم ون نەدەبوو، قسەکانیان لە گوێمدا دەزرینگایەوە. ئەوان ئەو جووتێرە نەخوێندەوارانە بوون کە بە درێژاییی ڕۆژ لە مەزرادا کاریان دەکرد، ڕۆژنامەیەکیان نەدەخوێندەوە و زۆر بە کەمی گوێیان لە تەلەڤزیۆن دەگرت. ڕەنگە جار نەجارێک شەوانە لە دەوری یەکتری کۆ ببانەوە، کەسێک ڕۆژنامەی بۆ خوێندبانەوە یان لە ماڵە کەسێک چاویان لە تەلەڤزیۆنی مانگیلەی دەستکرد کردبا. بەو حاڵەشەوە ئەوان هەروەک جاران لە دەنگوباس و ڕووداوەکانی جیهان بێ ئاگا نەبوون. بەڵام ئەمجارە بەئاگابوونی ئەوان لەگەڵ جارەکانی تر جیاوازیی هەیە و زۆرتر لەوەیە کە ئێمە لێی تێ گەیشتووین. پێش ئەوەی ئێمە لەسەر مەزرایەکە لە دەوری یەکتری کۆ ببینەوە، جووتێرێک بۆی گێڕامەوە کە هەموو خەڵکی گوند سەرقاڵی ئەو باس و خواسە گەرمەن کە ئیمڕۆ لەسەر هێرشی تیرۆریستی دەکرێ یان ئەوەی چی مومکینە لە داهاتوودا ڕوو بدا. هەموو خەڵکی گوند لە بۆمبارانەکانی ئەمەریکا لە ئەفغانستان تووڕە و بێزارن.

ئیمڕۆ ڕوو لە هەر کوێیەکی میسر بکەی باس باسی " شەڕی بەربەرییانەی دژی ئەفغانستان" و " مەترسیی شەڕ هەڵایساندن لە دژی عێراق و وڵاتە عەرەبییەکانی تر"ە. بۆ میسر ئەم وەخەبەرهاتنە سیاسییە پاش ساڵانێک تینوویەتی و تامەزرۆیی بەشداریی چالاکانە لە باسە سیاسییەکاندا، ئاکامی ئەو یاسایە نادیمۆکراتییانەن کە ساڵ لەگەڵ ساڵ بەهۆی حکوومەتەوە داڕێژراون و جێبەجێ کراون. ئەم مەسەلەیە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی میسری هەر لە دەوڵەمەند و هەژارەوە بگرە هەتا لایەنگرانی حکوومەت و دژەکان و هەروەها شار و گوندی داگرتووە.

خەڵک لەگەڵ قوربانییە ئەفغانییەکان لەگەڵ ئەو بێتاوانانەی کە کەوتوونەتە بەر هێرشی بەربڵاوی تۆڵەئەستاندنەوەی ئەمەریکا هاودەردی نیشان دەدەن. تۆڵەئەستاندنەوە لە هێرشێکی تیرۆریستی کە هێشتا کەس نازانێ کێیە گەڵاڵەکەی داڕشتووە. ئەوان لەو هەموو تاوانەی کە ڕۆژانە دەکرێن و هەروەها لە داهاتووی خۆیان دەترسن.

گرفتەکە لەوەدایە کە ئەم وەخەبەرهاتنە سیاسییە ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر دەکەوێتە ژێر باڵی گرووپە سیاسییە ئیسلامییەکان و ئەوان شەقڵی سیاسیی خۆیانی پێوە دەنێن. ئیمڕۆ بۆ زۆربەی خەڵک، دژ و بەرانبەری بوش، ئوسامە بنلادنە. ئەو کەسەی کە لایەن هێندێک ڕۆژنامەی پۆپۆلیستەوە وەک "ئەستێرەی درەوشاوەی ئیسلام" ناوی براوە.

لێکدەرەوەیەک لە یەکێک لە ڕۆژنامە گەورەکانی لایەنگری حکوومەتدا، وشیاری سەبارەت بە شیان و ئیمکانی دووبەرەکیی مەزهەبی و ڕووبەڕووبوون لەگەڵ شەڕێکی هەمەلایەنە وەک چۆن بوش ناوی " شەڕی خاچپەرستی" لێ ناوە، دابوو. بەڵام سەرنووسیاری کۆوارێکی نیوە چەپ ئامال نووسیبووی: " ئێمە نە ئەمەریکا و نە تالەبان، بگرە شتێکی ترمان دەوێ." تەواوی ئەو خۆپێشاندانانەی کە لە زانستگەکاندا کران، لەلایەن ئیخوانی موسلیمین و گرووپە نزیکەکانی وەک ئەوان ڕێک خران.

ڕۆژنامەکان چ ئەوانەی سەر بە حکوومەت بوون یان نەبوون و هی ئۆپۆزسیۆن بوون یان ئەوانەی بەناو سەربەخۆ بوون، هەر کامە بەشێوەیەک لە دژی بۆمببارانی ئەفغانستان ڕاوەستان و هەروەها لە دژی چوونی میسر بۆ نێو هاوپەیمانییەتیی ئەمەریکا هەڵوێستیان گرت.

هەموو حزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان لەسەر خاڵە بنچینەییەکان لەگەڵ یەکتری هاودەنگ بوون و تووڕەیی لە ئەمەریکا گەیشتە چڵەپۆپە. تەنیا ڕۆژنامەوانێک کە بەوە بەناوبانگە، پێوەندیی بە داوودەزگای ئەمەریکاوە هەیە، لە وتارێکدا بە ئاشکرا بەرگری لە شەڕ و بەرەی هاوپەیمانەتی دژی تیرۆریزم کرد.

تەلەڤزیۆنی دەوڵەتی هەروا لەسەر بڵاوکردنەوەی هەواڵەکانی شەڕی ئەفغانستان بەشێوەیەکی سارد و بەلایەنانە کە زۆرجاران باسی توانای دەزگای شەڕی ئەمەریکایان دەکرد و هەروەها بڵاوکردنەوەی لێکدانەوەی پسپۆڕانی شەڕ، بەردەوام بوو. هاودەنگی لەگەڵ قوربانییانی شەڕی ئەفغانستان بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر بوو، بەڵام لە بەرانبەر

قوربانییەکانی هێرشی تیرۆریستی لە دژی ناوەندیی بازرگانیی جیهانی و پینتاگۆن زۆرجاران ڕستەی دووپاتکراوەی بەداخبوون، دووبارە دەکرایەوە.

یەکێک لە دۆستەکانم کە لێکۆڵەرەوەی ئەنیستیتۆیەکی لێکۆڵینەوەیە پێی گوتم: " ئیمرۆ ئەو کەسانە کە بەتەواوەتی کەوتبوونە ژێر شوێن دانەری شێوازی ژیانی ئەمەریکایی، تێ دەگەن کە بە ڕاستی ئەو جۆرە ژیانە چ مانایەکی هەیە و ئەمەش لە خۆیدا باشە."

دوێنێ بەیانی لەگەڵ کوڕەکەم خەریکی ڕاکردنی بەیانییان بووین، چاومان بە سێ کچۆڵە کەوت کە لەسەر شەقامەکەی ئەوبەردا هەڵدەهاتن، بۆ ساتێک چاومان بڕیبووە، دەموچاو نیگا درەوشاوەکانیان، پێکەنینیان و هەڵبەزین و دابەزینی پەلکە ڕەش و درێژەکانیان لە پشتەوە. کوڕەکەم سەری بۆ لای من وەرچەرخاند و گوتی: دەمەوێ بزانم داخۆ چەندە منداڵ، چەندە ئینسانەکان لە جیهاندا، دەبێ بکوژرێن، هەتاکو بۆرسەکانی Dow Jones و Nasdaq بەرز ببنەوە.

سەرچاوە: لاپەڕەی ئەدەبی ڕۆژنامەی سوێدی Dagensnyheter.

## "ڕووناکبیر و بیرجیا ئەمەریکاییەکان دەخرێنە ناو لیستەی ڕەشەوە"

لێنارت پێرشۆن، لە ڕۆژنامەی داگێنسنیهێتر

ڕۆژنامەی سوێدی Dagensnyheter

لە پاش ١١ی سێپتەمبەر، ڕۆڵی ئەکادیمییە ئەمەریکاییەکان زیاتر کەوتووەتە بەرباس و گفتوگۆ. ڕەخنەگرانی کۆنەپارێز، ئەکادیمی و ڕووناکبیرانی بیرجیا بە خاڵێکی لاواز لە بەرگری لە دژی تیرۆریزمدا لە قەڵەم دەدەن. پرۆفیسۆرە دەستنیشانکراوەکان، ئەوانەی خراونەتە ناو لیستی ڕەشەوە بیروڕای ئەمەریکایی لە گەڕانەوەی میکارتیزمێکی MeCarthyism نوێ ئاگادار دەکەنەوە.

ڕێکخراوی کۆنەپارێزی American Council of Trustees and Alumni ACTA لەو ماوەدا کەوتووەتە ناوەندی باسەکانەوە، چونکە ڕاپۆرتێکی لەژێر ناوی Defending civilisation بڵاو کردووەتەوە کە لەودا ئەکادیمییە ناودارە ئەمەریکاییەکان وەک کەسانی توندڕۆی جێگەی باوەڕپێنەکراو و ستوونی پێنجەم لە شەڕی دژ بەتیرۆریزمدا ناسێندراون.

ئەم ڕاپۆرتە بە تایبەتی لەو بارەوە بوو بەهۆی خرۆشاندنی هەستەکان کە لەودا ئاماژە بە ١١٧ گوتنی جۆرەوجۆر لە زانستگەکانی ئەمەریکادا کراوە کە لەواندا بە جۆرێک ڕەخنە و گازندە بۆ سەر سیاسەتەکانی دەوڵەتی ئەمەریکا کراوە. بۆ نموونە لە زمانی مێژووناس Richard Bertholds گێڕدراوەتەوە کە گوتوویەتی: " ئەوانەی پێنتاگۆن بۆمبباران دەکەن، من چەپڵەیان بۆ لێ دەدەم". (گۆیا ناوبراو دوایە قسەکانی خۆی وەرگرتووەتەوە و داوای

لێبـووردنی کردووە). بەڵام زۆربەی ئەو گوتنانە لە باس و گفتـوگۆی گەرم و زیندووی دیمۆکراتیکدا زۆر ئاسـایین، بۆ نموونە کەسـێکی وەک Jesse Jackson ، دادپەروەری مافی هاووڵاتییان تەنیا لەبەرئەوەی لە زانستگەی Harvard law School گوتوویەتی " ئەمـەریکا پێویسـتە پردەکان و پێوەندییەکان سـاز بکا نەک بۆمـبـباران بکا و دیوارەکـان بەرز بکاتەوە" کـەوتووەتە ناو لیـسـتـەی ڕەشەوە. Joel Beinin پرۆفیسۆری مێژووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە زانستگەی Stanford کـەوتووەتە ناو لیـسـتـەی ڕەشـەوە لـەبەرئەوەی گـوتوویەتی: " ئەگـەر هاتو سـەلمێندرا کـە وا بنلادنـە کـە پیـلانی هێـرشـی ١١ی سـێپـتـەمـبـەری داڕشتـووە، ئەوە پێویستە ئەمەریکا ناوبراو بداتە مەحکەمەیەکی نێونەتەوەیی و بەتاوانی کاری دژی مرۆڤانە مەحکەمە بکرێ."

Todd Gitlin پرۆفـیسـۆری فـرە پێـوەندییـەکان لە زانسـتگەی نیـویۆرک لە لیـسـتـەی ڕەشـدا دانراوە لەبەرئەوەی لە وەڵامی ڕۆژنامـەوانێکدا گـوتوویەتی: لەو زانسـتگەیەی منی لێم ناڕەزاییـیـەکی زۆر لە بەرانبـەر سـیـاسـەتی شەڕەنگێزی بوشدا هەیە."

Noam Chomsky پرۆفـیـسـۆری زانسـتی زمـان لە Massachusetts Institute of Technology خـراوەتەوە لیسـتەی رەشەوە چونکە گوتوویەتی" تاکە ڕێگەی بنەبڕکردنی تیرۆریزم، بەشداری نەکردنە لە کردەوەی تیرۆریستیدا."

لیـسـتـەی ڕەش بـووەتە هۆی تـووڕەیی و بێـزاری دەربڕین لە ئەمـەریکا و شیـمـانەی ئەوە دەکرێ کە ACTA بەم کردەوانە دەیەوێ دەنگە ناڕازییەکان و ئاڵوگـۆڕی بیـروڕا کـە لـە هەلومـەرجی تەنگەی ئیـمـڕۆدا لە هـەر کـاتێکی تر پێویستترە، کپ بکا. هەروەها ڕێکخراوی ACTA وەک هەڕەشە بۆ سەر باس و گفـتـوگـۆی ئازادییـانەی ئەکـادیمی بە گـشـتی و بۆ سـەر ئازادیی بیـروڕا دەربڕین بە تایبـەتی دەبینـدرێ. زۆربەی چاودێران لەسـەر ئەو باوەڕەن کـە ACTA بەناوهـێنانی بیـرجیـاکـان لە لیـستی ڕەشـدا دەیەوێ دەسـتی FBI، پۆلیـسی فـیـدراڵی ئەمـەریکا ئاوەڵا بکا، کـە جـارێکی تر بابداتەوە سـەر جـاسـووسی و سـیـخـوڕیکردن لەسـەر هاووڵاتیـیـانی ئەمـەریکا، وەک ئەوەی

پێشتر لە پەنجاکاندا لە دژی کۆمونیستەکان و بیرجیاکان کردیان واتە سیاسەتی MeCarthyism. ڕێکخراوی ACTA زیاتر لە هەر ڕێکخراوێکی تری کۆنەپارێز کەوتووەتە بەر ڕەخنە و گازندە، ڕەنگە لەبەر ئەوە بێ کە یەکێک لە دامەرزێنەران و بیرداهێنەرە کۆنەپارێزەکانی ئەم ڕێکخراوەیە، ژنی" دیک چێنی" جێگری سەرکۆماری حکوومەتی بوشە.

سەرۆکی ACTA، "Jerry Martin" لە بەرگریکردنی ڕێکخراوەکەیدا لە بەرانبەری ڕەخنەکاندا دەڵێ: " ئەو پرۆفیسۆرانەی کە کەوتوونەتە نێو لیستەکەمانەوە دەبێ توانای وەرگرتنی ڕەخنەیان هەبێ. لیستەکە تەنیا شێوەیەکە بۆ ئەوەی بێ بەرپرسیاریەتی و بەلاوە مانەوەی زانستگەکان دەرکەوێ لە سەروبەندێکدا کە شارستانییەتەکەمان لە بەرانبەر تیرۆریزمدا پێویستی بە بەرگری و پاراستن هەیە." داخێکی گەورە کە بووە بەگرێ بەسەر دڵی ACTAوە ئەوەیە کە گۆیا زۆر خوێندکاری ئەمەریکایی پلەی بەرزی خوێندن لە زانستگەکاندا وەدەست دێنن بەبێ ئەوەی مێژووی ئەمەریکا یان شارستانییەتی ڕۆئاوایان خوێندبێتەوە. ACTA بەلاسارییەوە پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ کە دەبێ فێربوونی مێژووی ئەمەریکا و شارستانییەتی ڕۆئاوا بکرێ بە زۆرەملێ لە خوێندنگەکاندا. هاودەنگ لەگەڵ ACTA زۆر ڕێکخراوی جۆرەوجۆری ڕاستئاژۆی تر لە هەوڵی ئەوەدان ئەوەی کە ئەوان پێیان وایە دنیای ئەکادیمیکی ئەمەریکا لە شەستەکانەوە کەوتووەتە ژێر سەیتەرە و کۆنترۆڵی چەپەکان، بگەڕێننەوە دۆخی کۆنەپارێزی جارانی. بۆ بەشێک لە کۆنەپارێزانی ڕاستئاژۆ، ئیمڕۆکە زانستگەکان پاشماوەی بنکەی چەپەکانن کە لەودا خوێندکارانی لایەنگری بیری کۆنەپارێزی دەکەونە بەر لۆمە و سووکایەتی پێکردن. لە پاش ١١ی سێپتەمبەر ڕاکێشرانی پشتیوانیی بیروڕای گشتیی ئەمەریکایی بۆ لای بوش لە شەڕی دژی تیرۆریزمدا ڕێگە بۆ ACTA و ڕێکخراوەکانی تری وەک ئەو لەبار بووە کە لە جاران زیاتر لەسەر بیروڕاکانی خۆیان سوور بن و لە هەلومەرجی تازە کەڵک وەربگرن. هەتا ئێستا نیشانەیەکی وا نەدیتراوە کە دەنگە نارازییەکان بە کردەوە کپ بکرێن.

لە پاش بڵاوبوونەوەی ڕاپۆرتی ACTA دەستپێشخەرییەک کە لەلایەن Yale Law School دەست پێ کرابوو، بوو بەهۆی ئەوەی زیاتر لە ٣٠٠ پرۆفیسۆری مافناس لە زانستگە جۆرەوجۆرەکانی ئەمەریکادا، بنی بڵاوکراوەیەکی ڕەخنەئامێز ئیمزا بکەن کە لەودا بە توندی لە دژی کرانەوەی مەحکەمەی سەربازی لەلایەن بوشەوە هەڵوێست گیرابوو. لەو بڵاوکراوەیەدا کرانەوەی مەحکەمەی تایبەتی سەربازی کە لەودا گومانلێکراوە تیرۆریستەکان حوکمی مردنیان بەسەردا بسەپێ، بەشتێکی بە دوور لە مافپەروەری، نەحەوجێ و شێتانە لە قەڵەم درابوو. هەروەها ئاماژەش بەوە کرابوو کە ئەو جۆرە مەحکەمانە نەتەنیا لەگەڵ یاسا نێونەتەوەییەکان ناتەباییان هەیە، بگرە لەگەڵ یاسای حقوقی ئەمەریکا خۆی لە دژایەتیدان.

## ئەو ڕاپۆرتانەی لە جەهەندەمەوە دەنێردرێن

مومیا ئەبوجەمال

کارۆلینا رامکڤیست

٥ی مـــارسی ١٩٩٨ پاســـەوانەکـــانی گـــرتیگەی CSI Green لە -PENN SYLVANIAی ئەمەریکا ڕژانە ناو بەشی تایبەت بە "بە مردن حوکمدراوان" و هەموو سلولەکانی تر و دەستیان گرت بەسەر کتێب و نووسراوەکانی داکۆکی لە مـافی گیـراوەکـان و هەروەها بەسـەر گیـراوەکـانیـشـدا کـرایە بڕیار کـە لەمــەوبەدوا هەتـا چەندە کــتـێب و نـووسـراوە دەتوانن لای خـۆیان رابگرن. بەڕێوەبەرانـی زیندان بە بیـانووی مـەترسـیـی ئاور تێبـەربوون، لە سلولەکـاندا کتێب و کاغەزیان قەدەغە کرد.

مـومـیـا ئەبوجـەمـال، تەمـەن ٤٤ سـاڵ و بە مـردن حـوکـمـدراو کە ملی بۆ ئەم بڕیارە نوێیە رانەکێشا، لەلایەن گرتیگەوە دەست گیرا بەسەر شتومەکەکانی و لە هەمـوو مافێکی بەرگریش بێبەری کرا. ئەبوجەمال دەنـووسـێ:" لە ڕاسـتیدا مـەبەسـتی گـرتیگە لەو ئـاکسـیـۆنە، هێـرشکردنـە سـەر بوو بـۆ سـەر گـیـراوە پارێزەرەکـان کـە خـۆیان داکـۆکی لە مــافـی خـۆیان دەکـەن. ئامــارێک لەم پێوەندییـەدا بەڕوونی ئامانجی هێرشەکانی زیندانمـان بۆ دەردەخا، بۆ نموونە لەنێو ئەو کەسانە کە بەتاوانی لەژێرپێ خستنی دیسیپلینی زیندان بە تاوانی قورس حـوکم دراون، گیراوە پارێزەرەکان پلەی هەرە بەرز پێک دێنن: ٨,٦٠ ٪ سـەرجـەمی ئەو حـوکـمـدراوانە گـیـراوە پارێزەرەکـانن، ٥,٤٠٪ی گـیـراوە ڕەشپێستەکانن و هەروەها ٩,٣٧ ٪ی ئەو گیراوانەن کە جۆرێک نەخۆشیی سـایکۆلۆجییان هەیە، لە پاش پارێزەرەکان کە لە پراکتیکدا فێری ئەزمـوونی

دادپەروەری بوون و دەتوانن بەرگریی حقوقی لە خۆیان بکەن، گیراوە رۆژنامەوانەکانن کە کەوتوونەتە بەر زەخت و تەوژمی زیندان." بەپێی دارشتنی یاسایەکی نوێ لە پێرەو و نێوەخۆی گرتیگە PENNSYLVANIA مافی ئازادیی بیرورا دەربرین لە گیراوەکان ئەستێندراوەتەوە و گیراوەکان بۆیان نییە کاری پارێزەری و وەکالەت یان رۆژنامەوانی بکەن. ساڵی ١٩٨٢ مومیا ئەبوجەمال لە ئێزگەی رادیۆ "فلادیفیا" کاری رۆژنامەوانیی دەکرد کە بە تاوانی کوشتنی پۆلیسێک گیراو حوکمی مردنی بەسەردا سەپێندرا. ئیمرۆ مۆمیا ٢٠ ساڵی رەبەقە لە ژووری زیندانیی تایبەت بە "بە مردن حوکمدراواندا" چاوەڕێی لەداردان دەکا. ئەگەر بێتو ئەبوجەمال درێژە بە نووسین و لە چاپدانی وتارەکانی بدا، ئەوا مەترسیی جوێکردنەوەی لە سلولی تاکەکەسیدا لەبەر نراوە. هەروەها تۆمارکردنی دەنگ لەسەر شریتی لێ قەدەغە کراوە و بەپێی یاسایەکی نوێ ناتوانێ قەڵەمێکی تەواوی پێ بێ، تەنیا نێوی قەڵەمەکە واتە بەشە نەرمە پلاستیکەکەی نەبێت.

سەرەڕای ئەو هەموو بەربەستانەی کە لە پێشی ئەبوجەمال نراوە، هێشتا کۆڵی نەداوە و هەروا درێژە بە ناردنە دەرەوەی وتارە توندوتیژەکانی بۆ رادیۆی "ناشناڵ پوبلیک" و رۆژنامەکان دەدا و هەتاکو ئێستا دوو کتێبی لە چاپ دراون. ٢ ساڵ لەمەوبەر کۆکراوەی نووسراوەکانی کە نووسینی نوێی وەک "ڕاپۆرتێک لە سەکۆی مەردنەوە"ی لەگەڵ بوو، لە بەرگێکدا چاپ کرا. ئەبوجەمال لەم کتێبەدا کە لە کۆمەڵێک وتار پێکهاتووە، توندترین و تیژترین هێرشەکان دەکاتە سەر نۆرمە کۆمەڵایەتییەکانی سیستەمی ئەمەریکا. بابەتی وەک ماسمێدیا، ئاڵکۆڵ، تووتن، گۆشت، کونسمیسم (بەکارهێنانی لە زیادەبەدەری دەرەوەی پێویستی)، کاپیتالیزم، مەسیحییەت، سپییەتی و پاپ مۆزیکی رەش لەو جۆرە بابەتانەن کە دەکەونە بەر نووکی رەخنەی قەڵەمی تیژی ئەبوجەمال. مێژووی کەسیەتیی ئەبوجەمال ڕاست وەک مێژووی ئەمەریکا خۆی دەچێ "بڕیارێک کە مەحکەمەی پایەبەرزی ئەمەریکا لە ساڵی ١٩٥٧ پەسندی کرد کە لەوەدا هاتبوو: (رەشەکان لە بنەڕەتدا خاوەنی هیچ

چەشنە مافێک نین هەتاکو سپییەکان بیپارێزن) یان ئەوەی کە گوتراوە: (نە ئەفریقیاییەکان و نە نەوە ئازادەکانیان لە ئەمەریکا، شایستەی هیچ چەشنە مافێک نین)، ئیمڕۆکەش بە جۆر و شێوازێکی تر درێژە بە هەمان سیاسەت دەدرێ. ئەمانە قسەی ئەبوجەمالن و ئەو پێی وایە ئەمەریکا هەر تەنیا بۆ سپییەکانە و نەک خەڵکانی تر. ئەودەمەی ئەبوجەمال لە ئێزگەی ڕادیۆی "سپی" کاری دەکرد، ناچار ما ناوێک بۆ خۆی هەڵبژێرێ کە کەمتر ئەتنیکی بێ واتە کەمتر ڕەش بێ، هەر بۆیە ناوی خۆی گۆڕی و کردی بە William Welling Ton، ناوێک کە ئەفریقیایی نەبوو واتە کەمتر ڕەش بوو، ئەگەر هاتبا ئەبوجەمال کەمتر ڕەش بوایە ئەوا حوکمی مردنی بەسەردا نەدەسەپا و سەرلەنوێ مەحکەمە دەکرایەوە، ئەمە شتێکە کە ئەبوجەمال بۆ خۆی تۆزقاڵێک شک و گومانی لێ نییە.

ئیمڕۆ ئەبوجەمال بووە بە ڕەمز و سیمبۆل، ئەو Malcolm X سەردەمە. ئەبوجەمال تەنیا کەسێک لە هەزارانی تر نییە کە لەسەر بنەمایەکی فاشیستی و ڕەگەزپەرستانە حوکم دراوە، بگرە ڕۆژنامەوانێکە کە تیژترین ڕەخنەکان ئاراستەی سیستەمی ئەمەریکا و مێدیا دەکا و هەر ئەم شێوازە بەدەگمەن هەڵکەوتەی ئەویشە کە ئەوی ئاوا لای خەڵک خۆشەویست کردووە. ئەبوجەمال دەڵێ: "پیشەسازیی مێدیا زۆر بەدەگمەن یان هەرگیز هێرش ناکەنە سەر سیستەم، ئەوەی کە باوە ئەوەیە کە شێوازی ژیانی سیستەم هەتاهەتایە پەسند دەکرێ، ڕەخنەکان کەم ڕەنگن یان هەر نین."

Ann Scharlott Alstadt سەبارەت بە ئەبوجەمال دەنووسێ:" چارەنووسی ئەبوجەمال هەروەک کۆکا کۆلا و ئەپل پای، (جۆرێ خواردنی ئەمەریکاییە کە لە سێو دروست دەکرێ) چارەنووسێکی ئەمەریکاییە." لە ڕاستیدا مومیا ئەبوجەمال لە ڕەشترین جێگەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاوە ڕاپۆرتەکانی ڕەوانە دەکا، شوێنێک کە هەژار و داماوە ئەمەریکاییەکانی تێ دەخزێندرێ کە شایەت ڕۆژێک لە ڕۆژان بێتاوانبوونیان بسەلمێندرێ، شوێنێک کە گیراوەکان لە پێش چاوی پاسەوانەکانەوە بە زیندوویی ساڵانی ساڵ لە

چاوەڕوانی جێبەجێکردنی حوکمی لەداردانددا دەمێننەوە و تەنیا پرسیارەکان ئەوەن کە ئاخۆ مەیتەکان بەرەو کوێ رەوانە بکرێن.

مومیا دەنووسێ: "ئێمە بە دڵخوازی خۆمان بەرهەمێک بەکار دەبەین کە لە بنەڕەتدا لەسەر سانسۆر و قەدەغەکاری لەسەر چین و رابردووی خۆمان دامەزراوە و لە حاست دەرد و چارەڕەشی چینە لاوازەکانی کۆمەڵگە چاو دەنووقێنێ."

مومیا هیچ بیرێکی بێ سوود و هیچ ترس و خۆفێکی لا نییە، لە ڕاستیدا ئەو هیچ شتێکی نییە، شتێکی وا کە بتوانێ لە دەستی بدا. ئەو تەنیا رۆژنامەوانێکە کە لەلایەکەوە لە گرتیگەیەکدا بەند کراوە کە ئەدەبیات دەسووتێنن و گیراوەکان لە لەدەست لە ملکردنی منداڵەکانیان بێبەش دەکەن. لەلایەکی تریشەوە بەندی گرتیگەیەکە کە هیچ نەبێت لە لەبیرکردنەوەدا لەلای خۆی ئازادە و لە جیهانی بیرکردنەوەدا نوقم بووە.

سەرچاوە: رۆژنامەی سویدی Dagensnyheter

٢٠٠٢/٥/٢٥

تێبینیی وەرگێڕ:

ناو و سیمای ئەبوجەمال ئیمرۆ لە سەرانسەری دنیا ناسراوە، ئەو لە هەموو شوێنێک هەیە، لەسەر تیشێرت لەسەر ئافیش و لەسەر مۆر هەڵکەندراوە.

## کێ تاوانباری شەڕە؟

جۆن پیلجەر

لەو هەلومەرجە نائاسایی و دوور لە ئینسانییەدا کە لە زیندانی ئەمەریکا لە کوبا مامەڵە لەگەڵ بەدیلگیراوانی شەڕی ئەفغانستان دەکرێ، نێوەڕۆکی "شەڕی دژی تیرۆریزم" بە ڕوونی دەردەکەوێ. ئەمە نیشان دەدا کە چۆن حکوومەتی بلێر سەرەتاییترین مافی هاووڵاتییانی ئینگلیزی بە خاتری وڵاتێکی بێگانە خستووەتە ژێر پێ.

شەفیق ڕەسووڵ خەڵکی Birmingham، یەکێک لەو پێنج ئینگلیزییە کە بەبێ مەحکەمە لە Camp X-Ray بەپێچەوانەی هەموو کۆنوانسیۆنێکی نێونەتەوەیی بەند کراوە. ئەو بەژنی ۱۸۰ سانتیمیترە و بەر لە بەدیلگیرانی لەشێکی کەڵەگەتی هەبووە و قورسایی مامناوەندی ۷۵ کیلۆ بووە، بەڵام ئێستا ۲۰ کیلۆ لە قورساییەکەی دابەزیوە و برایەکەی ئەوی بە کەسێکی وشک و ڕەقهەڵاتوو چوواندووە. بنەماڵەکەی پێیان وایە کە ئەویان لەسەر شاشەی تەلەڤزیۆن لە ۲۱ی فێڤرییە بە کەلەپچەکراوی لەناو قەفەسێکی ئاسنیندا دیوە.

لە بارودۆخێکی وا کە ڕەسووڵی تێدایە، لەلایەن سیخوڕەکانی دەزگای ئاسایشی ئینگلیزەوە M ۱۵ وە بەپێچەوانەی کۆنوانسیۆنی جنێڤ لە پێوەندی لەگەڵ مامەڵەکردن لەگەڵ بەدیلگیراوانی شەڕدا پرسوجۆ کراوە. لە هەمان کاتدا وەزارەتی دەرەوەی ئینگلیز دەڵێ کە ئەوان هیچ چەشنە ئاگادارییەکیان لەسەر چۆنیەتیی بەدیلگیراوانی ئەو پێنج ئینگلیزییە لە هەوێڵدا نییە.

ئێستا وا خەریکە دەربکەوێ کە هیچ کام لەو بەدیلگیراوانەی کە لە زیندانی X- Ray ڕاگیراون، تاوانبار نین و ئەمە سەرجەمی ئەو ٤٠٠ دیلەی شەڕی

ئەفغانستان، بێجگە لە ژمارەیەکی کەمتر لە قامکی دەستان نەبێت، هەموو دەگەڕێتەوە. لە پاش سێ مانگان لێکۆڵینەوەی بەردەوام لەلایەن FBI و پۆلیسەکانی تری ئەمەریکاوە، هێشتا تاکە بەڵگەیەک کە ئەو گیراوانە بە ڕووداوی ١١ی سێپتەمبەر ببەستێتەوە، نەدیتراوەتەوە و نەتواندراوە وەک "ئەو تیرۆریستانەی کە دژ بە ئەمەریکا شەڕ دەکەن"، پێناسە بکرێن.

سەرەڕای ئەمە وەزیرانی حکوومەتی بلێر لە بەردەم پەرلەماندا ئەو بەدیلگیراوانە بە" بە پڕ مەترسیدارترین ئینسانەکانی سەر عەرز" و " بێ ڕەحمترین بێ ڕەحمەکان دەناسێنن"، ئەم جۆرە گوتنانە کاوێژکردنەوەی قسەکانی دۆنالد رامسفێلد وەزیری بەرگریی ئەمەریکایە. ڕامسفێلد هەر ئەو پیاوەیە کە درکاندی کە ئەو کۆمەڵێک کەسی لە پێنتاگۆندا داناوە کە تەنیا کاریان ئەوەیە کە سەبارەت بە " شەڕی دژی تیرۆریزم" بۆ دەوڵەت و میدیاکانی دەرەوە درۆودەلەسە هەڵبەستن. پارێزەری بنەماڵەی شەفیق ڕەسووڵ، گەیریت پێرس دەڵێ: " لە بارودۆخێکدا کە شەفیق لەباری جەستەییەوە ئاوا وشک و ڕەق هەڵهاتووە، سیخوڕەکانی ئێمە نایاسایی و یەکلایەنە بە دەستووری ئەمەریکاییەکان دەجووڵێنەوە کە لە بارودۆخێکی وا مەترسیداردا خەریکی پرسوجۆ و لێکۆڵینەوە لەسەر بەدیلگیراوەکانن".

پارێزەرێکی تر کە تێکۆشەرێکی لایەنگری مافی مرۆڤە بە ناوی "لویس کریستیان"، کە وەکالەتی فەیرووزی عەباسی، ٢٠ ساڵەی ئینگلیزی و بەڕەچەڵەک ئاسیایی بە ئوستۆوەیە، هەڕەشەی ئەوەی کردووە کە حکوومەتی ئینگلیز کە هاریکاریی حکوومەتی ئەمەریکای لە پێوەندی لەگەڵ گیران و مامەڵەکردنی نایاسایی لەگەڵ فەیروزدا بە ئەنجام گەیاندووە، بداتە مەحکەمەی باڵا. پارێزەرێکی حکوومەت بە خاتوو لویسی ڕاگەیاندووە کە جارێک لەگەڵ شکایەتەکەی لە مەحکەمەی باڵا ڕابوەستێ، چونکە هێشتا حکوومەتی بلێر قەراری نەداوە کە لە پێوەندی لەگەڵ بەدیلگیراوە ئینگلیزییەکاندا چ هەڵوێستێک بگرێ. بەشێوەیەکی تر دەتوانین بڵێین کە حکوومەتی ئینگلیز دەیەوێ پرسیار لە ئەمەریکاییەکان بکا کە ئەوان دەتوانن چ جۆر دژکردەوەیەک سەبارەت بە پاراستنی مافی هاووڵاتییانی ئینگلیزی لە

خـۆیان نیـشـان بدەن. ئـەو هـاووڵاتیـیـانـەی کـە هێـشـتـا بەڵگەیـەک لە دژیان نەدیتراوەتەوە. هـەر مـاوەیەکی لەمـەوبـەر بوو کە باڵـەفڕوانی جـەزائیری، لوتفی ڕایسی لە گرتیگەی ئینگلیزدا بەردرا لە پاش ئەوەی پێنج مـانگان بەبێ ئەوەی تاوانی تیرۆریستبوونی بەسەردا بسەپێ، ڕاگیرابوو.

دیتنەوەی هـۆکـار و بەڵگەی درۆزنانـە و دوور لە ڕاسـتـی لە " شـەڕی دژی تیرۆریزم" ڕۆژ لەگـەڵ ڕۆژ زیاتر ناڕاستیبوونیـان ئاشکرا دەبێ، هـەروەک چۆن بەشـداریی سـەرۆک وەزیر تۆنی بلێـر لـە جـەریمە و تـاوانی دژ بـە مـافـە ئینسانییەکاندا دەردەکەوێ. مەبەستی بنەڕەتی لە کردنەوەی زیندانیX- Ray ئەوە بوو کـە بە پێـشـاندانی جۆرێک شـانۆسـازی بیروڕای گشـتـیی ئەمـەریکا زیاتر بەرەو لاری بەرن. ئەوان بـە ئەنقـەست و مـەبەست وێنـەی کـەسـانێکی کەلەپچەکراوی نێو قەفەسی ئاسنیان پێشان دا، هەتاکو تێکشکانی خۆیان لە شـەڕی ئەفـغـانسـتـان کـە مـەبەست گرتن یان کوشـتنی بنلادین یان ئـەندامـە پایەبەرزەکـانـی ئەلقـاعیدە بوو، بشـارنەوە. تەنانـەت سـەرۆکی تاڵـەبانیش مـەلا عـومـەر هێـشتـا نەگـیراوە. تەنیـا کـەسێک کـە ئەوان توانییـان بـە دیلی بگرن، باڵوێزی تاڵەبانەکـان لە پاکسـتـان بوو کـە ئـەویش مـرۆیەکی وا گـرینـگ نەبوو. نرخێک کە خـەڵکی ئەفغانستان بۆ ئەم شـەڕە ئابڕووبـەرانـەی ئەمـەریکا دایان، بـەپێـی لێکـۆڵینـەوەی زانسـتگـەی New Hampshire لانـی کـەم کـوشـتن و بەفـیـڕۆچوونی گـیـانی ٥ هـەزار خـەڵکی سـیـڤیلی ئەفـغـانی بوو. سـەرەڕای هـەراوهـوریا و پڕوپاگـەندەی ئەوەی کە گۆیا ڕێژیمی دەسـتکردی ئەمـەریکایی ئەفـغـانسـتـان لەگـەڵ تاڵەبانەکـان جـیـاوازیی هـەیە، گـرینگـترین ئاڵوگـۆڕی حکوومەتی تازە ئەوە بووە کـە شـەڕی خوێناوی و فێئۆدالی ناوخـۆیی جارێکی تر بگەڕێنێتـەوە بۆ ئەفـغـانسـتـان. ئەوەی دەگـەڕێتـەوە سـەر پاراسـتـنی مـافی ئینسـانی خـەڵکی ڕەشـوڕووت و قـوربانیکراوی ئەفغـانسـتـان ئەوەیە کـە ئەم حکوومـەتە دەسـتکردە نوێیەش ڕاست وەک تـاڵەبانەکان خـەڵکی ناچار کردووە کە مل بۆ یاسـا و شـەریعەتی ئیسلامی ڕابکێشن.

قازییـەکی ئەفغانی بەناوی ئەحمـەدوڵڵا زەریف دەڵێ لەداردانە ڕەسمییەکان و بڕینـی ئەندامـانی لەش هـەروا درێژەی پێ دەدرێ بەڵام ئاڵوگـۆڕی بەسـەردا

دێت. ناوبراو دەڵێ: "بۆ نموونە تاڵەبانەکان کاتێک کەسێکیان لەدار دەدا، بۆ ئەوەی خەڵکی مەیتەکەیان دیبا، بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک لەسەر داریان دەهێشتەوە، بەڵام ئێمە هەر زوو مەیتەکان دێنینە خوارەوە، شایەت پاش چارەکە سەعاتێک". قازی شەریف زۆر بەئاشکرا رای گەیاندووە کە سزا و تاوانی وەک لادان لە پێوەندیی ژن و مێردایەتی بۆ هەردوو جینسی ژن و پیاو لە جێگەی خۆی دەمێنێ، واتە کوشتن بەشێوەی سەنگەسار (بە بەرد کوشتن)، بەڵام جیاوازییەکەی لەگەڵ هی تاڵەبانەکان ئەوە دەبێ کە ئێمە بەردی چکۆڵە چکۆڵە بەکار دەبەین. ئەمە هەر ئەو حکوومەتەیە کە سەرۆکەکەی (حەمید کەرزایی) لەلایەن سەربازانی ئینگلیزییەوە پارێزگاریی لێ دەکرێ.

لە کاتێکدا برسییەتی و قاتوقڕی لە باکور و ڕۆئاوای ئەفغانستان بەربووەتە گیانی خەڵکی هەژار و ڕەشوڕووت، ئەمەریکاییەکان ئەو ناوچانە هەروا بۆمبباران دەکەن. لە لێکۆڵینەوەیەکدا کە لەلایەن مانگی سوورەوە لە ڕۆئاوای ئەفغانستان کراوە و ڕاپۆرتەکەی ڕۆژی ٦ی فێڤرییە بڵاو کراوەتەوە هاتووە:" ئێمە منداڵانمان دیوە کە لە دەشتاییەکاندا عەردیان هەڵکۆڵیوە و بە شوێن ڕیشۆڵی گژوگیادا گەڕاون کە لە باتیی خۆراک کەڵکی لێ وەربگرن". لە زۆربەی گوندەکاندا لەبەر هەژاری و نەداری کچانی کەم تەمەن ناچار دەکرێن، شوو بکەن. هەر کچەی بە نرخی ١٠٠ کیلۆ ئارد بەشوو دەدرێ [باشترە بگوترێ دەفرۆشرێن]. لە ڕاپۆرتی گرووپێک لەلایەن ڕێکخراوی World Vision Health and Nutrition لە باکوری ڕۆئاوای ئەفغانستانەوە هاتووە: " ژمارەیەکی یەکجار زۆر ژن و منداڵ لە دەشتایی و شیو و دۆڵەکاندا بەدوای گەڕان بەشوێن خواردنی گژوگیا و گەڵای دارەکاندا لە ناوچەکەدا دەبیندرێن". ڕێکخراوی دوکتۆرانی بێ سنووری فەرنسایی دەڵێ ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر خەڵکی تووشی نەخۆشی بەهۆی برسییەتی دەبن. کادیری دەرمانی Jenny Anderson دەڵێ "سیستەمی دابەشکردنی خواردەمەنی بەتەواوی لە کار کەوتووە". سەرەڕای ئەوەی لەلایەن ڕێکخراوی گەیاندنی خواردەمەنی سەر بە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، خواردن بۆ زیاتر لە سێسەد هەزار کەس ڕەوانەی ئەفغانستان کراوە، بەڵام ئەو خواردنە نەگەیشتووەتە ئەو کەسانەی

که پێویستییان پێیەتی.

ئەم هەموو نەهامەتی و بەدبەختییە دەبینرێ و هێشتاش لەلایەن حکوومەتەکانی ئەمەریکا و ئینگلیزەوە کە ئەندامانی سەرەکیی کوالیسیۆنی واشینتۆن و بەرپرسیار لە شەڕی ئابڕووبەرانەی ئەفغانستانن، چارەسەرییەک نەدیتراوەتەوە، شەڕێکی ئابڕووبەرانە کە وەزیری دەرەوەی ئینگلیز ناوی "بەرگری وەک مافی بێ ئەملا و ئەولای خۆمانی" لەسەر داناوە.

نەخشی حکوومەتی ئینگلیز زیاتر لەو بارەوە لەم شەڕەدا جێگەی توورەیی و بێزاری دەربڕینە کە حکوومەتی ئینگلیز لە دەسەڵاتی سیاسیی خۆی کەڵکی وەرگرت هەتاکو یەکەتیی ئەورووپا زیاتر لە واشینتۆن نزیک بکاتەوە.

ئەمە بەتایبەت جێگەی سەرسووڕمانە کە ئەمەریکا هاوکات لەگەڵ ئەوەی سەرۆکی یوگسلافیا، سلۆبۆدان میلۆسێڤیچ لە هاگ مەحکەمە دەکرێ، هەموو هەوڵ و تێکۆشانەکانی ئەوەیە کە بەجارێک شوێنەوارێک لە مەحکەمەی تاوانبارانی شەڕ نەهێڵێ و بەجارێک دەرگەی مەحکەمەی هاگ ببەستێ. ئەمە لەبەرئەوەیە کە داوودەزگای دەسەڵاتدارییەتی بوش لەوە دەترسن کە پرۆسێسەکانی مەحکەمەی هاگ وردە وردە بۆ هەموو کات بچەسپێ و لەژێر کۆنترۆڵ و چاودێری نەمێنێ و لە کۆتاییدا مەحکەمەیەکی نێونەتەوەییی هەمیشەیی دابمەزرێ، ئەمە لە خۆیدا واشینتۆن لە دژی رادەوەستێ، چونکە پێیان وایە مەحکەمەیەکی لەو چەشنە ڕەنگە بێلایەنانە بجووڵێتەوە و سبەی تاوانبارانی لای "ئێمەش" ڕاکێشرێنە ئەو مەحکەمەیە.

تاوانبارانی شەڕی لای ئێمە ئەو سیاسی و کاربەدەستە ئینگلیزی و ئەمەریکایانەن کە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ فەرمانی بۆمبباران و کوشتنی هەزاران ژن و پیاو و منداڵی بێتاوانیان داوە و هەروەها لە بنیاتنانی زیندانی Camp X Ray دەستیان هەیە کە لەودا پیاوانی وشک و ڕەقهەڵهاتوو بەند کراون بەپێچەوانەی مافە نێونەتەوەیییەکان پرسوجۆ و لێکۆڵینەوەیان لەسەر دەکرێ.

سەرچاوە: رۆژنامەی ئافتۆبلاێت لە سوێد.

## شەڕی سەلیبی بوش گەیشتە ئەمەریکای لاتین

تیگران فەیلر
کۆواری "بەرەی وشە"
سویدی Ordfront9/2002

کاتێک "ئۆتۆ ریچ" یاریدەری وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا لە مانگی مارسی ئەمساڵ لە باڵوێزخانەی ئەمەریکا لە "میکزیکۆسیتی" کۆنفرانسی چاپەمەنیی بەست، ڕێگە نەدرا بە ڕۆژنامەی La Journal لە کۆنفرانسەکەدا حازر بێ. هۆی ڕێگەنەدان بە "لاجورنا" ئەوە بووە کە سەروتارەکانی باوی دڵی ئەمەریکاییەکان نییە. ماوەیەک بەر لەو ڕێککەوتە، دوو ڕۆژ بەر لەوەی ریچ کە بە "دژە تیرۆریست" ناوی دەرچووە، سەفەری ڕەسمیی بۆ میکزیکۆ بکا، لەسەر وتاری ڕۆژنامەی لاژورنادا ئەمەریکا ئاگەدار کرابووەوە کە لە میکزیکۆ گەڕێ و کێشەی ئاسایشی ئەمەریکا پێوەندیی بەمیکزیکۆوە نییە. لە ڕاستیدا یەکێک لە ئامانجەکانی شەڕی سەلیبی بوش لەسەر پانتایی قارەی ئەمەریکا ئەوەیە کە میکزیکۆش لە شەڕی دژی تیرۆریستەوە هەڵقورتێندرێ.

مانگی ئۆکتۆبەری ساڵی پار بوو کە بوش لە هەلومەرجی سیاسی پاش [١١ی سێپتەمبەر] کەڵکی وەرگرت و کەسێکی وەک ریچی گەیاندە پلەیەکی [بەرز لە وەزارەتی دەرەوە]. زۆر کەس لەو باوەڕەدان کە ریچ گەلاڵەدارێژەری سیاسەتێکی توندوتیژی ئەمەریکاییە لە پاش ١١ی سێپتەمبەر لە دژی ولاتانی ئەمەریکای لاتین. لە سیاسەتی ریچدا خەریکە شەڕی دژی تیرۆریزم جێگەی شەڕی دژی قاچاخی نارکۆتیکا بگرێتەوە و ببێتە بەڵگەی ڕەسمیی ئەمەریکا بۆ دەخالەت و خۆتێهەڵقورتاندنەکانی لە باشووری "ڕیۆ گراند" Rio Grande.

دەستنیشانکردنی ریچ بەڵگەیەکی ترە بۆ ئەوەی بسەلمێندرێ کە کۆنە سیاسەتوانەکانی سەردەمی شەڕی سارد ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر حکوومەتی ئەمەریکا دەخەنە ژێر دەستی خۆیان. ریچ کە بۆ خۆی لە بنەچەدا پەنابەری خەڵکی کوبایە لەنێو دارودەستەی توندڕۆی دژی "کاسترۆ"دا مرۆیەکی گرینگە کە براکەی بوش لە فلۆریدا "جید بوش" سەرۆکایەتییان دەکا. لە سەردەمی سەرکۆماری رەیگاندا، ریچ لە زۆر ئابڕووچوونی سیاسیی ئەمەریکا لە ئەمەریکای ناوەندیدا دەستی تێکەڵ بووە. لێپرسینەوەکان نیشانیان دا کە چۆن ناوبراو بە دەیان جار لە پێوەندی لەگەڵ پشتیوانیی ئەمەریکا لە کۆنتراگریلای نیکاراگوا درۆودەلەسەی هەڵبەستووە. ریچ لە نێوانساڵەکانی ١٩٨٦– ١٩٨٩ باڵوێزی ئەمەریکا لە وڵاتی ڤەنزوێلا بووە و ئێستاش پاش چەند ساڵان گەڕاوەتەوە نێو ناوەندی سیاسەتی ئەمەریکا.

گەڕانەوەی ریچ نیشان دەدا کە ئەمەریکا سیاسەتێکی تیژتری لە دژی کوبا و ڤەنزوێلا گرتووەتە بەر. کوبا بەوە تاوانبار کراوە کە پشتیوانی لە تیرۆریزم دەکا و تەکنیکی چەکی بایۆلۆجیی وەپێش خستووە. دوژمنایەتیکردنی ئەمەریکا لەگەڵ ڤەنزوێلا لە گەلاڵەڕێژی کودێتا لە دژی سەرکۆمار هوگو چاوێز Hugo Chavez لە سەرەتای ئەمساڵدا گەیشتە چڵەپۆپەی خۆی. ریچ بەهۆی پێوەندییەکانی لەنێو ڤەنزوێلا یەکێک لە گەلاڵەداڕێژەرانی کودێتای تێکشکێندراوی ئەمەریکا لەو وڵاتە بوو. لە ماوەی تاقە ڕۆژێکی دەسەڵاتدارییەتی سەرۆکی کودێتاکەران پێدرۆ کارمۆنا Pedro Carmona، ریچ بە درێژاییی ئەو ڕۆژە پێوەندیی تەلەفۆنیی لەگەڵدا هەبووە. لە پێوەندی لەگەڵ کۆڵۆمبیاشدا خۆتێهەڵقورتاندنەکانی ئەمەریکا زۆر زیادی کردووە. ئەو یارمەتییە سەربازییەی کە ئەمەریکا بە شێوەی ڕەسمی لەژێر ناوی کۆمەک لە دژی قاچاخی نارکۆتیکا بە ئەرتەشی کۆڵۆمبیای دەدا، لەمەوبەدوا ئاشکرا لە شەڕ لە دژی گریلاکانی فارک Farc و ئێلن Eln بەکار دەبرێ. لە سەفەرێکی سەرکۆماری تازە هەڵبژێردراوی ئەمەریکا ئالڤارو ئوریب Alvaro Uribe بۆ واشینتۆن، بوش بەڵێنی پێ داوە کە هەموو چەشنە یارمەتییەک بۆ سەرکەوتن

بەسەر قاچاخفرۆشی نارکۆتیکا و تیرۆریزم بدا بە کۆڵۆمبیا.

مارکۆس سەرۆکی شەڕوانەکانی چیاپاز لە پێوەندی لەگەڵ ڕووداوە تازەکانی چیاپازدا گوتی: "ئیمە هەموو چەشنە هەوڵێک لەلایەن هەر کەس و لایەنێک کە بیەوێ خەباتی ڕەوا و بەرهەقمان وەک مافیای نارکۆتیکا، گریلای نارکۆتیکا، چەتەکان و هەر بەرچەسپێکی تر بناسێنێ و دوژمنەکەمان کەڵکی لێ وەربگرن، بەتوندی بەرپەرچ دەدەینەوە."

ئەوانەی کە ئێمڕۆ لەگەڵ سیاسەتەکانی ئەمەریکا لە ئەمەریکای لاتین بەرهەڵستی بکەن، ئەوە ئەو مەترسییە هەیە لەلایەن ئەمەریکاوە مۆرکی تیرۆریستیان لێ بدرێ.

تێبینیی وەرگێڕ:

ئەمەریکا بە بیانووی خەبات لە دژی قاچاخفرۆشی نارکۆتیکا یارمەتی بە دەوڵەتی کۆلۆمبیا دەکا. بەڵام وەک زۆر بەڵگەی حاشاهەڵنەگر وەدەست کەوتوون، دەوڵەتی کۆڵۆمبیا و سەربازەکانی ئەمەریکا خۆی لە کۆلۆمبیا دەستیان لە قاچاخفرۆشی نارکۆتیکا هەیە، بۆ ئاگەداریی پتر لەم بارەوە چاو لە کتێبەکەی "چامسکی" بەناوی Rogue States (دەوڵەتە چەتەکان) بکەن.

## ڤاندانا شیوا لەسەر گلۆبالیزم دەدوێ

میکایل لوڤگرێن

ڤاندانا فیـزیکزان، ژینگە فیـمـینیست و یەکێک لە لایەنگرانی هەرە گەورەی مـافی مـرۆڤـە. ڤـاندانا لـە شـاری نیـودەلهـیی هیند ژیان بەسـەر دەبات و بەرپرسـی ناوەندێکی لێکۆڵینەوەی سـەربەخـۆیە، کـە لە گـرفـتی خـراپ کـەڵک وەرگرتن لە دەسەڵات و زەرەر و زیان گەیاندن بە ژینگە توێژینەوە دەکا. ساڵی ١٩٩٣ خـەڵاتی Right Livelihood Awardی پێ دراوە. هەتا ئێـسـتـا بە دەیان کتێبی لە بواری ژینگە، گلۆبالیزم و مەترسییەکانی گلۆبالیزم بۆ سەر وڵاتانی فەقیر نووسیوە. یەکێک لە نوێترین شوێنەوارەکانی، کتێبێکە بەناوی "شەڕی ئاو" Water Wars کە لە کێشەکانی ئاو لە دنیادا دەکۆڵێتەوە. خـاتوو ڤاندانا مـانگی مـارسی ٢٠٠٢ مـیـوانی زانسـتگەی "یۆتۆبـۆری" لە سـوێد بوو، کـە وتارێکی بەناوی "گلۆبالیـزمـێکی تر" پێـشکێش کـرد. ئەمـەی خـوارەوە گوڵبـژێرێکە لە قسـەکانی لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ ڕۆژنامـەی سوێدی Da-gensnyheter .

ئەو ئاسـایش و فـراوێنیـیـەی لە ڕۆئاوا وەک دەسـتـڕاگـەیشتن بە خـزمـەتە دەرمانییەکان، قوتابخانە، خزمەتە گشتییە کۆمەڵایەتییەکان، پۆستە، تەلەفۆن، قـەتار، ڕادیۆ و تـەلەڤـزیۆن هـەیە و لـەلایەن بەشی دەوڵەتیـیـەوە سـەرپەرشـتی دەکرێ، خـەریکە لەلایەن "کاپیتالیزمی نوێی لیبرال" ەوە بفرۆشرێ بە بەشە تایبـەتییـەکان و بخـرێتـە ژێر کـۆنترۆڵی بازاڕ. ئـەم جـۆرە بە هـەرزانفـرۆشتن کـردنە چ لـە بەشی باکـوری دنیـا بێ یان لە بەشی باشـوور بیـرکـردنەوەکـە هەریەکـە و هـەر یەک ئامـانج دەپێکێ. ئـەگـەرچی لە باشـووردا کـاریگـەری زۆر قـورسـتـر لەسـەر خـەڵکی هەژار دادەنێ. لەو بەشـەی جیـهـاندا کە ئێمـە لێی

دەژین هەلومەرج زۆر خراپە و ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژیش خراپتر دەبێ.

لە سەدەی ٢١دا کێشەی ئاو دەبێتە یەکێک لە کێشە هەرە گەورەکانی جیهان. هەر ئێستا لە زۆر شوێنی دنیادا و بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئەو کێشەیە سەری هەڵداوە. لە وڵاتی بۆلیڤیا لە ناوچەی "تۆچامبا" کۆمپانیای Bechtel بە ڕادەیەک نرخی ئاو بەرز کردەوە، کە دەرکەوتی ئاو بۆ هەر بنەماڵەیەک گەیشتە ڕادەی دەرکەوتی بژێویی سەرجەم دوو حەوتوو لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی. لە دواییدا ناڕەزایییە جەماوەرییەکان Bechtel ناچار کرد کە مانگی ئەپریلی ٢٠٠٢ بۆلیڤیا بەجێ بێڵێ. هەر بۆیە جارێکی تر نرخی ئاو شێوەیەکی دیمۆکراتیکی بە خۆیەوە گرت و گەڕایەوە دۆخی جارانی. هەر بەم بۆنەیەوە کۆمپانیای Bechtel دەوڵەتی بۆلیڤیای کێشایە دادگەی نێونەتەوەیی و داوای قەرەبووکردنەوەی زەرەر و زیانەکان دەکا.

یەکێک لە دیوە هەرە ڕەشەکانی گلۆبالیزم بێ کەڵککردن و لەسەر کار دەرکردنی خەڵکییە. ئەم دیوە نێگەتیڤ و دزێوە کە لە لۆجیکی "ئابووری داخراوە" سەرچاوە دەگرێ بە نرخێکی گرانی سیاسی و ئینسانی بۆ خەڵک تەواو بووە. یەکێک لە ئاکامە ڕەشەکانی تری گلۆبالیزم ئەوەیە کە لەلایەک دیاردەی بێزاری لە سیاسەت لەنێو خەڵکیدا پەرە دەگرێ و لەلایەکی تریشەوە فۆندەمەنتالیزم سەر هەڵدەدا.

لە کاتێکدا ڕەگەزپەرست و نوێ فاشیستەکان جێژنی سەرکەوتن لە هەڵبژاردنەکانی ئەورووپادا دەگرن، لە "هیند"یشدا وەزیرانی دەوڵەت ئاگری شەڕی نێوان هیندوویی و موسڵمان خۆش دەکەن. بۆنی ئەم دژایەتی و دووبەرەکییە لە هەر کون و قوژبنێکی دنیادا هەڵساوە. ڕق و قین و دژایەتییەکان هەر لە جێگەی خۆیان دەمێننەوە و سیاسییەکانیش هەر زیاتر خۆیان بە کورسیی دەسەڵاتەوە دەچەسپێنن. بڕیارە هەرە گرینگەکان، ئەوانەی کە لە چارەنووسی مان و نەمان، لەسەر کار بوون یان لەسەر کار دەرکردن، پتەوکردنی بنەماکانی کۆمەڵگە یان لەقکردن و ڕماندنی بنەماکانی کۆمەڵگەدا

شـوێنـی ژیانی دادەنێن، زۆر دوور لـه خـەڵکی واته سـەرمـایەداره گـەورەکـان دەیگرن و خەڵکی ئاسایی باییی پووشێک حیسابیان بۆ ناکرێ.

بزووتنـەوەی هـەقـخـوازی و دادوەری جـیـهـانـی دەبێ لەسـەر سـێ کـۆڵەکـه ڕاوەسـتێ: یەکـەم مـافـی یەکسـانیـی کـۆمـەڵایەتی، دووەم پاراسـتنی ژینگه و سێیەم سەقـامگیرکردنی ئاشتی. له پاش ١١ی سـێپتـەمبەرەوه بـەتایبەتی زۆر گرینگ و پێویسته که بزووتنەوەی دادپەروەری جیهانی جەخت لەسـەر ئاشتی بکا و له ڕێگەی ئاشـتیخـوازانەوه داخوازەکانی خـۆی بێنێتـه مەیدان بۆ ئەوەی مۆرکی کرمینال "جینایی"ی لێ نەدرێ.

ئـیـمـڕۆ گلۆبالیـزم به ڕێگەیەکدا هەنگاو دەنێ، کـه خـەریکه پـێ بنێتـه نـێو قۆناغێکی سـەربازی و لەشکری. سیاسـەتوانانی سـەر کورسـیی دەسـەڵات زۆر بێ شـەرمـانـه دەیانەوێ ڕەخنەگرانی گلۆبـالیـزم وەک تیرۆریزم پێنـاسـه بکەن. مـاوەیەک لەمـەوبەر "تۆنی بلێـر" ڕای گـەیاند: " ئـەوانەی له دژی پەرەپێـدانی تەکنیکی Gen ڕادەوەستن، مـەترسـین بۆ سـەر زانست و هـەمـوو کـۆمـەڵگەی ئینگلیزی."

له نێـوان بـاکـور و باشـووری جـیـهـاندا بـه تـایبـەتی له بـواری ئاسـایش و فراوێنی، جیاوازی زۆر گەوره هەیه. ئێستـاش شوێنەوارەکانی کۆلۆنیـالیزم له باشوور هـەر مـاوه. بەڵام کەسـانێک هەن که خـەریکی هەڵبەستنی پردی نێوان باشـــوور و باکـــورن، هـەر ئێـســتـــاش پردانێک هەڵبـەســتـــراون. شـــوێنی چاوپێکەوتنەکـان و گـۆڕینەوەی زانیـارییـەکـان هەردەم زیاتر دەبن. ئێـمـه له باشووردا وەک بزووتنەوەی ژنان، جوتیـارەکان و مـاسیگرەکان هاوکات که له دژی خـۆسـەپاندن و جـۆری مـامـەڵەکـردنی داوودەزگای زەبەلاحـی وەک بانکی جیـهـانی ڕادەوەسـتین، له هەمـان کـاتیـشـدا پڕوپاگەندەی هـێندێک ڕێکخـراوی ڕۆژئاوایی وەک Oxfamی ئینگلیـزی بەرپـەرچ دەدەینەوه کـه دەڵێن گلۆبالیـزم یارمـەتیی ئینسـانی به خـەڵکی باشـوور دەکـا. ئـەو ڕێکخـراوانه بـەرگـری له گلۆبالیـزم دەکـەن سـەری قـسـه و بنی قـسـەی ئەوان تێـزێکه بەناوی هـاتنه ناوەوەی بازاڕی ڕۆژئاوا access market. واته ئەگـەر بێتو کۆمپـانیا گـەورەکانی

ڕۆئاوا بتوانن لە باشووردا سەرمایە وەگڕ بخەن دەستیان بگاتە بازاڕ، کار، ژێرزەوییەکان، ئاو و ژیانی باشوورییەکان، ئەوە خەڵکی باشوور لە برسییەتی و هەژاری ڕزگاریان دەبێ. من بەتەواوی لە دژی ئەم جۆرە بیرکردنەوەیەم، بۆچی؟ چونکە ئەوان پێمان ناڵێن هەتا ئێستا کێ لە ئێمەی باشووری پرسیوە؟ بازاڕ بۆ کێ؟ هاتنە ناوەوەی کێ؟ گومانم نییە بە هاتنە ناوەوەی ئەوان، ئێمە لە جاران هەژارتر دەبین. هەر ئێستا باکوری دنیا باشووری ناچار کردووە کە لەسەر بنەمای بازاڕێکی شێوانشێوی جیهانی لەگەڵ یەکتری ڕەقابەت و کێبەرکێ بکەن و لە هەمان کاتیشدا بە لە سەرەوەبوونی تەکسیی گومریکەوە سنوورەکانی خۆیان لەسەر ئێمە داخستووە.

من لە باتیی ئەم جیهانەی ئیمڕۆ، جیهانێکی یەکسان، سەقامگرتوو، هێمن و دوور لە شەڕم دەوێ. کاپیتالیزمی هەوسار پچڕاوی ڕۆئاوا ئاخرەکەی ناچارمان دەکەن و هیچ جێگەیەکمان بۆ ناهێڵنەوە مەگەر ئەوەی بۆ سەر مانگ هەڵبفڕین. بەم وشانە ڤاندانا شیوا کۆتا بە قسەکانی دێنێ و لە قاقای پێکەنین دەدا، پێکەنینێک کە لە قووڵاییی دڵەوە دێت و وەک خۆر دەدرەوشێتەوە.

سەرچاوە: ڕۆژنامەی سەرلەبەیانیانی سوێدی Dagensnyheter

تێبینییەکانی وەرگێڕ:

"ژینگە فیمینیست" ئەو فیمینیستانەن کە پێیان وایە ئەگەر دەسەڵات و بەرپرسایەتییەکان بکەونە دەستی ژنان ئەوە ژینگە دەپارێزرێ و زەربەی زیاتری وێ ناکەوێ واتە ژنان وەک پیاوان لە بەرانبەر تێکدانی ژینگەدا دڵڕەق نین و ژنان زیاتر لە هەوڵی پاراستنی ژینگەدان.

ئەم وتارە پێشتر لە کۆواری "کوردستانی ئیمڕۆ" ژمارە ١٩دا بڵاو کراوەتەوە.

# شەڕی ئاو

ڤاندانا شیوا
لە کۆواری سوێدی "بەرەی وشە"
Ordfront وەرگیراوە

سازکردنی ئاوبەند تەنیا نابێتە هۆی پەرەگرتنی کێشە ناوچەییەکان، بەڵکو دەبێتە هۆی هەڵایسانی شەڕی نێوان میللەتانیش. ئاوی چۆمە گەورەکانی دیجلە و فورات کە هەزاران ساڵە بۆ کشتوکاڵی لە ناوچەکەدا کەڵکی لێ وەردەگیرێ، ئیمڕۆ بووەتە هۆی کێشە و ئاژاوەی نێوان تورکیا، سووریا و عێراق. ئەم دوو چۆمە کە لە ڕۆهەڵاتی ئەناتۆلییەوە (باکوری کوردستان) سەرچاوە دەگرن، بەپێی قسەی تورکەکان موڵکی تورکیان و لە چوارچێوەی سنوورەکانی ئەو دەوڵەتەدا ئەم ڕووبارانە هەڵدەقووڵێن. هەر بۆیە بنەمای سیاسەتی تورکیا ئەمەیە: "هەروەک نەوت چۆن بۆ عێراق بایەخی ژیانی هەیە، بۆ ئێمەش ئاوەکەمان هەمان بایەخی هەیە"[١].

دەوڵەتی عێراق لەلایەنی خۆیەوە بەپێی لۆجیکی کاوبۆیی (کەڵەگایی) دەڵێ: "ئەوان مافیان بەسەر ئەو چۆمانەوە هەیە، چونکە هەر لە شەش هەزار ساڵ لەمەوبەرەوە خەڵکی نیشتەجێی میزۆپۆتامیا هەتا ئێستا کەڵکی کشتوکاڵییان لەو ئاوانە وەرگرتووە"[٢].

لەم ساڵانەی دواییدا پێویستی کەڵک وەرگرتن لە ئاوی ئەو چۆمانە بەمەبەستی بەکارهێنانی بۆ کاری پیشەسازی زۆر زیادی کردووە. تورکیا هەر لە ساڵی ١٩٥٣وە پرۆژەیەکی گەورەی ئاوبەندسازی بەناوی گاپ یان "پرۆژەی باشوور – ڕۆهەڵاتی ئەناتۆلیا" Southeast Antolia Projekt GAP بۆ

وەدەستهێنانی وزەی کارەبا وەڕێ خستووە.

سازکردنی ئاوبەندی ئەتاتورک کە لە ساڵی ١٩٩٠دا بەکۆتا هات، لە ڕاستیدا ناوکی ئەم پرۆژە گەورەیەی "باشوور – ڕۆهەلاتی ئەناتۆلیا بوو. لە ئاوبەندەکەوە بە درێژاییی ٢٦ کیلۆمەتر هەتا دەشتاییەکانی "هاران" بەنێو تونێلە لێدراوەکانەوە، ئاو پەنگ دەخواتەوە. کێشەی نێوان تورکیا و عێراق ئەو کاتەی دەگاتە چڵەپۆپەی تەقینەوە کە تورکیا پرۆژەی سازکردنی ٢٢ ئاوبەندی تر بەمەبەستی ئاودێرانی ١،٧ میلیۆن هێکتار زەوی، کە ٣٢ میلیارد دۆلار خەرج هەڵدەگرێ، لەسەر فورات جێبەجێ بکا. ئەو ٢٢ ئاوبەندە وێڕای ئاوبەندی ئەتاتورک پێکەوە دەبنە هۆی ئەوەی کە عێراق ڕێژەی ٨٠ هەتا ٩٠ لە سەدی ئاوی فورات لەدەست بدا[٣].

پرۆژەی سازکردنی بەنداوەکان لەلایەن تورکیاوە بووەتە هۆی پەرەگرتنی کێشەی نێوان تورکیا، سووریا، عێراق و هەروەها گەلی کوردیش. سەربەخۆخوازی کوردەکان لە کوردستانی دابەشکراوی نێوان تورکیا، عێراق و سووریادا لە هەمان کاتدا ئاگری کێشەی نێوان ئەو دەوڵەتانەشی لە ناوچەکەدا بڵێسەدار کردووە. بۆ نموونە سەرۆک وەزیری تورکیا، تورگوت ئۆزال لە ساڵی ١٩٨٩دا مەترسیی بەربەستکردنی ئاوی بۆ سووریا خستە بەردەم دەوڵەتی سووریا ئەگەر هاتبا و ئەندامانی پارتی کرێکارانی کوردستان (پ.ک.ک) هەروا بە ئازادی خاکی سووریایان بە (دژی تورکیا) بەکار هێنابا. ساڵی ١٩٩٨ دەوڵەتی تورکیا ڕای گەیاند کە "شەڕی لە پێشدا ڕانەگەیەندراو"ی لە نێوان تورکیا و سووریادا دەستی پێ کردووە[٤].

شەڕی ئەتنیکی و کێشەی ئاو و سازکردنی ئاوبەندی گاپ پێوەندییان بەیەکەوە هەیە. ئەم شەڕی ئاوە دەبێتە هۆی ئەوەی کە زیاتر لە ٧٨٠٠٠ کورد ماڵ و حاڵی خۆیان بەجێ بێڵن و هەروەها شاری مێژووی حەسەن کێف لە بن ئاودا نوقم ببێ. خەڵکی کوردی ئەو ناوچانەی کە دەکەونە ژێر ئاوەوە زۆر تووڕە و ناڕازین، بەڵام لەبەرئەوەی لەلایەن دەوڵەتی تورکیاوە وەک جیاوازیخواز نەکەونە بەر ئازار و ڕاونان، ناوێرن دەنگ بەرز بکەنەوە.

دەستەیەکی لێکۆڵەرەوە لە ناوچەکەوە ڕاپۆرتیان ناردووە کە دەوڵەتی تورکیا بە زانابوونەوە دژبەرانی سازکردنی ئاوبەندەکان وەک جیاوازیخواز تۆمەتبار دەکا. ڕاستییەکەی ئەوەیە کەس ناوێرێ بە ئاشکرا دژایەتیی خۆی دەرببڕێ. یەکێک لە بەرپرسانی پۆلیسی تورکیا گوتوویەتی: "بەندئاو یانێ دەسەڵات، واتە ئەوەی ئاوەکەی لە بەردەستدایە، ئەوەی دەسەڵاتیشی لە بن دەستدایە"[٥].

سەرچاوەکان:

1-Marq De Villiers, Water: The Fate of Our Most Precious Resource, 2000, New York

٢، ٣، ٤ و ٥: هەمان سەرچاوەن.

# کوشتنی بەکۆمەڵ

## "بڕینی زمان و مراندنی کولتوور جۆرێک لە کوشتنی بەکۆمەڵە"

چاوپێکەوتن لەگەڵ Henry R Huttenbach
پرۆفیسۆری زانستگەی نیویۆرک لەگەڵ
ڕۆژنامەی UNT سویدی، ٧ی ئەپریلی ٢٠٠٢

– قەڵاچۆی جوولەکەکان نموونەیەکە لە کوشتنی بە کۆمەڵ و هەموو چەشنە مەرج و تایبەتمەندییەکی کوشتنی بە کۆمەڵی تێدا دەبینرێ، بەڵام دەبێ بە قورسی لەسەر ئەوە رابوەستریٰ کە ئەوە تەنیا نموونەیەکی تایبەت و نەدیتراو لە مێژوودا نییە. من ناتوانم هیچ چەشنە جیاوازییەک لە نێوان قەڵاچۆی جوولەکەکان و کوشتنە بەکۆمەڵەکانی تر لە مێژوودا ببینمەوە. ئەم جۆرە بیرکردنەوەی من گۆیا لە باری سیاسییەوە ڕاست نییە و هەر بۆیە هێندێک کەس حەز لە چارەی من ناکەن. هەروەها ئەوەی کە لە مێدیاشدا بە ناوی قەڵاچۆ و کوشتنی بەکۆمەڵ ناوی لێ دەنرێ، زۆرجاران هەڵەیە.

ـ نابێ واژەی قەڵاچۆ هەروا لەخۆڕا بەکار ببرێ، چونکە مانای ڕاستینەی خۆی لەدەست دەدا، بەتایبەتی نابێ ئەم واژەیە بە ئامانجی سیاسی بەکار ببردرێ، ئەوەی کە ئیمڕۆ سیاسییەکان و ڕۆژنامەوانەکان دەیکەن. ئاخۆ کوشت و بڕی ئەلبانییەکانی کۆسۆڤۆ کوشتنی بەکۆمەڵە؟ یان ئەم واژەیە بەمەبەستی سیاسی و پڕوپاگەندە بەکار دەبرێ، بۆ ئەوەی بتواندرێ "سولبۆدان میلۆسیڤیچ" بۆمباران بکرێ؟ کاتێک ئەلبانییەکانی کۆسۆڤۆ بە یارمەتی و لەژێر پارێزگاری هێزە نێونەتەوەییەکاندا گەڕانەوە دەستیان کرد بە کوشت و بڕی سێربەکان و دەربەدەر و ئاوارەیان کردن، ئاخۆ ئەمەش

کوشتنی به کۆمەڵ بوو؟ لە هەردوو حاڵەتدا وەڵامی پرسیارەکە ئەرێیە، هەردوو، جۆرێک لە ئەزموون و قەڵاچۆ و کوشتنی بەکۆمەڵن، واتە ئەوەی کە پێی دەگوترێ Genocide experiences.

ـ یەکێک لەلایەنی لێکۆڵینەکانی من ئەوەیە کە واژەی "کوشتنی بە کۆمەڵ" خۆی پێناسە بکەم. ئەم پێناسەکردنە یەکجار گرینگە، چونکە زۆرجاران لەبەر نەزانی یان کەڵک وەرگرتنی سیاسی بەهەڵە بەکار دەبردرێ.

ـ کوشتنی بە کۆمەڵ یانێ کوشتنی هەموو کەسێک واتە کاتێک مەبەست ئەوە بێ گەلێک قەڵاچۆ بکرێ، وەک ئەوەی ستالین کردی، وەک ئەوەی تورکەکان لە دژی ئەرمەنییەکان کردیان، یان ئەوە کاتێک منداڵان بە کۆمەڵ لە دایک و باوکان جوێ بکرێنەوە. کوشتنی بە کۆمەڵ یانێ لە مەترسی هاویشتنی بوونی کۆمەڵێک لە ئینسانەکان یان گەلێک. [لێرەدا بەداخەوە پرۆفیسۆر هێنری، گەلی کورد لە چاوپێکەوتنەکەیدا هیچ ئاماژەیەکی بەقەڵاچۆی کوردان نەکردووە. وەرگێڕ]

ـ دەکرێ کوشتنی بە کۆمەڵ لە تاکە وشەیەکدا کورت بکرێتەوە "سیفرکردن" واتە کۆمەڵێک ئینسان لەگەڵ سیفر بەرانبەر بکرێ.

زمان برین و مراندنی کولتوور و مێژوو و هەروەها داهاتووی گەلێک جۆرێک کوشتنی بە کۆمەڵە بگرە خراپتر لە خودی کوشتنی بە کۆمەڵە، چونکە لێرەدا هەموو هەست و نەستی گەلێک لە ریشە هەڵدەکەندرێ، هەر بۆیە ئەمەش جۆرێک لە کوشتنی بە کۆمەڵە و ڕەنگە لەویش خراپتر و مەترسیدارتر بێ.

## مراندنی کولتوور مراندنی خەڵکیشە

ـ کاتێک زمانی زگماکی خەڵک دەکەوێتە بەر قەدەغەکاری، منداڵان ناتوانن بە زمانی زگماکی خۆیان لە قوتابخانە بخوێنن و بە کولتووری خۆیان بار بهێندرێن، ئەمیش هەر جۆرێک قەڵاچۆ و کوشتنی بە کۆمەڵە.

ـ دەتوانین بە چەند نموونەی بەرچاوی کوشتنی بە کۆمەڵ لە مێژوودا ئاماژە بکەین، وەک: قەلاچۆی جوولەکەکان، قەلاچۆی قەرەجەکان، قەلاچۆی ئەرمەنییەکان، ٨٠٠,٠٠٠ خەڵکی تووسی لە رواندا، کوشت و بڕی خێمیری سوور لە کامبودیا و هەروەها کوشتنی بۆسنییەکان و سێربەکان لە یەکتری.

ـ ڕاگوێزرانی دوازدە ملیۆن ئینسان لەلایەن ستالینەوە بۆ بیاوانەکانی قەوقاز کە زیاتر لە پەنجا لە سەدیان مردن، کوشتنی بە کۆمەڵە. بەڵام کوشت و بڕی "بیافرا" (Biafra) لە ساڵی ١٩٦٧ لەگەڵ ئەوەی بەهەمان ڕادەی کوشتنی بە کۆمەڵ ترسناک و تۆقێنەر بوو، بەڵام لەبەرئەوەی مەبەست لە ڕیشەهێنانی گەلێک نەبوو، ناکرێ وەک کوشتنی بە کۆمەڵ بێتە ژماردن.

## ئێمە زۆرین، ئەوان کەم

ئاروندیاتی رۆی

"چۆن بەربەرەکانێ لەگەڵ ئیمپراتۆری نوێدا بکرێ؟" بابەتێکە، زۆرجاران داوام لێ دەکرێ، لەسەری بدوێم. بەڵام ئەمە پرسیارێکی یەکجار گەورەیە و ئەمنیش وەڵامی سادەم پێ نییە. کاتێک ئێمە باس لە بەربەرەکانێ لەگەڵ ئیمپراتۆری نوێ دەکەین، دەبێ لە پێشدا بزانین ئیمپراتۆری نوێ چییە؟ ئاخۆ ئیمپراتۆری نوێ یانێ حکوومەتی ئەمەریکا (و دەستوپێوەندییەکانی لە ئەورووپا)، بانکی جیهانی، سیپەی دراوی نێونەتەوەیی، رێکخراوی بازرگانیی جیهانی و شێرکەتە فرە نەتەوەییەکان؟ یان برێتییە لە شتێکی تر؟

لە زۆر وڵاتاندا، ئیمپراتۆری نوێ سەری تری وەک بەرهەمی ژاراوی و پڕ مەترسیی ناسیۆنالیزم، پەرەپێدانی ئاینی، فاشیزم و لە هەمووش گرینگتر تیرۆریزمی لێ ڕواون. هەمموو ئەمانە دەست لەنێو دەستی یەک و پێکەوە لە پرۆژەی گلۆبالیزمی شێرکەتە گەورەکاندا بەشدارن.

با برێک روونتر بۆچوونەکانی خۆم دەربخەم. ئیمرۆکە هیندستان وەک گەورەترین دیمۆکراسی لە جیهاندا لە سنووری ڕووبەڕووبوونەوەی پرۆژەی گلۆبالیزمی شێرکەتە گەورەکاندایە. بازارێکی پێکهاتوو لە میلیاردێک ئینسان کە خەریکە لەلایەن WTO قووت بدرێ. فرۆشتنی سامانە گشتییەکانی هیندستان، لەلایەن حکوومەت و ئیلیتی هیندییەوە، پێشوازیی لێ دەکرێ.

ئەمە بە هەڵکەوت نییە کە سەرۆک وەزیر، وەزیری ناوەخۆ و وەزیری بازاڕ ئەو پیاوانەی کە رێککەوتننامەیان لەگەڵ Enron لە هیندستاندا ئیمزا کردووە، ئەو پیاوانەی کە سامانە گشتییەکان بە شێرکەتە فرە نەتەوەییە گەورەکان

دەفرۆشن، ئەو پیاوانەی کە دەیانەوێ ئاو، کارەبا، نەوت، خەڵووز، ئاسن، خزمەتی لەشساخی، سیستەمی پەروەردە و دەزگاکانی ڕاگەیاندن بفرۆشن، هەموویان ئەندامانی حزبێکن کە لەلایەن (SSR)ەوە پشتیوانییان لێ دەکرێ. SSR ڕێکخراوێکی ڕاستئاژۆی فوندەمانتالیستی، ئەوپەڕ ناسیۆنالیستی هیندستانییە کە بە ئاشکرا لە هیتلەر و میتۆدەکانی هیتلەر لایەنگریی دەکا.

پرۆسێسی بەکاوەخۆ لەنێوبردنی دیمۆکراسی، ئیمرۆ بە توندی وەپێش دەخرێ و خەریکە خۆی لەگەڵ ستروکتوری نوێی خۆگونجاندن ڕابێنێ. لە کاتێکدا شێرکەتە گەورەکانی نێو پرۆژەی گلۆبالیزم، هێدی هێدی گیانی ئینسانەکان دەکێشن، ڕیفۆرمی فرۆشتنی سامانە گشتییەکان بە بەشی تایبەتی بەردەوامە و ئینسانەکان لە کێڵگە کشتوکاڵییەکان لەسەر کار دەردەکرێن. ڕۆژانە بە سەدان جووتێر لەبەر خواردنی دەرمانی کیمیایی (کە لە کێڵگەکاندا بۆ پەرەپێدانی بەرهەمی زیاتر بەکار دەبرێ) دەمرن، نا، دەکرێ بگوترێ خۆدەکوژن[1]. ڕاپۆرتی لە برسان مردنی هەژارەکان لە چوارگۆشەی هیندستانەوە، ڕۆژ نییە بڵاو نەکرێتەوە[2].

لە کاتێکدا ئیلیت بەرەو بەرزایی و لووتکەی هەرە بەرز، لە شوێنێک لە سەرەوەی هەموو جیهان هەڵدەکشێ، هەژارەکان زیاتر بەرەو خوار لەنێو بێ سەرەوبەرەیی و تاواندا نوقم دەکرێن. هەروەکو مێژووش نیشانی داوە، ئەم حاڵ و هەواییی کێشمەکێش و بەربەرەکانێی ناسیۆنالیزمە، بنەمای فاشیزم و ڕەگەزپەرستی دادەنێ.

حکوومەتی هیندستان بە دوو دەستانی خۆی، چەقۆیەکی دوو دەمی دروستک ردووە. بەدەستێک خەریکە هیندستان پارچە پارچە بفرۆشێ و بەدەستێکی تر بۆ شاردنەوەی مەبەستەکانی و بۆ فریودانی خەڵکی، گۆرانیی هیندوویی ناسیۆنالیزم و فاشیزمی دینی دەچرێ. تاقیکردنەوەی چەکی ناوکی ئەنجام دەدرێ، کتێبە مێژووییەکان دەگۆڕدرێن، کڵێسا ئاگری تێ بەردەدرێ و مزگەوت تەختی عەرز دەکرێ. سانسۆر، چاودێریکردن، لابردنی مافی ئازادیی هاووڵاتێتی و مافی مرۆڤ، لەژێر پرسیارخستنی مافی ئەتنیکە

جیاوازەکان و کێشـەی ئەوەی کە ئاخـۆ ئەوان هـاوولاتیی هینـدسـتـانن یان نە، هەمووی ئەمانە خەریکن ببنە شتێکی ئاسایی ڕۆژانە لەم وڵاتەدا.

لە مـانگی مـارسـی ٢٠٠٢دا لە هەرێمی جـیـارات، بەپێی پرۆگـرامـێکی پشـتـیـوانی لێکراو لەلایەن دەوڵەتەوە، ٢٠٠٠ مـوسـڵـمـان کـوژران. ژنانی موسڵمان زیاتر وەبەر ئەو هێرشانە دەکەون، جلوبەرگەکانیان لێ شڕوشیتاڵ دەکرێ، بە کۆمەڵ و بەزۆر دەستدرێژیی جنسییان دەکرێتە سەر بەر لەوەی بە زیندوویی بسووتێندرێن. ئاگر لە ماڵی خەڵکی وەردەدرێ، دەرودووکانی خەڵک چەپاو دەکـرێ، مـاڵ و کـارگـەی چنـین و مـزگـەوت دەسـووتـێندرێ[٣]. زیاتر لە ١٥٠٠٠٠ مـوسـڵـمـان لە مـاڵ و حـاڵی خـۆیان وەدەر نـراون و ئاوارە کـراون. سەرچاوەی داهات و ئابووریی موسڵمانەکان خەریکە لە وشکانی بێ.

هەر لەو کاتەدا هەرێمی جیارات لەنێو بڵێسەی ئاگردا دەسـووتا، سەرۆک وەزیر لە کـەناڵی تەلەڤـزیۆنیMTV شـیـعری دەخـوێندەوە و پڕوپاگـەندەی بۆ خۆی دەکرد. لە دیسەمبەری ساڵی ٢٠٠٢ هەر ئەندامانی ئەو دەوڵەتەی کە ئەو کـارەسـاتانـەیان قـەومـاندبوو لەلایەن پەرلەمـانەوە جـارێکی تر بە زۆرایـەتیی دەنگ هەڵبـژێردرانەوە[٤]. کـەس لەبەر تاوانی ئەو کـۆمـەڵکوژییـانە مـەحکەمـە نەکراوە. نارێندا مودی، گەڵاڵەڕێژی کارەساتەکەی جیارات، ئەندامی شانازی بەخـۆوەکـەر لـە حـزبی SSR دیسـانەکـە جـارێکی تر وەک وەزیری هـەرێمی لە جـیـارات دەورەیەکی تری لە حـوکـمـڕانی دەست پـێ کـردووەتەوە. ئەگـەر لە جـیـاتیی ئەو پیاوە سـەدام حـوسـێن بوایە، ئەوە بێگومـان تەلەڤـزیۆنی CNN هەمـوو جینایەتەکانی پێشـان دەدا. بەڵام لەبەرئەوەی ئەو نـیـیـە، لەبەرئەوەی دەرگەی بازاڕی هیندستان بۆ گڵۆبالیستە دەوڵەمەندەکان ئاوەڵا کراوە، ئەوە کوشتارە بە کۆمەڵەکان کە حکوومەتی هیند دەیکا لە هیچ کوێ نابیسرێ و نابینرێ. لە هیندستاندا سەد هەزار موسڵمان دەژین، بەڵێ بۆمبێکی لەسەر کات دانراوە و هەر وەختەی هاکا، لە پیرە هیندستاندا تەقییەوە.

مەبەستم ئەوەیە بڵێم کە ئەوە بێجگە لە جیفانۆک و قسەی پووچ شتێکی تر نییـە کە دەگوترێ بازاڕی ئازاد، تەون و بەسـتـە ناسیـۆنالیـستـییـەکان لێک

دەرەوێنێتەوە، یان مەترسی بۆ سەر سەروەریی نەتەوەیی پێک دێنێ، بگرە هەر ئەم بازاڕی ئازادە خەریکە ئەم دیمۆکراسییەشمان لە چاڵ بنێ.

هەر لەو کاتەدا، جیاوازیی نێوان دەوڵەمەند و هەژارەکان زیاتر دەبێ، بەربەرەکانێ بۆ دەستبەسەرداگرتنی سامانەکان توندتر دەبێ. بۆ ئەوەی ڕێککەوتننامە چەورەکان بسەپێندرێن، ئەو کێڵگانەی ئێمە دەیانچێنین، ئەو ئاوەی ئێمە دەیخۆینەوە، ئەو هەوایەی ئێمە هەڵی دەمژین، ئەو خەونانەی ئێمە دەیانبینین، بفرۆشرێن، ئەوە کۆنفیدراسیۆنی نێونەتەوەیی شێرکەتە گەورەکان پێویستییان بە حکومەتی جێی متمانەی خۆیان، بەرتیلخۆر و لە هەمان کاتدا سەرەڕۆ و دیکتاتۆر لە وڵاتە هەژارەکاندا هەیە، کە هەم ڕیفۆرمە بێزراوەکانی خۆیانی پێ جێبەجێ بکەن و هەمیش سەرهەڵدانی هەژارەکان سەرکوت بکەن.

گلۆبالیزمی شێرکەتە گەورەکان یان باشترە بڵێین ئیمپریالیزم، پێویستی بەجۆرێک ڕۆژنامە و چاپەمەنی هەیە، کە لە ڕواڵەتدا ئازاد بێ. پێویستی بە مەحکەمە و دادێکی وا هەیە، کە نیشان بدا، دادپەروەری و یەکسانی دەپارێزێ.

هەر لەو کاتەدا وڵاتانی باکور، سنوورەکانی خۆیان لەسەر وڵاتە فەقیرەکان دادەخەن، چەکە ناوکییەکانیش هەڵدەگیردرێن و هەمار دەکرێن. کاتێک باسی جیهانیبوون یان گلۆبالیزاسیۆن دێتە گۆڕێ، ئەوە ئەوان تەنیا دەخوازن، پارە، کەلوپەل و کار گلۆبالیزە بکرێ. نایانەوێ مرۆڤەکان بە ئازادیی خۆیان بخولێنەوە، نایانەوێ پاراستن و ڕێزدانان بۆ مافی مرۆڤیش گلۆبالیزە بکرێ. نایانەوێ ڕێککەوتننامەی نێونەتەوەیی لەسەر قەدەخەکردنی هەڵاوەردن و چەوسانەوەی ڕەگەزی ئیمزا بکرێ. باس لە ڕێککەوتنی نێونەتەوەیی سەبارەت بە قەدەغەکاری چەکی کیمیایی و ناوکی، قەدەغەکاری لەسەر بڵاوبوونەوەی هەر چی زیاتری دووکەڵ، پیس و ژاراویبوونی هەوا ناکەن.

ئەمانە و هەموو ئەمانە، لە تایبەتمەندییەکانی ئیمپراتۆری نوێن؛ کۆنفێدراسیۆنی جێ متمانە، کەڵەکەکردنی هەرچی زیاتر دەسەڵات،

قووڵبوونەوەی هەرچی زیاتری جیاوازیی نێوان ئەوانەی دەسەڵاتیان هەیە و بڕیارەکان دەدەن و ئەوانەی ناچار دەکرێن مل بۆ بڕیارەکان نەوی بکەن. خەباتی ئێمە، ئامانجی ئێمە، ڕوانینی ئێمە لەو جیهانەی جیاوازی لەگەڵ جیهانی ئەوان هەیە، دەبێ لە پێناوی لەنێوبردنی جیاوازیی نێوان دەسەڵاتدارەکان و بێدەسەڵاتەکان بێ.

## ئەی باشە دەبێ چۆن چۆنی خەبات بکەین؟

باشترین هەواڵ ئەوەیە کە ئێمە سەرکەوتنی باشمان وەدەست هێناوە. سەرکەوتنی گەورە هاتوونەتە دی. لە ئەمەریکای لاتیندا ئێوە شاهیدی زۆر سەرکەوتنن وەک؛ کۆچامبامبا[٥] لە بۆلیڤیا، شۆڕشی ئارەکیپا[٦] لە پێرۆ، لەسەر کارمانەوەی هوگۆ چاوێز[٧] (سەرەڕای هەموو هەوڵەکانی ئەمەریکا) و هەروەها هیوا و باوەڕبەخۆبوونی خەڵکی ئەرجەنتین، کە خەریکن جارێکی تر وڵاتەکەیان لەژێر چنگی سیپەی دراوی نێونەتەوەیی دەربێنن.[٨]

لە هیندستاندا، بزووتنەوەی دژی گلۆبالیزمی شێرکەتە گەورەکان ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ لە بەهێزی و پەرەگرتندایە و چاوەڕوان دەکرێ یەکەمین و ڕاستینەترین هێزی سیاسی بێ کە لەگەڵ فاشیسمی دینیدا بتوانێ بەربەرەکانێ بکا.

کە دەگاتە سەر باڵوێز و نوێنەرایەتیی گلۆبالیزمی شێرکەتە گەورەکانی وەک بیتڵ، ئێنرۆن، وردکۆم و ئارتور ئاندرسێن دەبێ پرسیاری ئەوەیان لێ بکرێ؛ ساڵی پار لە کوێ بوون و چییان دەگوت و ئەمساڵ لە کوێن؟ لەسەر وڵاتی بەرازیلیش دەبێ پرسیار بکەین؛ پارەکە کێ سەرکۆمار بوو، ئەمساڵ کێ حوکم دەکا؟

بەو حاڵەشەوە هەر ئێستا، زۆر لە خەڵک ڕۆژانێکی ڕەش، هیوابڕاوی و حەپەسان تەجروبە دەکەن. ئێمە دەزانین، چ هەوڵ و تێکۆشانێکی توند و نەپساوە لەلایەن پیاوە بە قەول ماقووڵەکانەوە بۆ پەرەدانی ئەوەی نێوی لێ نراوە شەڕی دژی تیرۆریزم دێتە ئەنجامدان.

ئێـمــه دەزانـین هـەر لـەو کــاتەدا بۆمــبــەکــان بـە ســەرمــاندا دەبارێن و مووشەکەکان مەودای ئاسمانان دەبڕن، ئەوە ڕێککەوتننامەکان ئیمزا دەکرێن، لایەنەکـان خـۆیان ناونووس دەکـەن، چاڵە نەوتەکـان هـەڵدەقـەندرێن، سـامـانە سروشـتییەکـان چەپاو دەکرێن، ئاو دەفرۆشرێتە بەشـی تایبەت و جـۆرج بوش گەلاڵەی شەڕی عێراق دادەڕێژێ.

ئەگەر ئێمە ئەم کێشەیە وا ببینین کە بەربەرەکانێیەکە تەنیا لە نێوان ئیمپراتۆری نوێ و ئەوانەی لەنێو ئێمەدا کە چالاکانە لە دژی ئیمپراتۆری نوێ تێ دەکۆشن، ئەوە وا دێتە پێش چاو، هەر لە ئێستاوە خەباتەکەمان دۆڕاندبێ.

بەڵام دەکرێ لە بارێکی ترەوە چاو لەم مەسەلەیە بکرێ، هەموو ئێمە کە لێرەدا کۆ بووینەتەوە، هەر کامەمان لە جێی خۆمان و لە بیر و هزری خۆماندا بە جۆرێک ئیمپراتۆری نوێمان بە چۆکدا هێناوە.

ڕەنگە نەمانتوانیبێ، ئیمپراتۆری نوێمان ڕاوەستاندبێ، بەڵام خۆمان پێ هەڵواسـیـوە و هـەنگاوەکـانـیـمــان شل کـردووەتەوە. ناچارمــان کـردووە دەمامکەکەی لادا و ڕووی ڕاستینەی خۆی وەدەربخا. ناچارمان کردووە لە کـون و تاریکایی وەدەرکــەوێ و ڕووناکـایـی لێی بدا. ئیـمـڕۆکــە بە لەشـی ڕووتوقـووت، لە پێش چاوی هـەمـوو جـیـهــان ڕاگـیـراوە و ڕووی شــاراوەیـی دەرخراوە.

ئیـمـپـراتۆری نـوێ زۆر باش دەتوانێ خـۆی لە شـەڕ وەردا، بەڵام لە هەمان کاتدا، ئەوەش ڕوون و ئاشکرایە کە چ شالاوێکی ڕەخنە و بێزاری بەرەوڕووی خۆی دەکاتەوە. زۆر ناخایەنێ کە زۆربەی بیروڕای ئەمەریکایی پشت لە شەڕ دەکەن و دەبنەوە بە هاوپەیمانی ئێمە.

تەنیا چەند ڕۆژێک لەمەوبەر، چارەکە ملیۆنێک ئینسان لە واشینتۆن لە دژی شـەڕ خۆپێشـاندانیان کرد[٩]، جار لەگەڵ جار زیاتر شەپۆلی خۆپێشـاندەران پەرە دەگرێ.

پێش لە ١١ی سـێپـتـەمـبـەری ٢٠٠١ ئەمـەریکا مـێژوویەکی نهێنیی هەبوو.

نهێنی بە تایبەتی بۆ خەڵکی خۆی. بەڵام ئیمڕۆ نهێنییەکانی ئەمەریکا بوونەتە مێژوو، مێژوویەک کە لە هەموو لایەک ئاشکرا بووە و بووەتە قسەی سەرزاری خەڵکی ئاسایی.

ئیمڕۆ دەزانین هەر بەڵگەهێنانەوەیەک کە لەسەر پەرەپێدان بە شەڕی عێراق بەکار دەبرێ، درۆیە. یەکێک لە درۆ هەرە گەورە و پێکەنینییەکان، ئەوەیە کە حکوومەتی ئەمەریکا دەڵێ؛ ئێمە بەر لە هەر شت دیمۆکراسیی عێراقمان بەلاوە گرینگە.

کە مرۆڤەکان بکوژرێن بۆ ئەوەی هەر ئەو مرۆڤانە لەژێر چنگی دیکتاتۆرێک ڕزگار بکرێن، لە ڕاستیدا گەمەیەکی لە بەردڵان و لەمێژینەی حکوومەتەکانی ئەمەریکایە. لێرەدا ئەمەریکاییە لاتینییەکان لە هەموومان زیاتر ئەزموونیان هەیە.

نابێ کەس تۆزقاڵێک گومانی هەبێ کە سەدام حوسێن، دیکتاتۆر و مرۆڤکوژێکی دڵڕەق و بێ بەزەییە، هەر ئەو سەدام حوسێنەی کە بە هۆی یارمەتیی حکوومەتەکانی ئینگلیز و ئەمەریکا، بوو بە ئەو کەسەی ئێستا. هەروەها نابێ کەس تۆزقاڵێک شکی هەبێ، کە نەمانی سەدام حوسێن بە قازانجی خەڵکی عێراقە و ژیانێکی باشتریان دەبێ. هەروەها لەلایەکەی ترەوە، لە نەبوونی مستر بوشیشدا، بێگومان جیهان لە وەزعێکی باشتردا دەبێ.

شۆڕشی شێرکەتە گەورەکان، تێک دەقرمێ ئەگەر بێتو ئێمە شتومەکەکانیان، بیر و بۆچوونەکانیان، خوێندنەوەیان لە مێژوو، شەڕەکانیان، چەکەکانیان و شێوەی هەڵسوکەوتیان نەکڕین.

ئەمەتان لە بیر بێ: ئێمە زۆرین، ئەوان کەم. ئەوە ئەوانن پێویستی زۆریان بە ئێمە هەیە نەک ئێمە بە ئەوان.

٢٧ ژانوییەی ٢٠٠٣

ئارونداتی ڕۆی کێیە:

لە هەرێمی کیرالا لە هیندستان لەدایک بووەو میعماریی خوێندووە. ئیمڕۆ ئارونداتی ڕۆی یەکێک لە نووسەرە گەورەکانی دژبەرەی گلۆبالیزم لە ئاستی جیهاندایە. پاش بڵاوکردنەوەی یەکەم ڕۆمانی بەناوی "شتە چکۆڵەکانی خوا" لە زۆربەی جیهاندا ناوبانگی دەرکرد. لەم دواییانەدا زۆرتر خۆی بە نووسینی ئارتیکلی سیاسی و کۆمەلایەتی خەریک کردووە. ساڵی ٢٠٠٣ خەلاتی The Lannan Peace Prize پێ درا کە سێ و نیو میلۆن کرۆنی سوێدی بوو و هەموو پارەی خەلاتەکەشی پێشکێش بە زیاتر لە پەنجا ڕێکخراوی سیاسی و کۆمەلایەتی لە هیندستان کرد. سەلمان ڕوشدی لەسەر ئارونداتی ڕۆی دەڵێ: "ڕۆی ڕاپۆرتە هەواڵەکان لەگەڵ لێکدانەوەی بەبێ ساچان لێک گرێ دەدا. من سەری ڕێز و نەوازش بۆ ئازایەتی و شەهامەتیی ئەم ژنە دادەنەوێنم".

تێبینی:

ئەم وتارە لە کتێبی کۆکراوەی ئارتیکلەکانی ڕۆی بەناوی Den oändliga rättvisans matematik لە چاپ و بڵاوکردنەوەکانی بنکەی Ordfront بە زمانی سوێدی وەرگیراوە.

پاشکۆ

"ئارونداتی ڕۆی Arundhati Roy دەگەڕێتەوە"

کاتێک لە ساڵی ١٩٩٨ ئاروندهاتی ڕۆی Arundhati Roy بە بڵاوکردنەوەی ڕۆمانی "شتە چکۆڵەکانی خوا" ناوی بە جیهاندا بڵاو بووەوە، هەر ئەودەم وەک ڕۆماننووسێکی جیهانی ناسرا و وەک ژنە نووسەرێک ناوی کەوتە ڕیزی نووسەرە هەرە گەورەکانی سەردەم. لەو ڕێککەوتە بەدواوە هۆگرانی تامەزرۆی ئەدەب بێ تاقەت و بە تاسەوە چاوەڕوانی ڕۆمانی دووەمی ئەم ژنە نووسەرە بەناو و دەنگەیان دەکرد، بەلام هەروەک ئەوە ئاروندهاتی ڕۆی لە جیهانی ڕۆمان

و ئەدەب ماڵئاواییی کردبێ، ڕۆمانی دووەم هەر نەهات و کە نەهات.

بۆ ڕۆمانی دووەم نەهات، بۆچی نەنووسرا و نەگەیشتە دەستی خوێنەرانی هۆگری چاوەڕوان و تامەزرۆ؟ ڕۆژنامەوانی گەورە و بەرهەڵستکاری بەناوبانگ، دایڤید بارسامیان David Barsamian وەڵامی ئەو پرسیارەمان لە پێنج گفتوگۆی جیاوازدا لەگەڵ ئاروندهاتی بۆ دەبینێتەوە. لەم کتێبە نوێیەدا ئاروندهاتی ڕۆی باسی ئەوە دەکا کە بۆچی لە باتیی نووسینی ڕۆمان هەموو کاتەکانی خۆی بۆ نووسینی وتار و بابەتی سیاسی لە پێوەندی لەگەڵ کێشە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان و بەتایبەتی کێشەی ژنان و ژینگە تەرخان کردووە. بۆچی لە باتیی ڕۆمان نووسین و خۆخەریککردن بەکاری ئەدەبییەوە، لێبڕاوانە و شێلگیرانە بەرهەڵستیکردنی بۆ نموونە بەنداوێک لە هیندستان دەکا کە ژیانی جووتیارە فەقیر و هەژارەکان تێک دەدا.

ئاروندهاتی ڕۆی لەم کتێبەدا باسی ئەوە دەکا کە ڕەوتی ڕووداوە سیاسییەکانی هیندستان و بەشەکانی تری جیهان بەرەو کوێ دەڕۆن. باسی ئەو هەستە دەکا کە ئەو وەک ژنە نووسەرێک چۆن لە یەک کاتدا لەلایەکەوە بووەتە خۆشەویستی بەشێکی زۆر لە خەڵکی هەژار و ڕەشوڕووت و لەلایەکی تریشەوە لەلایەن کەسانێکی ترەوە کەوتووەتە بەر ڕق و قین. ئاروندهاتی لە وتووێژەکانی لەگەڵ بارسامیان لەم کتێبەدا باسی قورسایی و گرینگیی ڕۆڵی خۆی لەنێو بزووتنەوەی بەرهەڵستکاری جیهانیدا دەکا و هەروەها تیشک دەخاتە سەر هەلومەرجی خراپی ژنانی هیندستان. ئاروندهاتی باسی ئەوە دەکا کە زۆر سەخت و دژوارە کە لە هەمان کاتدا هەم ژن و هەم لە هیندستانیش بژی. چونکە ژنان لەو وڵاتەدا لە نێوان لەلایەک بەرداشیترادیسیۆن و لەلایەکی تر گلۆبالیسم و سەرمایەداری چاوچنۆکی جیهانی وردە وردە خەریکن ئەنجن ئەنجن بن.

تێبینی:

The checkbook and the cruise missile ناوی ئۆرجیناڵی کتێبەکەیە بە ئینگلیزی.

سەرچاوەکان:

(1) Ranjit Devraj: "Asias Qutcast Hurt By Globalisation" Inter Press Service, 6 Jan-

uary 2003; Statesman News Service "Farm Suicid  Heat on Java" The statesman (India), 9 January 2003 "Govt, Policies Driving Fa rmers to Suicide" The Times of India,4  February 2002.

(2) "Govts Food Policy Gets a Reality Check from States"  Indian Express, 11 January 2003; Parul Chandra: "Victims Speak of Hunger, .vation Across Country", The Times of India, 11 January 2003

(3) Pankaj Mishra: "The other Face of Fanatism" New York Times 2  February 2003; Concerned Citizens Tribunal: Crime Against Humanit An  Inquiry Into the Carnage in Gujarat, Mumbai: Citizens for Justice and Peace 2002.

(4) Edward Luce: "Gujarat Win Likely to Embolden Hindu Right" Financial Times (London), 16 December 2002.

(5) Oscar Olivera "The War Over Water in Cochabamba, Bolivia, "Services of All?",  Municipal Services Project (MSP) Conference, 2002

(6) Tom lewis "Contagion in Latin America", International Socialist Review, 2002.

(7) Julian Borger & Alex Bellos " US Gave the Nod to Venzuelan Coup" Guardian 2002.

(8) David Sharrock: "Thousands Protest in Buenos Aires as Economic .Woes Persist", The Times 2002

(9) Mary McGrory: "A River of Peceful People", Washington Post, 23 January 2003.

# کامەیان، خوا یان ئاسترازنێکا AstraZeneca؟

بوو فۆرشبەری

کامەیان، خوا یان ئاسترازنێکا مافی بڕیاردانیان بەسەر ژیانەوە هەیە؟ ئەگەر کەسێک دە ساڵ لەمەوبەر ئەو پرسیارەی لە من کردبا، ئەوە سروشتی بوو کە وەڵامم دابایەوە، خوا. ئیمڕۆ ناچارم لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا بڵێم هەم خوا و هەم ئاسترازنێکا یان هەم خوا و هەم رایس تیک Rice Tec یان هەر شیرکەتێکی گەورەی نێونەتەوەیی تر کە بازرگانی و مامەڵە بە خودی ژیانەوە دەکا.

لە زۆربەی کولتوور و مەزهەبەکاندا ژیان وەک شتێکی پیرۆز لێی دەڕواندرێ، وەک دیاری و سەوقاتێک کە ئێمە مرۆڤەکان بە کۆمەڵ پێمان دراوە و لە بەرەکەی دەخۆین. ئەمە هەموو ژیانێک دەگرێتەوە، هەم ژیانی رووەک و هەم ژیانی ئاژەڵ. مرۆڤ بەردەوام و هەموو کاتێک بۆ زیندوو مانەوە و ژیان پێویستی بە سروشت بووە. برنج، هەرزن، گەنم و پەتاتە لە سەرەتاییترین خواردنەکان لە هەموو کولتوورێکی سەرتۆپی ئەم زەوییە بوون. جیل لە دوای جیل زانیاری لەسەر بەروبوومە کشتوکاڵییەکان زیادی کردووە. جووتێرەکان کێڵگەکانیان کێلاوە، تۆوەکانیان چاندووە و دانەوێڵەیان ڕەنێو هێناوە. بیریان لە هەوا، با و هەر شتەی لە لەباشترکردنی کێڵگە وەبەرهەمهێنان و ڕەنێونانی بەروبوومەکاندا شوێندانەر بووبێ، کردووەتەوە. لە کاتی خەرمان هەڵگرتندا، هێندێک دانەوێڵە وەک تۆو و بۆ ساڵی تر و بۆ خەرمان هەڵگرتنێکی تر هەڵگیراوە. هەموو جووتێرێک هەر وا بووە و هەر وای کردووە ئیتر لە هەر شوێنێکی ئەم دنیا پان و بەرینە، لە هیندستان، لە کۆنگۆ یان لە سوێد بێ. هەر ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کە ئەم تێکەڵاویی بایەلۆجی

و سروشتییە جیل لە دوای جیل وەک خۆی بمێنێتەوە.

بەڵام ئیمڕۆ وا نییە و دنیایەکی جیاوازمان هەیە. ئیمڕۆ باڵادەست و بڕیاردەر لە بازاڕدا ژمارەیەک شیرکەتی ترانسناشناڵ و نێونەتەوەیین. ئەوان لەبەر بردنە سەرەوەی لە ڕادەبەدەری قازانج گوێ بە سروشت و تێکەڵاویی بایۆلۆجی نادەن و ناهێڵن ئینسانەکان بەپێی هەلومەرج و بارودۆخی سروشتیی خۆیان بژین. لەوێوە کە بازاڕ دەیەوێ کۆنترۆڵی بەسەر بەرهەمەکان لە فرچک گرتنەوە هەتا حازربووی نێو پاکەت هەبێ، دەیەوێ کۆنترۆڵیشی بەسەر ژیان، مان و نەمانی ئینسانەکاندا هەبێ.

کە کەسانێک مافی بڕیاردانیان بەسەر چارەنووسی ئۆرگانیسمی زیندوودا هەبێ لە ڕاستیدا دیاردەیەکی نوێیە کە بۆ یەکەم جار لە دەیەی هەشتاکاندا لە ئەمەریکا سەری هەڵدا. بەهۆی تەکنیکی نوێ لە بواری ژێندا ئەو دەرفەتە ڕەخساوە کە ژیان خۆی چەواشە بکرێ و لەو ڕێگەوە بەرهەمی پڕ قازانجی بازرگانی بخرێتە بازاڕەوە. بەپێی یاسا و نۆرمەکانی ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانیWTO کەس بۆی نییە، دەست لە ژیانی مرۆڤ، ئاژەڵ یان رووەکێک وەربدا و چەواشەی بکا لە کاتێکدا لەشەکانیان زیندوون و هێشتا نەمردوون. بەڵام لە هەمان کاتدا ئەو مافەش بۆ کەسانێک پارێزراوە ئەگەر هاتو مەبەستیان لێکۆڵینەوە و دۆزینەوەی شتی نوێ و داهێنان بێ. بۆ نموونە ئەگەر ژینی تۆوێک بگۆڕدرێ، ئەوە لە خۆیدا وەک دۆزینەوەی شتی نوێ دەژمێردرێ. ئەمە گوتنە لەسەر دیرۆکی داری نیم لە هیندستان و ئەو ڕۆنەی لە ناوک و بەرهەمی دارەکە وەرگیرا، وەڕاست گەڕا.

داری نیم کە لە شوێنە جیاجیاکانی ئاسیا دەڕوێ، بە درێژاییی هەزارانساڵ وەک ئەوەی کەڵکی دەوا و دەرمانی لێ وەردەگیرێ، ناوبانگی هەیە. مرۆڤە بە ئەزموونەکان، بەرهەمی دارەکە دەکوتن و ڕۆنێکی لێ دەگرن کە بۆ سارێژکردنەوەی زام و نەخۆشیی تری پێست کەڵکی لێ وەردەگیرێ. ساڵی ١٩٩٤ شیرکەتی بەرهەمی کشتوکاڵی WR Grace بڕوانامەیەکی ئەورووپاییی وەرگرت کە لە ڕۆنی دارەکە دەرمانی دژی قارچکی کشتوکاڵی بەرهەم بێنێ.

دانی ئەم مافە بە شیرکەتی WR Grace گێژەڵووکەیەک لە نارەزایەتی و پرۆتێستی لە هیندستان وەڕێ خست، چونکە ئەوان پێیان وابوو، هەر ئیمڕۆکە نە تەنیا لە ڕۆنی داری نیم وەک ئامرازی خۆخاوێنکردنەوە کەڵک وەردەگیرێ بگرە ڕاست وەک دەرمانیش و لە دژی قارچکی کشتوکاڵیش سەدان ساڵە لەم دارە کەڵک وەرگیراوە. ئەم بڕوانامەیەی بە WR Grace درابوو لە خۆیدا بەو مانایە بوو کە هەموو مافێکی پێوەندیدار بە داری نیمەوە وەک چۆنیەتیی چاندن، فرەکردن و کەڵک لێوەرگرتن لە پاوانی ئەو شیرکەتەدا بوو.

پرۆتێستەکان لە دژی ئەم بڕیارە هەم لە هیندستان و هەمیش لە ئاستی نێونەتەوەییدا زۆر توند بوون و شیرکەتی WR Grace ناچار کرا خۆی بکشێنێتەوە. کشانەوەکەش ڕاست لەبەر ئەوە بوو کە کەڵک وەرگرتن لە داری نیم داهێنانێکی تازە دۆزراوە نییە و هەر لە کۆنەوە مرۆڤ زانیاریی لەسەر چۆنیەتیی کەڵک وەرگرتن لەو دارە هەتا ڕادەیەک هەبووە. سەرەڕای ئەمە دیرۆکی داری نیم هێشتا تەواو نەبووە و هەر ئیمڕۆ بە دەیان داواکاری تر بۆ وەرگرتنی بڕوانامەی پاوانی کەڵک وەرگرتن لە دارەکە پێشکێش کراوە.

یەکێکی تر لە هەواڵە گەرم و ئاڵۆزەکانی پێوەندیدار بەم کێشەیەوە مافی پاوانکردن و بڕیاردان بەسەر ناوی برنجی باسماتی تایلەندییە لەلایەن شیرکەتی نێونەتەوەیی و ئەمەریکایی Rice Tec لە ساڵی ١٩٩٧. برنجی باسماتی کە لەبەر بۆنی خۆش و دەنکە خۆکێش و درێژەکانی ناوبانگیی جیهانی هەیە هەزاران ساڵە لە وڵاتانی وەک هیندستان و پاکستاندا دەچێندرێ. هەر ئەو برنجە باسماتییەی لە تایلەند دەچێندرێ و ڕەنێو دەهێندرێ لەبەرئەوەی شیرکەتی Rice Tec مافی پاوانی بەسەر ناوەکەیەوە کڕیوە، لەسەر کیسە برنجەکان دەنووسرێ برنجی باسماتیی ئەمەریکایی. هەر ئیمڕۆ ئەم کێشەی برنجی باسماتی و ناوەکەی بووەتە کێشەیەکی گەورە و گەرم لە نێوان تایلەندییەکان و شیرکەتە نێونەتەوەییەکاندا.

تایلەندییەکان دەڵێن کەس بۆی نییە مافی کڕین و وەرگرتنی ناوی برنجی باسماتی تایلەندی بکڕێ. ئەوان دەڵێن هەروەک چۆن شینکای پارما

ئیتاڵیاییە، یان شامپاین فرەنساییە، ئەوە باسماتیش بە هەمان شێوە تایلەندییە. قانوونە بازرگانییەکانی یەکەتیی ئەورووپا مافی پاوانی ناوی پارما و شامپایینی بە ئیتاڵیا و فرەنسا داوە و هیچ وڵاتێک بۆی نییە و ناتوانێ کەڵک لەو ناوانە وەربگرێ بەڵام لە هەمان کاتدا هەمان ماف بۆ تایلەندییەکان و برنجە باسماتیکەیان نەدراوە. لە تایلەند و زۆر وڵاتی تردا خەڵک لەوە دەترسن کە شیرکەتە گەورە نێونەتەوەییەکان بەرهەم و ناوە خۆماڵییەکانی ئەوان کە پێشتر بە شێوەی ترادیسیۆنی رەنێو هێنراون لەوان بستێنن و بەناوی ئەوانەوە بازرگانی بکرێ، بازرگانییەک کە بە هیچ جۆرێک ئاوڕ لە بەرژەوەندیی ئەوان ناداتەوە و ئەوان بە هیچ ناگرێ. هەژارەکان، جووتێرەکان، بزووتنەوە پشتگیرییەکان، کنێسەکان و ڕێکخراو و یەکەتییە جۆرەوجۆرەکان لە پێشوەچوونەکان لەم پێوەندییەدا ئاڵۆز و پەشێون.

ئیمڕۆکە بە گشتی پرۆتێست و رەخنەکان زیاتر ئاراستەی ڕێکخراوێکی وەک WTO دەکرێ کە دەسەڵاتێکی یەکجار زۆر و بێ سنووری هەیە و وەک ئامرازی دەستی وڵاتە دەوڵەمەندەکان دەجووڵێتەوە و بەکار دەبردرێ. ئەم پرۆتێست و بێزارییە لە میدیاکاندا ناوی بزووتنەوەی دژی جیهانیبوونی لێ نراوە. کە لە ڕاستیدا ناوێکی دوور لە ڕاستی و چەواشەیە. چونکە هەر ئەو خەڵکە بە کولتووری جیاواز و لە چینی جۆرەوجۆر کە لە هەموو شوێنەکانی تری دنیاوە دێن و لە جێگەیەکدا کۆ دەبنەوە و لە دژی نایەکسانیی شیرکەتە جیهانییەکان ڕادەوەستن، نەتەنیا بزووتنەوەی دژی جیهانیبوون نین بگرە بۆ خۆیان بزووتنەوەیەکی جیهانین. داخوازی ئەوان ئەوەیە کە جیهانیبوون هەموو جیهان دابگرێ نەک تەنیا جیهانیبوون بە قازانجی بەشە دەوڵەمەندەکەی جیهان بێ. کێشە بنەڕەتییەکە ئەوەیە کەس بۆی نییە بەناوی جیهانیبوون ژیانی مرۆڤ، سروشت، ئاژەڵ و گژوگیا پاوان بکا.

سەرچاوە: وەرگێڕان، کورتکردنەوە و لێ زیادکردنێکی نووسینێکی Bo Forsberg بو فۆرشبەری

Ordfront Magasin 01/2004

## چەککردن

### "بەناوی دین تینوویەتی بە خوێن شکاندن"

لەیف ئێریکسۆن

سـەری سـەرۆک هـۆزی ئیندیانەکـان مـێـتـاکـۆم Metacom بە دارێکەوە کـرا و لەسـەر دەروازەی هاتنـە ژوورەوەی یەکەم ناوچەی کۆلۆنی پیـرۆزی ئەمـەریکا، پلایموسی نوێ Plymouth چەقـێـندرا . ئەم سـەرە بەدارکـراوەی مـێـتـاکـۆم بە دەیان سـاڵ مـایەوە و هیچ رێبوارێک نـەما کە نـەیبینێ. پێشـتـر هـەر لە هۆزی ناراگـان دوو هـەزار ژن و منداڵ و پیـاو لە ئاگـردا لە کـردەوەیەکی ئیـنـدیان قڕاندا بە کۆمەڵ سووتێندرابوون. بنەماڵەی مێتاکۆم وێڕای سـەدان بنەماڵەی ئیندیانی تر دواتر لە بازاڕەکانی کڕین و فرۆشـدا وەک بەردە فرۆشران. ساڵی ١٦٥٣ و دوو دەیە پێش لەم مـێـژووە لەلایەن سـەرۆک هۆزەکـانی ناراگـانەوە داواکارییـەک درابوو بە رۆگـێـر ویلیـامـز Roger Williams کە ئینگلیـزییـەکان بەڵێنیان پێ بدەن ئیندیانەکان بەزۆر مەجبوور نەکرێن دەستبەرداری دینەکەی خۆیان ببن و بەزۆر وەرگێڕدرێن و بکرێنە کریسـتیان. ئەگەر هاتو بۆ خۆیان بە دڵخوازی خـۆیان وەرنەگێـڕدران و نەچوونە سـەر دینی کریسـتیـانـی شـەڕ و کوشتار هەڕەشەیان لێ نەکات.

سی سـاڵ پێش لەم مێژووە لە سـاڵی ١٦٢٠ پـاپۆڕێک کە چل و یەک کـەسی تێـدا بوو، گـەیشـتـە ئەمـەریکای باکور. کـاروانیـیـەکـان بە هۆی بیـروباوەڕی جیـاوازی دینی و لە دەسـتی جـوتـئـەخلاقی کلـێـسـای ئینگلیـزەوە هـەڵاتبـوون. ئەوان بەر لـەوەی لە پاپۆڕەکـە دابەزن بەڵێنیـان بە یەکـتـری دا کـە پێکەوە بە مافی وەکیەکی و نەبوونی جیاوازیی وەفادار بمێننەوە. ئەوان خۆیان وەک یەک

دی و نەیاندەویست کەسێک بەناوی قەشە، ئوسقوف یان شا لەسەر سەریانەوە بێت و فەرمانیان پێ بدا. ئەوان لە هەمان کاتدا خەڵکانی بە باوەڕی دینی بوون کە ڕاست هەر لەبەر باوەڕە مەزهەبییەکانیان ماوەی سێزدە ساڵ بوو مەجبوور کرابوون زێدی کۆنی خۆیان بەجێ بێڵن و ئێستا کۆلۆنی پلایموسی نوێ لە ئینگلاندی نوێ لە ئەمەریکا دروست بکەن.

لە ئینگلاندی کۆن ئازادیی دینی نەبوو بەڵام دامەزرێنەرانی ئینگلاندی نوێ ئازادیی دینییان دەویست. لە ئینگلاندی کۆن یاسا بەسەر کۆمەڵگەوە حاکم نەبوو، لێرە لە ئینگلاندی نوێ یاسا دانرا. کۆلۆنی پلایموس بوو بە یەکەم جێگە لە جیهاندا کە یاسای ماف و سەروەریی هاوولاتییەتیی تێدا دەستەبەر کرا. هەر هاوولاتییەک مافی ئازادیی بیروباوەڕ، مافی هەبوونی مەحکەمەیەکی یەکسان و ئاشکرای بۆ دەستەبەر کرا بەبێ ئەوەی مەترسیی دارکاری و ... لەبەر بنرێ.

دە ساڵ پاش ئەوەی کۆمەڵەی مایفلاوێر "گولّی من" کۆلۆنی خۆیان دامەزراند، ڕۆگێر و ماری ویلیامزی هاوژینی بڕیاریان دا کە ئینگلیز بەجێ بێڵن. ڕۆگێر قەشەیەکی بەرهەڵستکار بوو و هەموو کات ترسی گرتن و حەپسکردنی لە سەرەڕێ بوو. ڕۆگێر بە منداڵی لە سمیتفیلتی نزیک ماڵە خۆیان لە لەندەن لەو شوێنەی پاشان تێدا گەورە بوو، بۆ خۆی شاهیدی بە زیندوویی سووتاندنی دوو وەرگەڕاوە بوو، دوو کەس کە بانگەشەی ئەوەیان کردبوو کە ئەوان سەروەری و دەسەڵاتی کڵێسا بەسەر خۆیانەوە چیی تر قبووڵ ناکەن. ئێستا ڕۆگێر بۆ خۆی ڕەخنەی لە دەسەڵاتی بێ سنووری شای ئینگلیز هەبوو، ڕەخنەیەک کە لەو سەردەمەدا بە گەورەترین تاوان دەژمێردرا.

بنەماڵەی ویلیامز لە سالم، ماساچووسێت، چەند مایلێک دوورتر لە بۆستۆن و پلایموس نیشتەجێ بوون. بەڵام قەشە زل و بەدەسەڵاتەکانی بۆستۆن بیر و بۆچوونەکانی ڕۆگێر ویلیامزیان زۆر بەپڕ مەترسی دانا. ڕۆگێر شای ئینگلیزی بەوە تاوانبار دەکرد کە کەڵکی خراپ لە دەسەڵاتی شایانەی خۆی وەردەگرێ و خۆی وەک شای هەموو مەسیحییەت دەناسێنێ و ئەوروپا

وەک ناوچەی کریستیانکراو دەبینێ. ڕۆگێر لەو باوەڕەدا بوو کە شا دزە، شایەک خاکێک دەبەخشێ کە هی ئەو نییە. ڕۆگێر تەنانەت نەیدەتوانی قبووڵ بکا کە ئیندیانەکان لە ئینگلیزییەکان کەمتر بن. ئەو دەیگوت شاگەلی کریستیانی چۆن دەتوانن خاکێک ببەخشنەوە و تەخشان پەخشانی بە سەرەوە بکەن لە کاتێکدا هی ئەوان نییە. ڕۆگێر دەیگوت کۆلۆنیالیزمی ئینگلیزی بە ئاشکرا بەزۆر داگیرکردن و پاوانکردنی سامانی خەڵکی تری کردووەتە پیشەی خۆی.

مافی ئازادی، وەکیەکی و هاووڵاتییەتی تەنیا بۆ ئەو کەسانە بوو کە باوەڕی ڕاستینەیان هەبوو یانێ کریستیان بوون. هەموو کەسەکان مافی وەکیەکیان نەبوو. ئەوانەی بە جۆرێکی تر بیریان بکردبایەوە و بەرهەڵستکار بوونایە، لە مافەکان بێبەش دەکران. لە ناوەڕاستی زستان و لە مانگی ژانڤییەی ١٦٣٦ ڕۆگێر ویلیامز لەبەر ڕەخنەکانی لە ماساچووسێت دەرکرا و بەرەو چۆڵەوانییەکان ڕاونرا. هەر ئەو مرۆڤە ئایینییانەی کە لەبەر هۆی ئاین سەردەمێک ڕاو نرابوون، ئێستا بۆ خۆیان کەسانێکی تریان لەبەر بێ باوەڕی ڕاودەنا. لە ساڵی ١٦٤٤ بابتێستەکان لە ماساچووسێت قەدەغە کران و لە ساڵی ١٦٥٦ کڤێڤارەکانیش (سێکتێکی تری ئایینی کریستیانی ئینگلیزی-ئەمەریکایی) بە هەمان شێوە. ئەگەر هاتو ئەندامێک لە سێکتی کڤێڤارەکان دوای تۆبەکردن جارێکی تر بایدابایەتەوە و تۆبەکەی بشکاندبا، گوێیەکی لە بنەوە دەبڕدرا، ئەگەر بۆ جاری دووەم تۆبەی شکاندبا، گوێیەکی تری دەبڕدرا و بۆ جاری سێیەم کونێک لە زمانی دەکرا. ساڵی ١٦٥٨حوکمی ئیعدام بۆ کڤێڤارەکان بەڕەسمی پەسند کرا.

ڕۆگێر ویلیامز لە ماوەی پێنج ساڵدا و بەر لەوەی شاربەدەر بکرێ، توانی پێوەندییەکی چڕ لەگەڵ ئیندیانەکان دابمەزرێنێ و ئاکامی ئەم پێوەندییەش نووسین و دانانی یەکەم فەرهەنگی زمانی ئینگلیزی- ئیندیانی، ناگارانی بوو. ڕۆگێر نووسی: " سروشت جیاوازییەک لە نێوان ئەوروپاییەکان و ئەمەریکاییەکان [لێرەدا مەبەست لە ئەمەریکاییەکان ئیندیانەکانە یانێ

خاوەن ماڵە ڕاستینەکان] وەک خوێن، لەش و لەدایکبوون و... دانانێ. خوا هەموو ئینسانەکانی لە یەک خوێن دروست کردووە". ویلیامز نووسی "ئەمەریکاییە وەحشییەکان بە حورمەتتر، بەڕێزتر و دڵفراوانتر لە ئینگلیزییەکان بوون هەم لەنێو خۆیاندا و هەم لە بەرانبەر بێگانەکانیشدا. ڕۆگێر ویلیامز بۆ خۆی شایەتی زیندووی شەڕی نێوان پیگۆت و ناڕاگانی ئیندیانەکان بوو.

ساڵێک پاش ئەوەی ڕۆگێر ویلیامز شاربەدەر کرا، چوارسەت ئیندیان بە زۆری ژن و منداڵ لە گوندی میستیک لە نیزیک بۆستۆن کوژران. والیی پلایموس بەم شێوەیە باسی کۆمەڵکوژی ئیندیانەکانی کرد: " یەکجار ناخۆش بوو کە ئەوانت دەدی لەنێو بڵێسەی ئاگردا دەبرژان... لە هەمووش خراپتر قرچە و بۆچرووکێک بوو کە لە لەشی ئەوان هەڵدەستا، بەڵام شادیی سەرکەوتن سنووری نەدەناسی و بۆ ئەمەش سوپاسی خوامان کرد کە چۆن یارمەتیی داین کە دوژمنەکانمان بخەینە بن دەستمان..."

پوریتانە کریستیانەکان لە ماساچووسێت حوکمی غەزایان بۆ قەڵاچۆی ئیندیانەکان دەرکرد. بەهۆی بەڵگە هێنانەوە لە ئینجیلی کۆن و شەڕی داوود، قەڵاچۆ و کۆمەڵکوژی ئیندیانەکانیان بە ڕەوا دەزانی: "هێندێک جار تێکستی پیرۆز وا دەڵێ؛ "ژن و منداڵ و باب و دایکەکانیان دەبێ چاڵ بکرێن...." "ئێمە بۆ کردەوەکانمان بە ڕادەی پێویست لەلایەن وشەکانی خواوە لە ئینجیلدا چرای سەوزمان پێ نیشان دراوە".

بەزۆر وەرگەڕاندن و کریستیانکردنی ئیندیانەکان بە شێوەیەک لەلایەن سپییەکانەوە بەڕێوە چوو کە جیل لە دوای جیل بۆ نەوەکانیان بە میرات مایەوە. پێگۆترقڕانی ئیندیانەکان لەلایەن کریستیانە پوریتانییەکان بوو بە سەرەتایەک بۆ کۆمەڵکوژییەکانی تر لە داهاتوودا. هاوکات هەوڵی وەرگەڕاندن و بە کریستیانکردنی ئیندیانەکان بە شێوازی جۆرەوجۆر تاقی دەکرایەوە. ئیندیانەکان لە شوێنی تایبەت کە شوێنی وەرگەڕانی پێ دەگوترا کۆ دەکرانەوە، لەبارەی مەسیحییەتەوە قسەیان بۆ دەکرا و بە زۆری بە قەول

مەدەنییان دەکردن یان وەک دەگوترێ سیڤیلیزێرایان دەکردن. لەلایەن سپییە ئەوروپاییـیـەکـانەوە هیـچ ئیندیانێک بۆی نەبوو لە خـوا درۆینەکـانی خـۆیان بپارێتەوە و ئەگەر هاتووش لە بەرانبەر خـوای ڕاستینەدا دڵەڕاوکێیان لەخۆ نیشان دابایە ئەوە بێجگە لە کوژران هیـچ ڕێگەیەکی تریان بۆ نەدەمایەوە.

ڕۆگـێـر ویلیـامـز لە بەرانبـەر ئـەم وەرگـەڕاندنە بـە تەواوی وەحـشـی و نامرۆڤایەتییەدا کە خەڵکی بە ڕەچەڵەک ئەمەریکاییان بـەزۆری کریسـتـیـان دەکـرد، تووڕەیی خـۆی دەردەبڕی و دەیگوت: "بەزۆر کـریسـتـیـانکردن کریستیانبوونی لێ وەبەرهەم نایە". پوختەی بۆچوونەکەی ویلیامز ئەوە بوو کە شـەڕی دین گەورەترین هۆکاری وەمـەترسی خستنی ئاشتی لە کۆمەڵگەدایە. ئەوانەی شەڕی دین دەکەن گەورەترین قاتڵی پیاوان، ژنان و منداڵانن.

پاش ئەوەی ڕۆگێر ویلیامز شـاربەدەر کرا سێ هەتا چوار مانگی خایاند کە خۆی لە سنوورەکانی ماساچووسێت دەرباز کرد. لە هۆزی ناڕاگانی ئیندیان پارچە زەوییـەکی کـڕی و دوو سـاڵ دواتر لە سـاڵی ١٦٣٨ شـارۆکـەی ڕۆد ئایسـلاند Rhode Island ی بنیـات نا. ڕۆگێر ویلیـامـز لە ڕۆد ئایسـلانددا بە هێمنی و ئارامی و لە ئازادیدا یەکەم کۆمەڵەی دینی بابتیستی ئەمەریکای دامەزراند.

سـاڵی ١٦٤٤ ڕۆگێر ویلیامز لە سـەفـەرێکدا بۆ لەندەن کـتـێبی "دوگـمی تینووی خـوێن بـە ناوی ویژدان"ی چاپ کـرد. هەر زوو پاش بڵاوبوونەوەی، کتێبەکە قەدەغە کرا. لەم کتێبەدا ویلیامز باسی ئەوەی کردبوو کە تۆلێرانسی دینی هیچ بایەخێکی نابێ ئەگەر بێتـو ویژدانی مـرۆڤ بە تەواوەتی ئازاد نەبێت. ئازادی کاتێک مانا دەدا کە ویژدانیش ئازاد بێ و ویژدانی مرۆڤ دوور بێ لە بێ ڕێزی و سـووکـایەتی بە ئەوانی تر ئیـتـر جـوولەکـە، هیندی، تورک [تورک لێرەدا ئاماژەیە بە موسـڵمان]، هێدنی یان باوەڕی دژی کریسـتیانی بێ. ویلیامز لەم کتێبەدا دەڵێ هاووڵاتییەتی و کریستیانی ڕاستینە پێکەوە دەتوانن لە کـۆمـەڵگەیەکـدا پێش بکەون کـە لەودا ئازایەتیی ئەوە هەبێ کـە زەمـانـەت و گەرانتی ئازادیی بیروباوەڕی جیاوازی وەک جـوولەکە و غـەیری

جوولەکە بکرێ.

رۆگێر ویلیامز نووسی ئەوەی کە ئێمە پێی دەڵێین ویژدان لە سروشتی خۆیدا شتێکە بۆ خۆمان، مرۆڤەکان دامانهێناوە ئەگەرچی هەر ئەم ویژدانە دەکرێ بێ بناغە، درۆینە و سەرلێشێوێنکەر بێ بەڵام دیسان ئازار و دارکاری لەلایەن ئێمەوە ناتوانێ وەک رێگەی وەڵامدانەوە چاوی لێ بکرێ. دەوڵەتەکان چۆن لە دین دەڕوانن، شتێکە بەڵام ویژدان مەسەلەیەکی شەخسیی هەر کەسێکە کە پێوەندیی بە باوەڕ، عەقڵ و دڵی ئەو کەسەوە هەیە بە تایبەتی لەو پرسانەی کە پێوەندییان بە خوا و باوەڕی ئەوەوە هەیە.

لە ئاوەدانی رۆد ئایسلاندا هیچ چەشنە یاسا، بەند و بەستێک بۆ بابیستەکان، کڤێڤارەکان و ئەوانەی تر کە لەبەر هۆی باوەڕی جیاوازەوە لە کۆلۆنییەکانی تری ئەمەریکاوە ڕاو نرابوون، دانەنرا. هیچ کەسێک لەبەر باوەڕی مەزهەبی لە رۆد ئایسلاندا زیندانی نەکرا، حوکم نەدرا، نەسووتێندرا و هەڵنەواسرا. ئازادیی ویژدان و باوەڕ بۆ هەموو بیر جیایەک وەک یەک لە رۆد ئایسلاندا دابین کرا. هەر بۆیە رۆد ئایسلاند بوو بە جێگە و ماوای حەوانەوە و شوێنی دالدەکانی بیرجیا مەزهەبییەکانی نێو دوو باڵی کاتۆلیک و پرۆتێستان وەک میستیکەکان، ئاپۆکالیپتیکەکان، بابتیستەکان و ئەوانەی تر کە پێبەندی نۆرم و بایەخی جیاوازی مەزهەبی بوون. هەر ئەوەش بوو کە سێکتی کڤێڤارەکان بۆ یەکەم جار لە گوندی رۆد ئایسلاندا لە ساڵی ١٦٦١ کۆمەڵەی مەزهەبی خۆیان دامەزراند.

لە رۆد ئایسلاندا هەموو کەسێک خاوەنی بیروباوەڕی تایبەتی و کەسیی خۆی بوو، حکوومەت بۆی نەبوو خۆی بکوتێتە هەرێمی شەخسی و تایبەتیی تاکەکان. لەوێدا جۆرێک ماف و ئازادیی ئینسانی دابین کرابوو کە پێوەندیی بە تاکەکان خۆیانەوە بوو، ئەوان بۆ خۆیان ئەو مافانەیان لەلایەن خوا و سروشتەوە پێ ڕەوا بینرابوو نەک لەلایەن دەوڵەت و شایەکانەوە. هەر ئەو مافانە بوونە بناخەی یاسایی و لەودا مافە ئینسانییەکان، مافی هاووڵاتییەتی و مافەکانی وەک ئازادیی بەیان و ئازادیی بڵاوکردنەوە و ئازادیی دەنگدان

کەوتنە ڕۆژەڤەوە. دواتر هەر ئەو مافانە بوون کە لەو یاسایانەی کە لە سەدەی هەژدەدا لە [ڕۆئاوا] نووسران کەم کەم لە بەرچاو گیران.

ڕۆگێر ویلیامز نووسی ئەو ئازادیی ویژدانەی کە من بانگەشەی بۆ دەکەم ئەوەیە کە "هیچ کاتۆلیک، پرۆتێستانت، جوولەکە و تورکێک مەجبوور نەکرێت کە بەپێچەوانەی ویستی خۆی کڕنۆش بۆ هێزی خوا بەرێ. هەروەها نابێ لە کەس قەدەغە بکرێ کە بە زمان و شێوەی تایبەتی خۆی ستایشی خوا بکا، شتێک کە ئیمڕۆ لێرە [ئەمەریکای ئەودەم] دەکرێ. ویلیامز پێی وابوو کە ویست و ڕەزامەندیی خوا ئەوەیە کە هەموو ئینسانەکان بە بیروباوەڕە جیاوازە مەزهەبییەکانیانەوە وەک هێدنییەکان، جوولەکەکان، تورکەکان و دژە کریستیانەکان لە شوێن و وڵاتی خۆیاندا بەوپەڕی سەربەستییەوە بژین. ئازادیی ویژدان بۆ ویلیامز بەو مانایە بوو کە ئینسانەکان لە هەڵبژاردن و هەروەها تەرک و بەجێهێشتنی دیندا بە تەواوی ئازاد بن.

لەو سەردەمەدا هیچ وڵاتێکی ئەورووپایی نەبوو کە لەودا ئازادیی مەزهەبی دەستەبەر کرابێت. بەڵام لە باکوری ئەمەریکادا بێجگە لە ڕۆد ئایسلاندا نەبێت کە ڕۆگێر ویلیامز بە تاقی تەنیا لە پێناوی ئازادیی ویژدان کە بەشێوەیەکیش هەمان دیمۆکراسی بوو لە خەباتێکی بێ وچاندا بوو، لە کۆلۆنییەکانی تری ئەمەریکادا دیسان هەر پیاوە دینییەکان، شایەکان و فیۆداڵەکان حاکم و بەڕێوەبەر بوون.

ئەوە ڕۆد ئایسلاند و بیر و بۆچوونەکانی ڕۆگێر ویلیامز بوو کە وردە وردە سەرکەوتنی بە دەست هێنا و لە یاسای بنگەیی کۆلۆنییەکانی تردا ڕەچاو کران. کاتێک لە ساڵی ١٧٨٩ بە دەستپێشخەری باتیستەکان چوارچێوەی مافەکان Bill of Rights لە یاسای بنگەیی ئەمەریکادا داڕێژران، ئەو وشانە کران بە پێشەکیی ئەم بەشە لە یاسای بنگەیی؛ "کۆنگرێس ناتوانێ و بۆی نییە یاسا لە پێوەندی لەگەڵ دیندا دابنێ یان کەسانێک لە هەڵبژاردنی دین و مەزهەبی تازە قەدەغە بکا".

ڕۆگێر ویلیامز بێجگە لەوە بیرمەندێکی گەورەی بواری مافە سروشتییەکان

بوو هەم دیموکرات و هەمیش سیاسەوانێکی ڕادیکاڵ بوو. کاکڵی بیری مافە سروشتییەکان، بەرژەوەندیی تاکی بە ناوەند دەگرت و لەسەر ئەوە ڕادەوەستا کە هەموو تاکێک دەسەڵاتێکی ئەخلاقیی بەسەر ئەو شتەی بە جۆرێک پێوەندیی بەوەوە هەبێ، هەیە. ویلیامز یەکێک لە دەستپێشخەرانی نێو بیرمەندانی مافە سروشتییەکان وێڕای هوگۆ گرۆتیوس Hugo Grotius، جۆن لۆک John Locke، ژان ژاک ڕۆســۆ Jean-Jacques Rousseau و تۆمــاس پاین Thomas Paine لە سەدەکانی حەڤدە و هەژدە بوو. مافە سروشتییەکان وەک بیر لەو بارەوە بەکار دەبرا و گرینگیی پێ دەدرا کە بتوانێ چوارچێوەی کۆنی کۆمەڵگە بگۆڕێ و ئاڵوگۆڕی گەورەی سیاسی لە بنەمای کۆمەڵگەدا پێک بێنێ. بەڵام وەک بیرمەندانی ئەم ڕێچکە فیکرییە بەو شێوەیەی بۆی دەچوون وا نەهاتە دی و هەتا ئەم دواییــانە و شــەڕی دووەمی جیــهانی مــافــە سروشتییەکان لە بیر کران. ئەوە بوو لە پاش شەڕی دووەم کە دیسانەکە مافە سروشتییەکان ئەمجارە لە شێوازێکی تردا و لە قەواخی مافەکانی مرۆڤدا کەوتنە نێو چوارچێوەی مافە گشتییەکانەوە.

لە دووسەت ساڵ ئەزموونی دیموکراسی لە ئاتێنی کۆندا لە سێسەت ساڵ پێش لە زاین و بێــجگە لە ســویسی ســەدەی ١٥٠٠ نەبێت ئیــتــر هیچ کۆمەڵگەیەک پێش لە ڕۆد ئایسلاندی بچکۆلانە نەبووە کە خۆی بە کۆمەڵگەی دیموکــراسی ناودێر کــردبێ. لە ڕۆد ئایســلاند لە ســاڵی ١٦٤٧دا بڕیار وەرگیردرا کە دیموکراسی جێبەجێ بکرێ و مەبەستیشیان لە حکوومەتێکی دیموکراتیک ئەوە بوو کە یاسا و مافپەروەری حاکم بێ و خەڵک لە ڕێگەی هەڵبژاردنی نوێنەرانیانەوە بەشێوەیەکی ئازاد بەسەر چارەنووسی خۆیاندا حاکم بن و دەسەڵات بەدەست زۆربەوە بێت.

ڕۆگێر ویلیامز پێی وابوو هەموو دەسەڵاتێک دەبێ لە خەڵکەوە سەرچاوە بگرێ. ئەو، بیری ئەوەی کە شایەکان هەڵبژاردەی خوان ڕەد دەکردەوە. ڕۆگێر دەیگوت ئەو کەسانەی خەڵک هەڵی بژاردوون و لەو ڕێگەیەوە متمانەیان پێ دراوە هەتا ئەو کاتەی خەڵک متمانەی پێ ماون دەبێ دەسەڵاتیان هەبێ.

ڕۆگـێـر ویلیـامـز پێی لەسـەر ئەوە دادەگرت کـە حکوومـەت و کـۆمـەڵگە بەڕێوەبردن کاری خەڵکە و پێوەندیی بە خواوە نییە و کڵێسا نابێ لە کاری بەڕێوەبەری کۆمەڵگە خۆی هەڵقورتێنێ و ئەوە داوودەزگای حکوومەتە کە ئەو مافەیان هەیە لە هاووڵاتییانیـان بوێت کـە یاسـاکان بپارێزن نەک قـەشـە و کڵێسا.

بیر و بۆچوونەکانی ڕۆگێر ویلیامز دووسەت ساڵ دواتر لەلایەن تۆماس پاین کوڕە کڤێڤارەییەکەوە کە تاکە کەسی ئینگلیزی بوو کە بۆ مەجلیسی نەتەوەییی فرەنسا هەڵبژێردرا و کتێبەکەی بەناوی "مافەکانی ئینسان" بووە پڕفرۆشترین کتێبی ساڵی ١٧٩١، تەشەنەی کردە نێو شۆڕشی فرەنسا[١]. ڕۆگێر ویلیامز و ڕۆد ئایسلاند لە سەردەمێکدا کە دەوروبەرەکەیان لە شەڕی مەزهەبی و کۆمەڵکوژیدا نوقوم بووبوو، کۆمەڵگەی بەتەواوی ئازادیی ویژدان و دیموکراسیی سێکۆلاریان پێک هێنا. دەکرێ ئەم سەردەمەی کە ئیمڕۆ ئێمەی تێدا دەژین وەک سـەردەمـێک کە بە قسـەی ڕۆگـێـر ویلیـامز لەودا " بەناوی ویژدان و دینەوە تینوویەتی بە خوێن دەشکێندرێ" پێناسە بکرێ. هەر ئیمڕۆ زۆر دەوڵەت و بزووتنەوەی مەزهەبی لە جیهاندا وەک ئیسرائیل، ئێران، هیندستان، پاکستان و ئەلقاعیدە هەن کە بەناوی دینەوە چی کردەوەی توندوتیژییە کە ئەنجامی نادەن.

لەو کاتەوە پاکستان پەنجا ساڵ پێشێ لە هیندستان دابڕا هەتا ئێستا بە میلیۆن ئینسـان بەناوی دینەوە کوژراون. ناوی پاکستان یانێ "وڵاتی پاکان" ئەم ناوەش لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە تەنیا پاکەکان یانێ ئەوانەی باوەڕی دینی پاکیـان هەیە یانێ مـوسـڵـمـان بوون، دەبێ لەو وڵاتە بژین. لە دەیەی پەنجاکاندا لە پاش شـەڕ و تێکهەڵچوونی مـەزهەبی زۆر لەنێو مـەزهەبە جۆرەوجۆرەکانی ئەو وڵاتەدا، کۆمیسیۆنێکی بەدواداچوون دامەزرا و لەلایەن ئەو کۆمیسیۆنەوە ڕاپرسییەک لەنێو خەڵکیدا بڵاو کرایەوە. لە ڕاپرسییەکەدا پرسیاری ئەوە کرابوو بەبڕوای ئێوە موسڵمانی ڕاستینە کێیە و دەبێ چ تایبەتمەندییەکی هەبێ بە هەمان شێوەش کافر و بێدین کێیە و دەبێ چۆن

هەڵسوکەوتی لەگەڵ بکەی؟ وەڵامەکان ترسناک و ئاکامی ڕاپرسییەکە تۆقێنەر بوو، خەڵکی ئاسایی وێڕای پیاوە ئاینییەکان گوتبوویان کافرەکان و ناموسڵمانەکان دەبێ بکوژرێن. کۆمیسیۆنەکە لەم ڕاپرسییە ئاکامی وەرگرت ئەگەر بێتو حکوومەتێکی ئیسلامی لە پاکستان بێتە سەر کار ئەوە کارەساتێکی گەورە لەو وڵاتەدا ڕوو دەدا و هەر بۆیە حکوومەتێکی سێکۆلار لەژێر شوێنەواری بیر و بۆچوونەکانی ڕۆگێر ویلیامز وەک باشترین ئەلتەرناتیڤی جۆری حکوومەتی پێشنیاز کرابوو.

گەورە قەشەی کاتۆلیکی ڕۆواندا و ڕێبەری مەزهەبی سەرکۆماری ئەو وڵاتە یەکێک لەو کەسانە بوو کە کۆمەڵکوژی ٨٠٠,٠٠٠ توتسی لە ساڵی ١٩٩٤ ڕێک خست. یەکێک لە قەشەکان لە وەختی ئەنجامدانی کۆمەڵکوژییەکدا لە وەرێخستنی حەمامی خوێندا فەسڵی شازدەی لە ئینجیل دەخوێندەوە کە لەودا هاتووە: " لەسەر عەرز بە شمشێرەکانتان بیانکوژن... نابێ بیاننێژن... هەتا لاشەکانیان ببێتە خۆراکی باڵندەکانی ئاسمان و ئاژەڵەکانی سەر عەرز..." پاپی ڕۆم هەتا ئێستاشی لەگەڵ بێت بەشداریی کڵێسای لە کۆمەڵکوژییەکەی ڕۆواندادا مەحکووم نەکردووە.

گەورەترین دەوڵەتی بەهێز و دەستەڵاتداری ئیمڕۆی جیهان ئەمەریکاش دەکرێ وەک دەوڵەتێک کە لەودا تەندێنسە دینییەکان پەرە دەگرن وەک دەوڵەتێکی دینی بێتە ژماردن. سەرکۆمار بوش خۆی وەک سەرکۆماری جێگەی پەسندی خوا دەزانێ، ئەو لە دوای ١١ی سێپتەمبەرەوە، کاتێک ئەو هەموو تەوژم و ڕاونانانەی خستووەتە سەر موسڵمانەکان وە دوای گەلاڵەیەکی پاشوەڕۆی مەزهەبی کەوتووە. بوش ئیزنی بە قەشەکان دا کە دەرسی دینی بەو سەربازە ئەمەریکاییانە بدەن کە بەرەو بەرەکانی شەڕ لە ئەفغانستان و عێراق وەڕێ دەکەوتن. جەنەراڵ و سەرکردەی سوپای ئەمەریکایی ویلیام بۆیکین William Boykin ڕای گەیاندووە کە ئەرتەشی کریستیانی ئەمەریکا لە دژی خوا و باوەڕە درۆینەکانی ئیسلام لە شەڕێکی پیرۆزدایە.

وەختی خۆی ڕۆگێر ویلیامز بۆ والیی ماساچووسێتی نووسی "ئاخۆ ڕێی

تێ ناچێ کە تۆیەک ئەو هەموو شەڕی ویژدان و باوەڕە جیاوازەکانت کردووە لە ڕاستیدا و بەو شێوەیە ڕاستەوخۆ شەڕت لە دژی خوا کردبێ؟" دێسمۆند توتو Desmond Tutu گەورە قەشەی ئەفریقیای باشوور و وەرگری خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل وەختی خۆی گوتی: "خوا کریستیان نییە".

لە ڕاستیدا مرۆڤە بەباوەڕە دینییەکان لە ڕۆد ئایسلاندا بوون کە لە پێناوی چەسپاندنی ئازادیی ویژدان، دیموکراسیی سێکولاریان پێک هێنا. ئێستاش دیسان ڕەنگە مرۆڤە بە باوەڕە مەزهەبییەکان بن کە ئەرکی بانگەشە و جێگرتن و دواتر چەسپاندنی دەوڵەتی سێکۆلار وەک قەناعەت و پێویستییەکی جیهانی بکەوێتە سەر شانیان. ئەگەر هاتو تەنیا لە پێناوی ئازادیی مەزهەبیشدا بووە با لە ئیسرائیل، ئێران، ئەمەریکا، هیندستان و وڵاتانی تری جیهان پیاوە دینییەکان ئەو ئەرکە جێبەجێ بکەن. ئەگەر ئیمڕۆ ڕۆگێر ویلیامز مابایە ئەوە بێگومان جۆرج بوشی بەهۆی بانگەشەی شەڕ بەناوی دین و ویژدانەوە مەحکووم دەکرد.

لەیف ئێریکسۆن Leif Ericsson کێیە؟

یەکێک لە نووسەرە چەپ و بەرهەڵستکارەکانی سوێدە و هەتا ساڵی ٢٠٠٤ بۆ ماوەی ١٥ ساڵ سەرنووسیاری کۆواری بەنێوبانگی ئوردفرۆنت مەگەزین (بەرەی وشە) Ordfront magasin بووە.

تێبینی:

ئەم وتارە کورتە دەقی قسەکانی لەیف ئێریکسۆنە کە لە سیمینارێکدا بەناوی "دڵی ئەفریقیا" لە نێوان ڕۆژەکانی ١٠ و ١١ی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٣ لە ستۆکهۆڵم خوێندراوەتەوە. دواتر کۆواری ئوردفرۆنت مەگەزین (بەرەی وشە) Ordfront magasin چاپی کردووە.

پەراوێز:

١- [ئەم پەراوێزە پەرەگرافێکی نێو تێکستەکە لە بەشەکانی کۆتاییی وتارەکەوە

بوو. لەبەر گرینگی حەیفم لێ هات وەرنەگێڕدرێ، لەبەرئەوەی پەرەگرافەکانی پێشترم لەبەر کورتکردنەوە قرتاندبوو، بە ناچاری لێرەدا وەک پەراوێز دامنا. وەرگێڕ]. "چارەکە سەدەیەک دوای دەستپێکی شۆڕشی فرەنسا کە بە گرتنی زیندانی باستیل لەلایەن خەڵکەوە دەستی پێ کردبوو قەشە ڕیچارد پرایس -Richard Price لە کڵێسایەکی لەندەندا لەنێو قسەکانیدا گوتی مافی ئازادیی ویژدان دەبێ مافی بەرهەڵستکاری و ناگوتن بە دەسەڵاتدارانی بەدوادا بێت. ئازادیی ویژدان کە لە سەرووی هەموو ئەو یاسایانە هەڵکەوتبوو کە مرۆڤەکان بۆ خۆیان دایانڕشتبوو، ئەو مافەی بە هەموو ئینسانێک دا کە بە ڕێگەیەکدا بڕوا کە ویژدانی تێدا ئازادە و یاسا مافنەپارێزەکان کە ویژدانی ئازار دەدا پرۆتێستۆ بکا و ڕەچاویان نەکا. پرایس پێشوازیی لە ڕاگەیەندراوی شۆڕشی فرەنسا لە پێوەندی لەگەڵ مافی هاووڵاتییەتی و مافەکانی ئینساندا کرد. چونکە لەودا ئامانج لە هەر چەشنە تێکۆشانێکی سیاسی ئەوە بوو کە مافە سروشتییەکانی ئینسان بپارێزرێ. لە ڕاگەیاندراوی شۆڕشی فرەنسا مافی بەرهەڵستکاری و خەبات لە بەرانبەر زوڵم و سەرکوتدا بۆ هەموو ئینسانێک بە ڕەوا زاندرابوو."

## دوو نامە لە مارکۆس

نامەی یەکەم

### بژی ژیان - بمرێ مردن !

"نامەی مارکۆس بەبۆنەی شەڕی کۆسۆڤۆ"

بۆ خەڵکێک کە لە دژی شەڕ خەبات دەکەن! بۆ بزووتنەوەی جەماوەرییەکانی ئەوروپا، بۆ ئەو ژن و پیاوانەی کە دەڵێن "نا".

خوشک و برایانم!

زاپاتیستەکانی مێکزیکۆ سڵاوێکی گەرمتان پێشکێش دەکەن. هەر ئێستا لە سەرانسەری جیهان بە شێوەی جۆرەوجۆر شەپۆلی نارەزایی و خۆپێشاندان لە دژی شەڕێک کە سەرمایە لە نێوەڕاست و دڵی ئەوروپادا جڵەوکێشی دەکا، هاتوونەتە مەیدان: لە دژی شەڕی کۆسۆڤۆ.

دەسەڵات هەوڵ دەدا ناچارمان بکا لەم شەڕەدا لایەنێک هەڵبژێرین: یان ئەوە پشتیوانی لە میلۆسیڤیچ و "سیاسەتی قەڵاچۆی ئەتنیکی" ئەو بکەین یان ئەوە لە شەڕی بەناو "ئینساندۆستانە"ی ناتۆ پشتگیری بکەین. ئەمە گرێپووچکەترین مەتەڵی سەرمایەیە، بانگهێشتن دەکرێین بۆ هەڵبژاردن لە نێوان دوو شەڕدا، لە باتیی هەڵبژاردن لە نێوان شەڕ و ئاشتیدا.

لەم بازاڕی بەجیهانیبووەدا، دەسەڵات بانگەشەی ئەوەمان دەکا کە لە نێوان شەڕی جۆرەوجۆردا، یەک هەڵبژێرین. شەڕی جۆرەوجۆر بە ڕەنگ، بۆن و تامی جۆرەوجۆرەوە. هەموو کەسێک دەتوانێ جۆرێک لەو شەڕانە هەڵبژێرێ کە لەگەڵ خوو و خدەی ئەو کەسە دێتەوە، تەنانەت دانی نرخی شەڕەکەش. بەڵام هەموو جۆری جیاوازیی شەڕەکان، لە شتێکدا هاوبەشن: ئەویش

ئاکامیەتی، واتە هەموو کاتێک وێرانی، هەموو کاتێک ڕەشپۆشی و ئازیەتباری و هەموو کاتێک مردن ئاکامی شەڕەکانە و هیچی تر.

کوشتن، ڕەشپۆشی و ئازیەتباری و وێرانی بەردەوامیش تەنیا تووشی "ئەوانی تر"، ئەوانەی کە جیاوازن، ئەوانەی کە بێ تاوانن و ئەوانەی کە لە چینی خوارەوەی کۆمەڵگە دەژین، دەبێ.

بەڵام سەرەڕای ئەو لۆجیکە ئابوورییەی کە لە شەڕ و کوشتندا هەیە، نوێ لیبراڵەکان دەیانەوێ فریومان بدەن و پێمان بقەبڵێنن کە نەخێر شەڕ لەسەر شتێکی ترە، بەڵام ئەو شەڕەی کە بۆ کۆتا پێهێنان بە کوشتن کراوە بەپێچەوانەوە هەژماری کوشتنەکانی دووقات کردووە، ئەو شەڕەی کە بۆ پێش بە تەشەنەکردنی شەڕ بۆ ناوەچەکانی تر ئەنجام دراوە بەپێچەوانەوە زیاتر ئاگری شەڕی لەملا و لەولا بڵێسەدارتر کردووە، ئەو شەڕە بە ناو "ئینتلیجێنسیا"یانە تەنیا شێتییەک کە ماڵوێرانیی لێ کەوتووەتەوە، سەلماندووە نەک شتی تر، ئەو شەڕەی کە بە مەبەستی چاکە کراون تەنیا کوشتن، ئازار و ئێش و برینیان لێ کەوتووەتەوە.

درۆیە!

ڕاست نییە کە ئێمە تەنیا دەبێ کڕیارەکانی بازاڕ کوشتن بین!

ڕاست نییە کە ئێمە دەبێ تەنیا لە نێوان شەڕی جۆرەوجۆردا، شێوەیەک هەڵبژێرین!

ڕاست نییە کە ئێمە دەبێ لە ئینتلیجێنسیا و هەستی مرۆڤایەتیمان ماڵئاوایی بکەین!

هیچ شتێک ناتوانێ پاساوی قەلاچۆی ئەتنیکی لەلایەن میلۆسیڤیچەوە بکا و ماف بەو بدا!

هیچ شتێک ناتوانێ پاساوی شەڕی ئینساندۆستانەی ناتۆ بکا و ماف بەوان بدا!

داوێکی گەورەمان بۆ تەنراوەتەوە، بەڵام ئیمڕۆ لە چوارقوژبنی جیهان

خەڵکێکی فرەتر وشیارترن و لەو داوە ناکەون و دەڵێن "نا!"، نا لە دژی شەڕی باڵکان!

کێشەی کۆسۆڤۆ تەنیا پێوەندیی بە هەڵبژاردن لە نێوان بزووتنەوەی ئاشتیخوازانی ئەورووپا و دەسەڵاتی سەرمایەییی ئەورووپادا نییە، تەنیا پێوەندیشی بەوەوە نییە کە چۆن و لەبەرچی ڕۆڵ بینین و نەخش گێرانی پێنتاگۆن وەک پۆلیسی جیهانی پەسند بکرێ یان نەکرێ. بگرە بە هەمان ڕادەش پێوەندیی بەوەوە هەیە کە چۆن لەگەڵ "ئەوانی تر" هەڵسوکەوت دەکرێ، ئەوانەی کە جیاوازن. هەتا ئێستا بێجگە لە کوشتن، زیندانیکردن، سووکایەتی پێکردن، زۆر لێکردن، ڕاونان و لەبیرکردن مامەڵەیەکی تر لەگەڵ "ئەوانی تر"دا نەکراوە.

با ئاگامان لە خۆمان بێ و لەو چاڵ و داوە نەکەوین! با ئاگامان لە خۆمان بێ و مرۆڤایەتیی لەدەستچوومان وەک ژان و برینەکانی تر نەسپێردرێتە مێژوو و دڵڕەقی و تاکرەوی و تاکبیری لەم شەڕەی ئەورووپادا سەرنەکەوێ!

سەرەڕای دەسەڵاتی سەرمایە، سەرەڕای ئەو هەموو چەک و چۆڵە، سەرەڕای ئەو هەموو گێلییە، سەرەڕای ئەو گشتە هەوڵە بۆ چەسپاندنی هێژمۆنی و هێژمۆنی خوازی، سەرەڕای ئەو هەموو داو و چاڵە، هێشتا مافی ئەوەمان هەیە کە بڵێین "نا!"

ئەمە شتێکە کە ئیمرۆ پێویستە هەمووومان بیڵێین. ئێمە "نا!" یەکی گلۆباڵ دەڵێین لە دژی درۆیەکی سازکراو کە هەر ئێستا زەوی و ئاسمانی کۆسۆڤۆی داگرتووە و ڕاستییەکانی شێواندووە.

نا لە دژی ئەوەی کە جیاوازەکان و "ئەوانی تر" قەلاچۆ دەکا!

نا لە دژی مردنی ئینتیلیجێنسیا! نا لە دژی دڵڕەقی! نا لە دژی تاکبیری و وەکیەکی! نا لە دژی ئەوەی کە ناچار بین لە نێوان چەند شەڕی کەم یان زۆر خوێناوی، سووک یان قورس، کەم یان زۆر کریمیناڵ، یەک هەڵبژێرین! ئەگەر ئێمە ئیمرۆ لە کۆسۆڤۆ نەڵێین "نا!" ئەوە سبەی بۆ ئەو شەڕە چەپەڵانەی کە

سەرمایە لە شوێنەکانی تری جیهان هەر لە ئێستاوە گەڵاڵەی بۆ دادەڕێژێ، دەڵێین "نا!".

دەکرێ جیهانێکی باشتر لەو بازاڕە تۆقێنەرە جیهانییەی کە نوێ لیبرالیسم گەرەکیەتی بە ئێمەی بفرۆشێ، وەدی بێنین.

دەکرێ جیهانێکی ئەوتۆ پێک بێنین کە لەودا دەتوانین لە نێوان شەڕ و ئاشتیدا، لە نێوان لەبیرچوون و لەبیربووندا، لە نێوان خۆبەدەستەوەدان و هیوادا، لە نێوان ڕەنگی ڕەش و پەلکەزێڕینەدا، یەک هەڵبژێرین. دەکرێ جیهانێک پێک بێنین کە لەودا جێگەی زۆر جیهانی تر ببێتەوە. لە "نا!"وە هیوابڕاوی مرۆڤایەتی جارێکی تر دەگەڕێتەوە و ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ ئەو پردە سەختەی کە هەستەکان و بیرەکان بەیەکەوە دەبەستێتەوە، هەڵدەبەسترێ.

هەر لەبەر ئەمەیە ئیمڕۆکە، ئێمەی زاپاتیست دەڵێین "نا!"

بژی ژیان! بمرێ مردن!

لە چیاکانی باشووری ڕۆهەڵاتی مێکزیکۆوە

جێگری فەرماندە مارکۆس

مێکزیکۆ، ژوئەنی ١٩٩٩

سەرچاوە:

نامەکانی مارکۆس، کۆکردنەوە و وەرگێڕانی بۆ سەر سوێدی ئێریک گوستاڤسۆن
Gustavsson Erik 2000 Subcomandante Marcos: Frn sydöstra Mexico under-jordiska berg, Manifestet; Svenska tryckcentralen, Avesta

نامەی دووەم

## نامەی مارکۆس بە بۆنەی کوژرانی ژنی خەباتگێڕ دیگنا ئۆچوا

Digna Ochoa

بۆ بنەماڵەی دیگنا ئۆچوا Digna Ochoa

بۆ تێکۆشەرانی ناوەندیی مافی مرۆڤ میگل ئاگوستین پرۆ

لە جیاتیی پیران، منداڵان، پیاوان و ژنانی سەر بە هێزی ڕزگاریی نەتەوەیی زاپاتیستەکان ئەم نامەیەتان بۆ دەنووسم.

هەر ئێستا هەواڵی دڵتەزێنی کوژرانی دیگنا ئۆچوامان پێ گەیشت، تاوانێک کە کەوتە پێش هەموو تاوانەکانی تر و لەلایەن بێ بەرپرسایەتیترین بەرپرسەکانەوە ئەنجام درا. ئەو تاوانەی ئەو گیانە نازدارەی لێ ئەستاندین، بە تەنیا خۆی بەسە بۆ ئەوەی هەموو مرۆڤێکی پاکژ قەڵس و تووڕە بکا. بەڵام کاتێک ئەو تێکۆشەرانەی لە پێناوی مافی مرۆڤدا هەڵدەسووڕێن، دەکوژرێن، ئەوە خوان و سفرەی ئێوارانی دەسەڵات دەڕازێتەوە و لە هەمان کاتیشدا چەند سکەیەک بۆ خێر و سەدەقە لە گیرفانان بەردەبێتەوە. لەو سەرەوە بێجگە لە مۆدە و ڕواڵەت شتێکی تر ناگۆڕدرێ، لە خوارەوەش نایەکسانی هەروا خۆی دووپات دەکاتەوە و هەژاری و چارەڕەشیش لە نیگا و هەنگاوەکاندا دەبیندرێن. لە خوارەوە ژان و ڕەنج و پێداویستیی هەموو جارێک دەگەڕێتەوە ... کوژرانی دیگنا Digna Ochoa بێ شک سێبەرێک دەخاتە سەر تەواوی ئەو پیاو و ژنانەی کە لە بەرانبەر پاراستنی مافی مرۆڤدا بە دڵ و بە گیان و بە بڕوای قایم بەرگری دەکەن.

بەڵام ئێمە پێکەوە و بە کۆمەڵ دەتوانین ڕووناکاییەکی وا هەڵبکەین کە ئەو سێبەر و تارماییە بڕەوێنێتەوە و نەهێڵێ سەعات بۆ لای ئێمڕۆی تاوانی بەبێ سزا، شێتی و وەکیەکبوون و ئەو شتانەی کە نیشانەی لە بیرکردن و ونکردنن، جارێکی تر بەرەو دواوە وەرسووڕێ و خول بخواتەوە.

زۆر زەحمەتە ئەو وشانە ببینینەوە کە بتوانین ئەو هەستانەی پێ دەربڕین کە تۆزێک لە خەم و خەفەتی ئێمە و ئێوە بەسەر ئەم کۆستەیەدا کەم بکاتەوە. بەڵام دیگنای خۆشەویستی هەر هەموومان!، بێدەنگیی ئێمە وەک باوەشێکی پڕ لە هێمنی وەربگرە، ئەتۆ ئێستا هێمن و بێدەنگ ئەوا ئێمەشتان لەگەڵدایە.

تەنیا سڵاوە کە دەتوانم بیهێنمە سەر زمان. سڵاوت لێ بێ. بژی ئەی ئەو ژنەی کە بەناوی خۆت خەبات و چارەنووست تۆمار کرد. لە باتیی کۆمیتەی نهێنیی ئیندیانە شۆڕشگێڕەکان ـــ لە جیاتیی فەرماندەی گشتیی هێزی نەتەوەییی ڕزگاریخوازی زاپاتیستەکان، لە باشووری ڕۆژهەڵاتی کێوەکانی مێکزیکۆ، جێگری فەرماندە مارکۆس، ئوکتۆبری ٢٠٠١، مێکزیکۆ.

دیگنا کێ بوو؟ Digna Ochoa

ژنە خەباتگێڕ دیگنا، پارێزەر و تێکۆشەری بەناوبانگی مێکزیکۆ بوو، لەبەر خزمەتە ئینسانییەکانی هەتا کوژرانی زۆر خەڵاتی نێونەتەوەییی پێ درا. دیگنا ئەو پارێزەرە بوو کە دەیویست تاوانبارانی نێو داوودەزگای حکوومەتی مێکزیکۆ بکێشێتە بەردەم دادگە و لەبەر کارە نامرۆڤانەییەکانیان دەرهەق بە خەڵکی چیاپاز و ئیندیانەکان لێکۆڵینەوەیان لەسەر بکا. هەر ئەوە بوو لەلایەن تاوانبارانەوە پیلانی کوشتنی بۆ داڕێژراو لە ١٩ ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠٠١ لە بنکە و شوێنی کارەکەی لە مێکزیکۆسیتی تەقەی لێ کرا و کوژرا.

سەرچاوە:

ئارشیوی نامەکانی مارکۆس

http://www.manifest.se/

## لە پیتزەرییەکی کوردی لە دالآرنا

### تێڕامانێک لەسەر لێکۆڵینەوەی میدیایی و جیهانیبوون

ستیگ ئارنە نورشتێد

پایزی ساڵی ١٩٩٨ لە پیتزەرییەک لە گوندی سودێربەرکە Söderbärke، گوندێکی چکۆڵەی دوو هەزار ماڵی لە باشووری دالآرنا، [موشتەرییەک] بە هەڵکەوت گوێبیستی هەواڵێک لە تەلەڤزیۆنێکی مانگیلەی کوردی (٣) بوو کە هەمان هەواڵ شەو و ڕۆژێک دواتر لە دەزگا هەواڵنێرییەکانی سوێدەوە بڵاو کرایەوە. هەواڵەکە پێوەندیی بە سەردانی نێلسۆن ماندێلا لە لیبی و چاوپێکەوتنی ئەو لەگەڵ قەزافی بوو. خاوەنی پیتزەرییەکە، بنەماڵەیەکی پەنابەری کوردن کە لە پیتزەرییەکە مۆنیتۆرێکی مانگیلەیان داناوە و چاو لە تەلەڤزیۆنێکی مانگیلەی کوردی دەکەن. کاتێک هەمان هەواڵی ماندێلا دواتر لە ڕێگەی تەلەڤزیۆنەکانی سوێدییەوە دەگاتە بینەرانی سوێدی زمان، لە پاشکۆی هەواڵەکەدا باسی ئەوەش دەکرێ کە چۆن ئەمەریکا لەم دیدارەی ماندێلا بۆ لیبی نارازییە و ماندێلا بەم کارەی بڕیاری ئەمەریکای سەبارەت بە تەریکخستنەوەی لیبی لەژێر پێ ناوە. لە هەمان دەم و وەختدا و بڕێک دواتر، دەزگا هەواڵنێرییەکان و میدیای سوێدی بە درێژی و بە بەربڵاوی باسی مامەڵەکەی مۆنیکا لوینیسکی دەکەن.

ئەم ڕووداوە ڕۆژانەیانەی کە لە پیتزەرییە کوردییەکەدا ڕوو دەدەن، لە ڕاستیدا شتێکمان لەسەر بارودۆخی ئیمڕۆیی میدیای جیهانی پێ دەڵێن. لە سۆنگەی ئەمەوە دەمەوێ باسی سێ شت بکەم: یەکەم، دابەشکردنی کولتووری میدیای جیهانی بەسەر دنیای جیاواز و هەلومەرجی جیاوازدا،

دووەم، پەرەگرتنی "فرە و تێکەڵ کولتووری" میدیای ناوچەیی، سێیەم، دەسەڵات و ئیمکاناتی میدیای ئەمەریکا لە چوارچێوە پێدان بەوەی کە چۆن هەواڵ و ڕووداوە نێودەوڵەتییەکان لە میدیای جیهانیدا وەربگیردرێن. ئەمە لە خۆیدا گرینگە کە هەواڵی چاوپێکەوتنی دوو ڕێبەری وڵاتانی ئەفریقیایی بەر لە هەر دەزگای ڕاگەیاندنی تر، لەلایەن تەلەڤزیۆنێکی مانگیلەی کوردییەوە لە پیتزەرییەک کە خاوەنەکەی خەڵکی ئاسیایە، دەگاتە مشتەرییەکی سوێدی، ئەویش تەلەڤزیۆنێکی مانگیلە کە پرۆگرامەکانی پێش لە هەموو شتێک، ڕووبەڕووی ناوچەیەکی دیاریکراو کراوە. [واتە بەیەکگەیشتنی ئەفریقیا، ئاسیا و ئەوروپا لە پیتزەرییەکدا]. موشتەرییەکە کە لە خۆیدا، کەسێکە ڕۆژانە سەرقاڵی گوێبیستی هەواڵەکانە، لە پیتزەرییەکدا کە لە یەکێک لە ناوچە لە بیرکراوەکانی سوێد هەڵکەوتووە، بە هەڵکەوت لە دەزگایەکی ڕاگەیاندنی بێگانە و بە کولتوورێکی جیاوازەوە هەواڵێک بە شێوەیەکی جیاواز و بە خوێندنەوەیەکی جیاواز لە ڕاگەیاندنی ڕۆژانەی سوێدی وەردەگرێ. جیاوازییەکە لەوەدا نییە کە دەزگا ڕاگەیاندنەکانی سوێدی سەرنج نادەنە هەواڵەکانی پێوەندیدار بە نێلسۆن ماندێلا و سەفەرەکەی بۆ لیبی. بەپێچەوانە، هەموو کات هەواڵەکانی پێوەندیدار بە ماندێلا، ڕێبەری ئەفریقیای باشوور لە میدیای سوێدی و هەروەها میدیای نێونەتەوەییدا بە پان و بەرینی بڵاو کراوەتەوە. نا، ئەوەی کە ئەو تەلەڤزیۆنە کوردییە لە میدیای تر جیا دەکاتەوە، ئەوەیە کە هەواڵی سەردانی ماندێلا لە لیبی دەبێتە هەواڵی پلەی یەکەم و هەروەها هەڵوێستی ماندێلا لە گوێنەدان بە تەریکخستنەوەی لیبی لەلایەن ئەمەریکاوە، بایەخی هەرە گرینگی پێ دەدرێ. ئەمەش لە خۆیدا بە ڕێککەوت نییە و مانای گرینگی خۆی هەیە. زۆر گرینگە ئاوڕ لەوە بدرێتەوە و بزاندرێ، کە کێ ئینسیاتف یان دەستپێشخەری، پرۆسێسی خوێندنەوە و ماناکردنەوەی بەدەستەوەیە، یانێ ئەو خوێندنەوەیە لە هەواڵ و دەنگوباسەکان کە بینەران لەگەڵیدا بەرەوڕوو دەبن، لە کوێ و لەلایەن کێوە مۆرکی لێ دەدرێ. لە دەنگوباسی تەلەڤزیۆنە کوردییەکەدا ئەوە ماندێلا بۆ خۆی و هەڵوێستی

چوونی خـۆی بۆ لیـبیـا (ئەڵبـەت لە پاش ئەوەی هـەواڵەکە لەلایەن سـپـیکەری تەلەڤـزیۆنەوە فـیلتـێـر دەکرێ) دەکـەوێتـە ناوەنـدەوە نەک جـۆری خـوێندنەوەی واشـینتـۆن کە کۆنتـرۆڵی بەسـەر نێوەڕۆکی سـیمبـۆلە مـیدیاییـیەکاندا هـەیە و مـۆرکـی خـۆی لێ دەدا . کـاتێک ڕۆژی دواتر هـەواڵەکە لـە تەلەڤـزیۆنی سـوێدەوە بڵاو دەکـرێتـەوە، ئەوە مـاندێلا بۆ خـۆی نیـیـە کـە دەکـەوێتـە نـاوەندی دەنگوباسـەکـەوە بگرە ئـەوە جـۆری خـوێندنـەوەی دەسـەڵاتی سـیـاسـی و سەقامگرتووی ئەمەریکایە لە هەواڵەکە، کە بایەخـی هەرە گەورەی پێ دەدرێ. کولتووری ڕاگەیاندنی دەنگوباسی سوێدی و گوێ و چاوی میدیای سوێدی بەرەو لای تاکە زلهێزی بەجێ ماوە کراوەتەوە و هەواڵەکان بەپێی خوێندنەوەی ئەمەریکا وەردەگیرێن. ئەو هەواڵەی کە لە جیهانی سێیەمدا وەک هەواڵێکی زۆر گرینگ و پڕ بایەخ چاوی لێ دەکرێ تەنیا کاتێک لە سوێددا بایەخی پێ دەدرێ ئەگەر بێتو پێشتر لەلایەن میدیای ئەمەریکاوە گرینگیی پێ درابێ. ئاخۆ ئەمە لە خۆیدا جێی هەڵوێستەکردن و تێڕامان نییە؟

ئەم نموونەیە وەک بنەمایەک دەگرم و دەمەوێ هێندێک بیر و بۆچوون گەڵاڵە بکەم و لە سۆنگەی ئەوانەوە باسی لێکۆڵینەوەی میدیای نێونەتەوەیی لە سوێد و ڕۆژهەڤی باسەکانی پێوەندیدار بەم مەسەلەیەوە بکەم. ئەو ئاڵوگۆڕە بەرچاوە نێونەتەوەییانەی کە لە دەیەکانی نەوەتەوە هاتوونەتە گۆڕێ، بەسن بۆ ئەوەی نیـشـان بدەن کـە پێـویسـتـە لێکۆڵینەوەیەکی زۆر و زەبەن لەم بوارەدا بکرێ. ڕاگەیاندن و گەیاندنی زانیاریی جیهانی بە کوێ گەیشتووە و ئیمڕۆکە لە چ ئاستێکدایە و چۆن دەبیندرێ؟ کۆتاییی شەڕی سارد و پێشوەچوونی خێرای ئامـرازەکـانی ڕاگـەیاندنی وەک تەلەڤـزیۆنی مـانگیلە و ئینتـەرنێت، لە تێڕوانینێکی گڵۆباڵدا، چ شوێنەوارێکی لەسەر دەسەڵات بەسەر زانیاریدا داناوە؟ ئەمە تەنیا نموونەی ئەو پرسیارانەن کە گرینگترین ئاڵوگۆڕەکان دەتوانن دەستنیشان بکەن. مەبەستی من ئەوەیە کە هۆکاری قایم هەن کە لەم بارودۆخە نوێیە و نەزمە نوێیە جیهانییەدا، دیسانەکە هێندێک پرسیار بکەوێتە ڕۆژهەڤەوە کە ڕاست نزیک بە بیست ساڵ لەمەوبەر لە ڕێکخراوی

یونیـسکۆدا کـەوتبـوونە بەرباس. بەڵام لە هـەمـان کـاتدا ئەو پرسـیـارانە، ئیـمـڕۆکـە، لەبەر هەلومـەرجی نوێی ڕاگـەیاندن لە جـیـهـاندا، دەبێ هەم لە شـێـوەیەکی نوێدا دابڕێژرێنەوە و هـەمـیش وەڵامی نـوێیـان بۆ ببـیندرێتـەوە. لێرەدا هەوڵی سـەرەکـیی من ئەوەیە کـە کـاتی خـۆم تەنیـا بە وەڵامـدانەوە بە پرسیـارێکی ناوەندی دابنێم. پرسیـارەکە ئەمەیە: ئاخۆ "کولتوور ئیمپریالیزم" پرۆژەیەکی لێکۆڵینەوەیی گونجـاوە و ئەگـەر وایە لێکۆڵینەوەکـە چۆن بکرێ؟ ئەم بـابەتـەش لەو بارەوە گـرینگە کـە پێـوەندیی بە بـاس و مـوناقـەشـەی جیـهانیـبوونەوە هەیە کە ئیمڕۆکە بووەتە بابەتێکی گەرموگوڕی لێکۆڵینەوە لە ئاستی لێکۆڵینەوەی نێونەتەوەییدا.

## جیهانیبوون:

## دۆمینانس (تاکخوازی) یان پلۆرالیزم (فرەخوازی)

جیهانیبوون لە دەیەی نەوەتەکان بەدواوە بـووەتە سەرقافڵەی بابەتـەکانی جێی باس و گفتوگۆی نێو تیـۆرییـەکانی کولتـووڕناسـی و هـەروەها بـاسـەکانی نێو زانسـتـە ئینسـانیـیـەکـان و کـۆمـەڵنـاسی. تەنـانەت لەلایـەن سـرێبـێـرنی موحـەمـەدیەوە (Sreberny-Mohammadi,1997) جیـهـانیـبوون وەک قـۆناغێکی گواسـتنەوە لەنێو ڕاگەیاندنی نێونەتـەوەییدا ناودێر کراوە. کەسـانێکی تر لە پێوەندی لەگەڵ چەمکی جیهانیبووندا، ناڕوونییەک لە باسەکانیاندا دەبیندرێ و جیـهـانیـبوون گرێ دەدرێ لەگەڵ بایەخ و هەڵوێسـتـە نەگۆڕەکان لە هـەمـان کـاتدا کـە پـێ دادەگـیـرێ لەسـەر ئەو پێـوەندییـانەی کـە بەسـەر سنووری نەتەوەییـیـەکـاندا دەبەسـترێن. هانێرز (Hannerz, 1996 ل.٥-٦) چەمکێکی بڕێک سـادەتر بەکـار دەبا و لـە باتیی جـیـهـانیـبـوون، چەمکی "پرۆسـێسـە ترانسناشناڵەکان" بەکار دێنێ. لەم باسـانەدا، تێڕوانین یان نواندنێکی تێروپڕ کە هـەمـوو لایەنەکانی ئەم پرۆسـێسـە دابگرێ، نییـە. بەڵام من ئەم دیتنانەی خوارەوە وەک ناوەند و بنەما دەگرم کە چۆن پرسیار و کێشەکانی میدیا بێتە نێو باسی پێچەڵپێچی جیهانیبوونەوە:

یەکەم:

میدیا جێگە و شوێنێکی هەرە گرینگی لە پرۆسێسی جیهانیبووندا هەیە. هەموو ئەو تیۆریسیەنانەی کە هەوڵیان داوە، هۆکارەکانی پشتەوەی جیهانیبوون باس بکەن، ڕۆڵی میدیایان نرخاندووە. جیهانیبوون لە خۆیدا تەنیا ئاکامی میدیا نییە کە زانیاری، وێنە، سیمبۆل و گوتن بگەیەنێتە وڵاتان و بەشەکانی تری جیهان بگرە وەک ڕۆبێرتسۆن (Robertson, 1992،ل.٦) دەڵێ بووەتە بنەمای چۆنیەتیی تەجروبەکردنی جیهان وەک "یەک تاقە شوێن"a single place لە هەمان کاتدا میدیا بە تاقی تەنیا نییە، بگرە بازرگانی، گەڕۆکی سەرمایە، تێکەڵاوی ئابووری، توریسم، دیاردەی پەنابەری و پەناوەرگرتن و هۆکاری تریش لەم پێوەندییەدا نەخشیان گێڕاوە.

دووەم:

بەرزبوونەوەی شەپۆلەکانی زانیاری " ئینفورمەیشن" لە هەموو لایەکەوە، چڕبوونی پێوەندییەکانی نێوان تاکەکان، گەلان و کولتوورەکان دوو خوێندنەوەی جیاوازی ئەوتیۆپیانە و نائەوتیۆپیانەی لێ دەکرێ. دیتنی مارشال ماکلۆهانس Marshall Mcluhans واتە بوونی جیهان بە گوندێک "جیهان وەک گوندێک" بەهۆی میدیای ئەلیکترۆنیکییەوە، بێ شک دیتنێکی ئەوتیۆپیانەیە هەروەک تێز و بۆچوونەکەی فرانسیس فۆکۆیاما Francis Fu-kuyama لەسەر "مردنی مێژوو" کە باسی مردن و چاڵکردنی سیستەمی ئایدیۆلۆجییە گەورەکان دەکا، واتە مردنی ئەوان و جێگرتنەوەی سیاسەتێکی پراگماتیکییانە کە لە بنەڕەتدا پێوەندیی بە سەرمایە و پارەی گیرفانەوە هەیە و لە هەموو شوێنێکی جیهاندا وەک یەک دەچێ. بەپێچەوانەی ئەم بۆچوونە ئەوتیۆپیانە، کەسانێکی تر و لە هەمووانیش بەرچاوتر سامویێل هانتینگتۆن Samuel Huntington دیتنێکی نائەوتیۆپیانەی لەسەر جیهانیبوون هەیە. هانتینگتۆن پێی وایە کە چڕبوونی پێوەندیی نێوان کولتووره جیاوازەکان و بە تایبەتی پێوەندییە کولتوورییەکانی نێوان جیهانی ڕۆژئاوا و ئیسلام دەبێتە

هۆی لێک هەڵبەزینەوە، کێشە و ڕەنگە شەڕی نێوان ئەوان. لەم ڕوانگەیەوە، جیهانیبوون دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی دژکردەوە ناسیۆنالیستی و فۆندەمەنتالیستییەکان. کێشەی باڵکان لە دەیەی نەوەتەکاندا، دەکرێ وەک نموونەیەک لەم پێوەندییەدا ببیندرێ و هەتا ڕادەیەک ئەم بۆچوونە ڕەشبینییەی سەرەوە بسەلمێنێ. یانێ لە خۆیدا ئەوە کە لە جیهانیبووندا پێوەندیی نێوان خەڵکی جۆرەوجۆر و کولتووری جیاواز لە زیادبووندا دەبێ، بەو مانایە نییە کە هەر ئەو پێوەندییە چڕە دەبێتە هۆی لێک تێگەیشتن و ئاشتیی جیهانی بگرە کاردانەوەی بەپێچەوانەشی دەبێ.

سێیەم:

پێویستی وەبیرخستنەوەیە کە ئەم دیتنە جیا و دژبەیەکانە لە پێوەندی لەگەڵ کێشەی جیهانیبووندا لەسەر ئەوەی کە ئاخۆ جیهانیبوون دەبێتە هۆی چڕبوونی هۆمۆژینیتەی کولتووری "فرەکولتووری" یان هێترۆژینیتە "تاک کولتووری" لەلایەکی ترەوە دیسانەکە سەر هەڵدەدەنەوە. لە ڕوانگەی مەکلاوهانس یان فۆکۆیاماوە ئەوە وەلامەکە ئەوە دەبێ کە جیهانیبوون دەبێتە هۆی بەهێزی و چڕبوونی فرە کولتووری، بەپێچەوانە لە ڕوانگەی هانتینگتۆنەوە وەلامەکە ئەوەیە کە جیهانیبوون هێترۆژینیتە کولتووری و کێشەی کولتووری لەگەڵ خۆی دێنێ. ڕوانگەیەکی سەرنجڕاکێشی تر کە دەکرێ وەک ڕوانگەی سێیەم ناودێر بکرێ، ئەو دیتنە یان بۆچوونەیە کە لەلایەن ئولف هانێرزەوە گەڵاڵە کراوە. هانێرز بەپێچەوانەی دوو ڕوانگەی سەرەوە، ئاکامی جیهانیبوون بە فرە کولتووری یان تاک کولتووری نابینێ بگرە بە یارمەتیی چەمکێکی وەک هایبریدیزەیشن[٤] "فرە هەویەتی تێکەڵاو"، لافاوی جیهانیبوون وەک ئەوە دەبینێ کە ئیمکان و شیان بۆ دروستبوون یان دروستبوونەوەی کولتوورەکان و هەویەتە نوێیەکان خوڵقاندووە. ئەگەر ئێمە لە چاونووقانێکدا دیسانەکە بگەڕینەوە بۆ لای پیتزە چێکەرە کوردەکە و بنەماڵەکەی کە گرێدراوی کولتوورێکی ترن و نیشانە و مۆرکی ترادیسۆنی

کولتووری کوردییان پێوە دراوە، لە هەمان کاتیشدا وەک پەنابەر لە سوێددا شوێنەواری کولتووری سوێدییان لەسەرە و هێندێک نۆرم و یاسای سوێدییان لەسەر کاریگەر بووە، کە ئێستا ئەوان لە کولتووری وڵاتی خۆیان جوێ دەکاتەوە. هەر بۆیە لە جێی خۆیەتی کە کولتووری ئەو بنەماڵە کوردە وەک تێکەڵاوێک لە دوو کولتووری کوردی و سوێدی ببیندرێ. خاڵی جێگەی سەرنج لێرەدا ئەوەیە کە لە هەمان کاتدا دوو کولتوور بە تێکەڵاوی لەو بنەماڵەیەدا دەبیندرێ، ئەو کولتوورە کوردییەی کە ئیمڕۆکە ئەو بنەماڵەیە هەڵگریەتی هەمان کولتووری کوردییەک نییە کە بەر لەوەی لە سوێد یان ڕەنگە وڵاتانی تری پێش سوێد لێی ژیابن، بێ، بگرە کولتوورێکی ترە. لە هەمان کاتیشدا ئەو بنەماڵەیە ڕەنگە قەتیش خۆیان وەک سوێدییە بە ڕەچەڵەک سوێدییەکان پێناسە نەکەن و بەهۆی ئەو ڕابردووەی هەیانە لە سوێدییەکانی تر جیاواز بن. هەر بۆیە ئەزموونی درووستبوونی ئەم "فرە هەوییەتە تێکەڵاوە" کولتوورییە بنەمایەکە بۆ دروستکردنی کولتوورێکی هاوبەش لە پلەیەکی ترانسناشناڵ یان نێونەتەوەییدا. لێرەدا مەبەستی من ئەو هەستی تێکەڵاوی و هاوبەشییەی نییە کە لە نێوان خودی کوردە پەنابەرەکانی تاراوگەدا هەیە. مەبەستم ئەو لانی کەم هاوبەشییە کولتوورییەیە کە ئەو کوردانە لەگەڵ تاکەکان و گرووپەکانی تر کە خۆیان لە سروشتی ترادیسۆن و خۆماڵیی کولتووری ڕەها کردووە، پێک هێناوە. ئەو تاک و گرووپانە دەتوانن، پەنابەر یان ئەو کەسانە بن کە خۆیان بە "کۆسمۆپۆلیت" یانێ ئەو کەسانەی کە بەهەر هۆیەکەوە بێ، بەشێکی زۆر لە ژیانی خۆیان لەنێو کولتووری جیاوازدا ژیاون. ئەو کەسانە بە قەولی هانێرز (١٩٩٢، ل.٢٥٢) شوێن و هەڵکەوتەیەکی مێتاکولتووری وایان بۆ خۆیان پێک هێناوە کە دەتوانن و ئامادەیی ئەوەیان تێدایە کە کەسانی تر بە کولتووری جیاوازەوە وەربگرن و لە بەرانبەر کولتوور و شێوە بیرکردنەوەی جیاوازی کولتوورییەوە دڵئاوالا بن. هەروەکو هانێرزیش زیاتر تیشکی خستووەتە سەری، ئەم کۆسمۆپۆلیتیبوونە هیچ پێویست ناکا لە دژی ناوچە و ناوچەگەرایی ڕاوەستێ. چونکە ئیمڕۆکە سروشتی ناوچەیی هەرچی زیاتر

شــەقـڵـی فــرە کــولـتــووری پـێــوە دیارە، رینکەبی Rinkeby زۆر زیاتر لە سۆدێربەرکە فرە کولتووری ترە. لێرەدا جیهانیبوون بەو مانایەیە کە بەهۆی وەرگرتنی تایبەتمەندیی فرە هەویەتییەوە، لە خۆیدا دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەزموونێکی هاوبەشی کۆسمۆپۆلیتی هەوییەت کە هیچ سنوورێکی نەتەوەیی، دینی و ئەتنیکی ناناسێ، دروست ببێ. ئەم هەوییەتە بۆ خۆی دەبێتە بەردی بناخە بۆ ڕەهەندێکی گڵۆباڵی کولتووری لە سەرەوەی نەتەوە و ناوچە.

چوارەم:

ئەم ڕوانگە جیاوازانە لەسەر جیهانیبوون دەکرێ لەگەڵ ڕۆڵی ئەمەریکاش لە سیستەمی دەسەڵاتی نێونەتەوەیی و گڵۆباڵدا بەراورد بکرێ. لێرەدا ئەو ڕوانگەیە هەیە کە لە تێزی "فرە هەوییەتی تێکەڵاو"ی کولتووری خۆیدا دەبینێ و پێ لەسەر، لە گرینگی و بایەخ کەوتنی دەوڵەتە نەتەوەییەکان لەنێو "کۆمەڵگەی ڕاگەیاندن"ی پاش پیشەسازی لە دوای شەڕی سارد دادەگرێ. پێشوەچوونی چوارچێوە پێدانی پێوەندییە نێونەتەوەییەکان، زۆرجاران ڕێککەوتن لە دەرەوەو لە سەرەوەی دەوڵەتی نەتەوەیی، لە خۆیدا پێشوەچوونێکی نوێیە. دەوڵەتە نەتەوەییەکان ئەگەرچی وەک ئاکتەرگەلێک ئێستاش ڕۆڵی خۆیان دەگێڕن بەڵام لەبەرئەوەی سیاسەت ئیمڕۆکە لە دەرەوەی ئەوانیش و لەلایەن ڕێکخراوی جۆرەوجۆری نادەوڵەتییەکان و هەروەها شێرکەتە گەورە تیجاری و پیشەسازییە فرە نەتەوەییەکانیشەوە دەکرێ، ئەوە دەوڵەتی نەتەوەیی ئەو نەخشەی جارانی نەماوە و لاواز بووە. تەنانەت دەکرێ بگوترێ کە ئەمەریکا خۆشیی لە ئاستێکی جیهانی و گڵۆباڵەوە کز بووە، تاکە زلهێزی بەجێ ماوە کۆنترۆڵی تەواوی بەسەر سیستەمی نێونەتەوەییدا نییە. ئەمەریکا بە تەنیا ناتوانێ کۆنترۆڵی بەسەر ڕێکخراوگەلێکی نێونەتەوەیی وەک ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، ناتۆ، سیپەی دراوی نێونەتەوەیی، بانکی جیهانی و هی تردا هەبێ. سەرمایە بەبێ هیچ چەشنە بەربەستێک بەسەر سنوورە نێونەتەوەییەکاندا لە هاتوچۆدایە. "کاپیتاڵ یان سەرمایە بێ وڵاتە" یان سەر بەهیچ وڵاتێک نییە، هەروەک پێشتر

کارل مارکس ئاماژەی پێ دابوو.

بەپێچەوانەی ئەم ڕوانگەیە یان تێزەی سەرەوە واتە تێزی نێونەتەوەییی سیاسەت کە خۆی لە قەید و بەندی دەوڵەتی نەتەوەی ئازاد کردووە، دەکرێ باسی دژە تێزێکی تر بکرێ کە ڕاست بەپێچەوانەی ئەوەی سەرەوەیە و لێرەدا باس لە هێژمۆنی ئەمەریکا و نەزمی نوێی جیهانی دەکرێ. بەپێی ئەم تێزە ئەگەر هێژمۆنی ئەمەریکایی دەیەوێ لە بەڕێوەبردنی سیاسەتی نێونەتەوەییدا باڵادەست بێ ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو تەوژمانەی کە لەلایەن گرووپی قازانج ویستی جۆرەوجۆرەوە بە تایبەتی سەرمایەدارەکان و پیشەسازیی چەکسازییەوە، دەخرێتە سەر بەڕێوەبەرایەتیی سیاسیی ئەمەریکا و وەبەرگرتنی سیاسەتی لەو چەشنە لەلایەن ئەوانەوە بە زەمانەت و گەرانتی مانەوەی زلهێزی ئەمەریکا دەنرخێندرێ. بێجگە لەمەش تەنیا مەسەلەی پیشەسازیی بەرگریی ئەمەریکا نییە کە گرینگیی سەربازی هەیە بگرە ئیمڕۆکە ئەمەریکا بە تەنیا خۆی ٤٠٪ی هەموو چەکسازیی جیهانی لە پاواندایە. (SIPRI, 1996, ل٣٦٤) بەپێی لایەنگرانی هێژمۆنیخوازی ئەمەریکایی، شەڕی کەنداو و کۆسۆڤۆ نیشانی دا کە چۆن هێزی هێزە سەربازییەکانی ئەمەریکا دەتوانن بە سانایی دەوڵەتێکی سەرکێش ناچار بکەن کە مل بۆ داخوازەکانی ئەمەریکا ڕابکێشێ. لە هەمان کاتدا ئەمەریکا بەم شەڕانەوە وەک ڕێگە و ئیمکانێک بۆ گەیشتن بە قازانجە ئابوورییەکانی وەک وەدەستخستنی مەوادی کاڵی وەک نەوتی کەنداوی فارس و گەیشتن بە بازاڕی ئەورووپای ڕۆژهەڵات کەڵکی وەرگرتووە. ئەم شەڕانە نیشان دەدەن کە بەپێچەوانەی تێز و ڕوانگەی یەکەم، ئەمەریکا نەک تەنیا دەتوانێ خەت و نیشان بدا بە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و لەوێش ویستەکانی خۆی بسەپێنێ (نموونەی شەڕی کەنداو) بگرە ئەگەر بۆشی نەکرا ئەوە دەتوانێ بەبێ گوێدانە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و یاسا جێگرتووە نێونەتەوەیییەکان ئەگەر بە پێویست بزانێ، شەڕی خۆی بکا (نموونەی شەڕی کۆسۆڤۆ). [یان شەڕی دووەمی کەنداو و ڕووخانی سەدام حوسێن].

پرسی جیهانیبوون له خۆیدا پرسێكی پێچەڵپێچە و زۆر لایەنی جۆرەوجۆری كۆمەڵگە وەبەر دەگرێ. بەو حاڵەشەوە هەتا ئێستا تەنیا چەند لایەنێكی بەرتەسك كە ئەویش پێوەندیی ڕاستەوخۆیان لەسەر ڕۆڵی میدیا لە كۆمەڵگەی "دوا نوێگەری"[٦] یان نەزمی نوێی جیهانیدا باسی لێوە كراوە. لە بەشەكانی دواییدا دەمەوێ قورسایی باسەكە بخەمە سەر وەڵامدانەوە بە دوو پرسیار، یەكەم؛ ڕەخنەكان لە تیۆری كولتوورئیمپریالیزم لە سۆنگەی باسی جیهانیبوونەوە چین؟ دووەم: جیهانیبوون لە پێوەندی لەگەڵ هەواڵدەری و ڕاگەیاندندا چ مانایەك دەدا ئەگەر بێتو دۆمینانس یان تاكخوازی ئەمەریكا لەم بوارەدا بچەسپێ؟

## ڕەخنە لە تیۆری كولتوور ئیمپریالیزم

باسی جیهانیبوون زۆر لەو پرسیارانەی كە سی ساڵێك لەمەوبەر لە پێوەندی لەگەڵ تیۆری كولتوور ئیمپریالیزمدا، هاتبوونە گۆڕێ، سەرلەنوێ خستووەتەوە ڕۆژەڤەوە. بەپێی تیۆری كولتوور ئیمپریالیزم، جیهانی سێیەم لەژێر باندۆری فەرهەنگ، بایەخ و ئایدۆلۆجییەكانی ڕۆئاوادایە و مۆركی ئەوێی بە ڕوونی پێوە دیارە. ئەو شوێنەوارەی كە بەهۆی هەرووژمی بەرهەم و سیمبۆلەكانی تەلەڤزیۆن، فیلم، یەكلایەنە و لە شەقڵێكی باكور- باشوورەوە ڕوویان لەو ناوە كردووە و سەپاون. بەڵام ئەم تیۆرییە بە تایبەتی لەم دە ساڵەی دواییدا، كەوتووەتە بەر ڕەخنەی زۆر توند. لە تێڕامانێكدا بەسەر شەپۆلی ئەم ڕەخنانەی لەو تیۆرییە گیراوە و بە تایبەتی بە لە بەرچاوگرتنی ئەوەی كە لەم كاتەی ئێستادا لە هەموو جارێك زیاتر تاكە زلهێزی ئەمەریكا بە هێژمۆنییەكی گلۆباڵەوە كەوتووەتە بەر سەرنج، ئەوە گرینگی و بایەخی ئەو ڕەخنانە دەردەكەون. ئەمە لە خۆیدا دەتوانێ، بنەمایەكی فیكری لەسەر تێڕامان و لێكۆڵینەوە لە پێوەندی لەگەڵ دەسەڵات و توانای خۆگونجاندنیدا، پێك بێنێ.

بەڵام لێرەدا من دەمەوێ سەرنجی بنەڕەتی بدەمە سەر نێوەرۆكی ڕەخنە لە

تیـۆری کـولتـوور ئیـمـپـریالیـزم و لەو سـۆنگەیەوە باسـی ئەوە بکەم کـە لێکۆڵینەوەی میـدیایی لەسـەر پرسـە گرینگەکان چۆن بخرێتـە ڕۆژەڤەوە. هەر لێرەشـدا پێویسـتە ئەوە بگوترێ کە هەروا ئاسـان نییە، کە پرسـەکان لە چەند تەوەرەیەکدا لەسـەر ئەو تیۆرییـە کورت و پوخت بکرێنەوە. بگرە ئەم تیـۆرییە لە خـۆیدا هەڵگری چەند گرفـتێکی گەورەی تیـۆرییـە و یەکالاکردنەوەی ئەوان لە یەکتـر بۆ خـۆی پێـچـەڵپێـچـییـەکی زۆری تێدایە. نموونەی پرسـە گرینگەکان دەتوانن ئەمـانە بن؛ ئاخـۆ بە ڕاسـتی کولتـوورگەلێک بە ڕەچەڵەکی ڕاسـتینەی خۆیانەوە، بوونیان هەیە؟ ئاخۆ بەڕاستی ئینسانەکان پێویستییان بە هەبوونی هەوییەتی کولتووری تایبەت بە خۆیان هەیە و ئەگەر هەیە بۆ؟ و هی تر... هەر لەم پێـوەندییەدا هەوڵی من ئەوە دەبێ کە خـۆم بە چەند شـەقڵ و تەوەرەیەکی دیاریکراوەوە ببەستمەوە؛ لەلایەک باسـی سەروەری و بالادەستیی ئەمەریکا لە بازاڕی مـیـدیای جـیـهـانیـدا بکەم و لەلایەکی ترەوە بـاسـی ئەوە بکەم کـە پێـشـوەچوونەکـان لە بواری کولتـوور ژورنالیـسـمی جیـهـانیدا وەک ئاکـامی بڵاوبوونەوەی هەرچی زیاتر و زووتری هەواڵەکـان، لە ئاستێکی جیهانیدا چن و چ گـرینگی و شـوێنێک لەسـەر بیـروڕای گـشـتـیی جـیـهـانی و کـێـشـە نێونەتەوەیییەکان دادەنێن.

لە باسـەکانی UNESCOدا کە لەسـەر نەزمی نوێی زانیاری کـراوە، تیـۆری کولتوور ئیـمپریالیـزم جێگەیەکی قایم و قورسی هەبووە. یەکێک لەو بۆچوونە سـەرەکییـانەی کە لەلایەن نوێنەرانی وڵاتـانی جیـهانی سێیـەمـەوە، جەختـی لەسـەر دەکرا ئەوە بوو کە ئەگەر بێتو هرووژمی کولتـووری ڕۆئاوا لە شێوەی فیلمەکانی هۆلیوود، زنجیرە تەلەڤزیۆنییەکان، مـوزیک و هی تر بۆ سـەر وڵاتی ئەوان بەردەوام بێ ئەوە وردە وردە کـولتـووری نەتەوەیی ئـەوان تێک دەدرێ و شوێنەوارێکی لێ نامێنێتەوە. باسەکە لە ڕاستیدا شێوەیەکی ئایدۆلۆجییانە و دوو جـەمـسـەرانەی بەخـۆ گـرتبـوو. هەر ئەمـەش وای کـرد کـە ئەمـەریکا و بەریتانیای مەزن کورسییەکانی خۆیان لە UNESCO بەجێ بێڵن. لە ڕوانگەی ئەمـەریکا و ئینگلیزەوە، داخـوازی پێکهێنانی هاوتەرازوویی و نـەزمێکی نوێ

دادپەروەرانە لە زانیاریدا لە خۆیدا وەک هێرشێک لە دژی ئازادیی بیروڕا و بەربەست دانان لەبەر هەواڵنێری و ژورنالیسمی ئازاد لێک دەدرایەوە. -Cals (Nohrstedt,1986. son,1998) تەنانەت لەم دواییانەشدا تیۆری کولتوور ئیمپریالیزم زیاتر لە دیتنێکی زانستیانەشەوە خراوەتە بەر ڕەخنە. ڕەخنەگران لەو باوەڕەدان کە تیۆری کولتوور ئیمپریالیزم یەکلایەنەیە و بە تەنیا چاوێک ئاوڕ لە کێشەی کولتوور دەداتەوە، ئەمەش بەو مانایە کە ئاڵوگۆڕی زانیاری و بەرهەمە میدیاییەکان لە بیر دەکرێ بەبێ ئەوەی سەرنجی ئەوە بدرێ کە کولتوور یەکلایەنە نە بەڵکو دوولایەنە و لە هەردوولاوە دەتوانێ شوێندانەر بێ. چەند نموونەیەک کە لەم نێوەدا زۆرجاران باسی دەکرێ، وەک؛ نموونەی مۆسیقای بە ڕەچەڵەک ئەفریقیایی کە ئیمرۆ پەرەگرتنێکی جیهانیی بەخۆیەوە گرتووە یان هێندێک پرۆگرامی تەلەڤزیۆنی بەرازیلی کە لە بازاڕی میدیای ئەمەریکادا، جێگەیەکی قایمیان بۆ خۆیان کردووەتەوە. هەروەها ڕەخنەگران، بیرۆکەی هێژمۆنی نەتەوەیی لەلای لایەنگرانی تیۆری کولتوور ئیمپریالیزمەوە دەخەنە ژێر پرسیار و دەڵێن ئەوە لە ڕاستییەوە بە دوورە کە بۆ نموونە هۆلیوود دەتوانێ کولتوورێکی تر قەلاچۆ بکا. ڕەخنەگران دەڵێن لە سەردەمی نوێ و لە هەلومەرجی نوێدا، هیچ کولتوورێک نابیندرێ کە نەکەوتبێتە ژێر شوێنەواری کولتووری ترەوە و ئەمەش بە مانای قەلاچۆی کولتووری نییە. بە هۆی پێشکەوتنی تەکنۆلۆجیی ڕاگەیاندن، ئیمرۆکە ئاڵوگۆڕی کولتووری و تێکەڵاوی کولتووری ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر پەرەی گرتووە و ئەمەش کەم و زۆر لە ڕابردوودا لە نێوان کولتوورە جیاوازەکاندا ڕووی داوە. شتی نوێ لەم نێوەدا ئەوەیە کە تەنیا ئەو ئاڵوگۆڕە کولتوورییانە وەک بەرهەمی تەلەڤزیۆنی، مۆسیقا و جلوبەرگ زیاتر لە جاران پەرەیان گرتووە. ڕەخنەیەکی تر کە لە تیۆری کولتوور ئیمپریالیزم دەگیرێ ئەوەیە کە کاردانەوەی نێوەڕۆک و بایەخە سیمبۆلیک و کولتوورییەکانی زنجیرەی تەلەڤزیۆنییەکان، تەنیا بەوەوە نەبەستراونەتەوە کە لە کوێوە بڵاو دەکرێنەوە، هەر بۆیە بۆچوونێکی وا بەپەلەیە و تەواو نییە. هەر ئەو زنجیرە

تەلەڤزیۆنییەی کە لە ئەمەریکا دروست کراوە بەو مانایە نییە کە ئەوە ئیتر ئوتۆماتیک و ڕاستەوخۆ، نێوەڕۆکی بایەخە کولتوورییەکان و وێنەی تایبەتی جیهان پەسندانەی ئەمەریکا نیشان دەدا. بەپێچەوانە ڕەخنەگران پێیان وایە کە لە جیهانیبوونی بازاڕدا، بەرهەمهێنەران هەوڵی ئەوە دەدەن کە بەرهەمەکانیان و نێوەڕۆکی ئەوان لەگەڵ نۆرمێکی نێونەتەوەییدا بگونجێن کە کێشە و لێک هەڵبەزینەوەیی کولتووری لێ نەکەوێتەوە و بەپێی لێک حاڵیبوون و ڕێزدانان لە کولتووری تر بەرهەمەکان دروست بکرێن. نموونەیەکی بەرچاو کە لەم پێوەندییەدا زۆرجاران ئاماژەی پێ دەکرێ، تەلەڤزیۆنی MTVیە کە لەودا نە تەنیا سەرنج دەدرێتە کولتووری نێونەتەوەیی و بینەرانی چوارگۆشەی دنیا بەپێی تەمەن و سەلیقەی جۆرەوجۆر بگرە بەرنامەکانی تەلەڤزیۆن بە جۆرێکی ڕەنگاوڕەنگ و هەمەلایەنە، بڵاو دەکرێتەوە، بۆ نموونە بۆ بینەرانی ئەورووپایی بەرنامەی تایبەتی بڵاو دەکرێتەوە. هەر بۆیە ئەو کاردانەوەیەی کە میدیا دەبێ بەپێی تیۆری کولتوور ئیمپریالیزم هەیبێ، نایبێ و کێشەی تیۆرییەکە زیاتر دەردەکەوێ. واتە لە تیۆری کولتوور ئیمپریالیزمدا بینەر وەک کەسانی سەربەخۆ و ڕەخنەگر هەڵناسەنگێندرێن، بگرە بینەر بە کەسانی وەک موعتاد و نارکۆتیکا خۆر دەچووێندرێن کە دایم لەژێر شوێنەوار و کاردانەوەی میدیادان. ڕەخنەگرانی تیۆری کولتوور ئیمپیریالیزم بەپشتبەستن بە لێکۆڵینەوە مەیدانییەکان، لە دوو بارەوە ڕەخنەکانی خۆیان ئاراستە دەکەن؛ یەکەم، بینەران هەموو وەک یەک دەستەیەکی هێمۆژن بە خوێندنەوەی هەوییەتی وەک یەک و دژکردەوەیی وەک یەک لە بەرانبەر میدیادا نین و لە زۆر بارانەوە جیاوازن، دووەم، بینەران خوێندنەوەی ڕەخنەگرانەی خۆیان لە میدیا هەیە و هەروا بە ئاسانی ناکەونە ژێر شوێن و کاردانەوەی میدیاوە. هەر لەبەر ئەمەشە تەنیا ناکرێ لێکۆڵینەوەکان لەسەر ئەوە بێ کە بەرهەمە میدیاییەکان لە کوێ وەبەرهەم دەهێندرێن و لە کوێوە بڵاو دەکرێنەوە یان نێوەڕۆکی بەرهەمەکان چ پەیامێک دەگەیەنن و پاشان لەسەر ئەو بنەمایە بگوترێ کە چۆن بینەران دەکەونە ژێر کاردانەوەی میدیا لە وڵاتێکی تردا و بە

کولتوورێکی جیاوازی ترەوە. بگرە دەبێ بینەران وەک ڕەخنەگرانێک ببیندرێن کە نێوەڕۆکی پەیامی میدیایی هەروا بە ئاسانی ناتوانێ کارتێکەریان تێ بکا. بۆ زانیاریی فرەتر لەم بارەوە و پتر زانین لەسەر ڕەخنەکان لە تیۆری کولتوور ئیمپێریالیزم دەکرێ چاو لەم بەرهەمانە بکرێ: Golding & Harris, 1997; Tomlinson, 1997; Sreberny- Mohammadi,

زۆر لەم ڕەخنانە لە جێگەی خۆیاندان و زۆر گرینگە کە پێداچوونەوەیەکی ڕەخنەگرانە بەسەر ئەو بۆچوونە سادە و لاوازانەدا بکرێ کە باس لەسەر نەزمی جیهانی ڕاگەیاندن لە دەیەکانی ٦٠ و ٧٠ دا، هاتنە ئاراوە. دیارە لێرەدا، مەودا بەرتەسکە کە ئاماژە بە هەموو گرفت و کێشەکان لەم پێوەندییەدا بکرێ و هەموو ئەو شتانە لێرەدا جێگەیان نابێتەوە. هەر بۆیە لێرەدا خۆم بە هێندێک باسی سەرەکی و خاڵی بنەڕەتی دەبەستمەوە هەتا دواتر بتوانم بۆچوونێکی سەرەتایی لەسەر تیۆری کولتوور ئیمپێریالیزم و لە جێدا بوون یان نەبوونی لە هەلومەرجی ئیمرۆی جیهاندا گەلاڵە بکەم.

بەشێک لە ڕەخنەکان لەسەر تیۆری کولتوور ئیمپێریالیزم، بە تەواوەتی ڕاستن و جێگەیەک بۆ باس و لێدوانی زیاتر ناهێڵنەوە. بەڵام بەشێکی تریش لە ڕەخنەکان بە تەواوەتی ڕوون نین، بەپێچەوانەی ئەوەی بانگەشەی بۆ دەکرێ. ئەوە ڕاستە کە لە درێژایی هەموو سەدەی بیستەمدا، کولتوورێکی یەکدەست و هێمۆژن نەبیندراوە کە بەهۆی هێرشی فەرهەنگی، کولتوورێکی تر لە دەرەوەڕا قەلاچۆ کرابێ و ئاسەوارێکی لێ نەمابێتەوە. بەڵام ئەمە لە هەمانکاتدا شتێکیش نییە کە تیۆری کولتوور ئیمپیریالیزم وای گوتبێ. هەر بۆیە ئەم ڕەخنەیەی، ڕەخنەگرانی تیۆری کولتوور ئیمپیریالیزم لە جێدا جۆرێک لەژێر دەرچوون و خۆدزینەوە لەو پرسە گرینگ و ناوەندییەیە کە دەڵێ لافاوی بەرهەمە میدیاییە جیهانییەکان کە لەسەر بناخەی ئیدەئاڵ، لێڕوانین و بایەخێک داڕێژراون کە قازانج و بەرژەوەندیی سیاسی و ئابووری تەنیا بەشە دەوڵەمەندەکەی جیهان دەپارێزن. واتە ئەو وێنە جیهانییەی کە میدیاکان پێشانی دەدەن لە خۆیدا ڕەنگدانەوەی ئایدۆلۆجییەکە کە لە هەمان

کاتدا پاڵ بە کولتوور و بایەخی تری مرۆڤەکان لە شوێنەکانی تری جیهانەوە دەنێ و چوارچێوەی بیرکردنەوەی تایبەت بە ئەوان لەژێر تەوژم دەخا. هیچ پێویست ناکا لەم کێشەیەدا بەشێوەیەکی فۆندەمانتالیستییانە بۆچوونەکان دەرببڕێن، ئەگەر ئەوە هێندێک کولتووری خۆماڵی و ناوچەیی ماونەتەوە، نابێ، بەو مانایە بێ کە ئێمە لەسەر ئەوەی کە چۆن پیشەسازیی میدیا ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر هارتر دەبێ و هەر ئەم لافاوە میدیاییە چ کاردانەوەیەکی بۆ سەر باری ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی و کولتووری وڵاتانی جیهانی سێیەم دەبێ، خۆمان لەو باسانە بدزینەوە. بە هەمان شێوە و لەلایەکی ترەوە دەکرێ بگوترێ کە بەرهەمە میدیاییەکانی ئەمەریکاش بەو شێوەیە نییە کە حەتمەن وێنەی ئەمەریکا وەک وێنەی ئیدەئاڵێک کە ببێتە سەرمەشقی هەموو جیهان پێشانی خەڵکانی تر بدەن. لەم پێوەندییەدا دەکرێ زۆر بە ئاسانی باسی زۆر نموونە فیلمی ئەمەریکایی بکرێ کە لەواندا وێنەیەکی ڕەخنەگرانە لە ئەمەریکا پێشان دەدرێ وەک زنجیرەی تەلەڤزیۆنی A.X و فیلمی Wag the Dog.

هەموو ئەم باسانە بە دوور لە پرس و کێشەی نوێ نین. بەڵام باس لەسەر کولتوور ئیمپیریالیزم لە دەوری چەند پرسیارێکی گرینگدا خول دەخواتەوە، کە هێندێک ناڕوونی و پشێویی تێدا دەبیندرێ. یەکێک لەو پرسە ناڕوونانە ئەوەیە کە گۆیا بەرهەمە میدیاییەکانی ئەمەریکا ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر، بەرهەمە خۆماڵییەکان لە جیهانی سێیەم و تەنانەت لە ئەورووپادا دەخەنە ژێر سێبەر و شوێنەواری خۆیان. ئەمە هەر لە سەرەتاوە یەکێک لە کێشە هەرە گەورەکانی لایەنگرانی نەزمی ڕاگەیاندنی جیهانی بووە. بەڵام من هەروەک پێشتر ئاماژەم پێ کرد، ئەم وێنە نیشاندانە لە میدیای ئەمەریکا خراوەتە ژێر پرسیار، ئەویش بە هێنانە گۆڕ و نیشاندانی نموونەی وەک چۆن زنجیرە تەلەڤزیۆنییەکی بەرازیلی لە خودی ئەمەریکادا دەتوانن لەگەڵ بەرهەمە ئەمەریکاییەکان کێبەرکێ بکەن و بازاڕێکی گەرم و پڕ داهات لەنێو ئەمەریکا بۆ خۆیان وەدەست بێنن و تەنانەت ببنە کاڵایەکی میدیایی وا بەنرخ کە جێگەی خۆیان لە بازاڕی کارابین، ئەورووپای ڕۆژهەڵات و ئاسیادا بکەنەوە.

بەڵام لەلایەکی ترەوە لێکۆڵینەوەکان دەری دەخەن کە بەرهەمە تەلەڤزیۆنەکانی ئەمەریکایی کە لە بازاڕی ئەوروپادا فرۆشراون، لە نێوان ساڵەکانی ١٩٨٨ هەتا ١٩٩١ زیادی کردووە. فرۆشی فیلم کەمتر بووە لە فرۆشی زنجیرەی تەلەڤزیۆنی، فرۆشی فیلمی ئەمەریکایی لە ڕێژەی ٤٦٪ لە ساڵی ١٩٨٨ هەتا ڕێژەی ٥٣٪ تا ساڵی ١٩٩١ بەرز بووەتەوە، لە هەمان کاتدا ڕێژەی فرۆشی زنجیرەی تەلەڤزیۆنی لە ٣٦٪ لە ساڵی ١٩٨٨ هەتا ڕێژەی ٥٦٪ لە ساڵی ١٩٩١ بەرز بووەتەوە. (De Bens, 1992, p. 91,94)

ئاکامێکی گشتیی تر کە لەو لێکۆڵینەوانە وەردەگیرێ ئەوەیە کە لە هەمانکاتدا بەرهەمە میدیاییەکانی ئەمەریکا بۆ نێو ئەوروپا زیادی کردووە، بەهەمان شێوەش بەرهەمە خۆماڵییەکانی ئەوروپا لە زیادبووندا بووە، ئەڵبەت نەک بەو ڕێژەی بەرزبوونەوەی بەرهەمە ئەمەریکاییەکان، کە بە زۆری لەلایەن تەلەڤزیۆنە تیجارییەکانی ئەوروپاوە، بەرهەمەکان کڕدراون. هەر لێرەدا پێویستە پێ لەسەر ئەوەش دابگیردرێ کە بەرهەمە خۆماڵییەکانی ئەوروپا ئێستاش زۆربەی بینەرانی ئەوروپایی خۆی هەیە و بەشێکی زۆری وەختی تەلەڤزیۆنەکان بە پێشاندانی بەرهەمە خۆماڵییەکانەوە، تەرخان دەکرێ. بەرهەمە ئەمەریکاییەکان ڕێژەیەکی کەم لە وەختی تەلەڤزیۆنی بۆ دادەنرێ، چونکە زۆربەی هەرە زۆری بینەران خوازیاری بەرهەمە خۆماڵییەکانن Siune) .& Hulten, 1998, p.33)

ئاخۆ کەمبوونەوەی ڕادەی بینەرانی بەرهەمە میدیاییەکانی ئەمەریکا بۆ نموونە لە بەرازیل بەو مانایەیە کە ئێمە بنەمای دۆمینانس یان هێژمۆنی تاک کولتووری ئەمەریکایی لە تیۆری کولتوور ئیمپیریالیزمدا بە تەواوەتی بەلاوە بنێین؟ ئولیڤیێرا لەم پرسیارە دەکۆڵێتەوە و پێی وایە کە نابێ تەنیا لەسەر بنەمای ئاکامی وەدەستهاتووی کەمی [کڤانتیتاتڤ] وەڵامی ئەم پرسیارە بدرێتەوە، چونکە یەکەم شتی سەرەکی ئەوەیە کە زنجیرە تەلەڤزیۆنەکانی بەرازیل لەسەر چ بنەمایەکی کولتووری و کۆمەڵایەتی لە نێوەڕۆکدا لەگەڵ زنجیرە تەلەڤزیۆنەکانی ئەمەریکایی لێک جیاوازن و چییە کە دەبێتە هۆی

ئەوەی لەم پێوەندییەدا ئەوان لەیەک جیا بکاتەوە. واتە دەبێ جیاوازیی بەرنامە تەلەڤزیۆنییەکان لەسەر بنەوای چۆنی [کڤالیتاتیڤ] دابنرێ. ئەگەر لە بواری چۆنییەوە چاو لەم مەسەلەیە بکرێ، ئەوە جیاوازییەکی ئەوتۆ لە نێوان تەلەڤزیۆنەکانی ئەمەریکایی و بەرازیلیدا نابیندرێ، بەسەر هەردوو تەلەڤزیۆندا ئایدۆلۆجی بەکارهێنان (مەسرەفی) زاڵە و ئامانج ئەوەیە، بایەخەکانی نوێ لیبراڵی بەهێز بکەن و سەرنجی زیاتری خەڵکی بۆ لای کڕین ڕابکێشن. گێڕانەوەی بەسەرهاتەکان و قارەمانی فیلمەکان لە کۆنتێکستی وەک یەکی کۆمەڵایەتیدا پێکهێنراون کە لەواندا چینی سەرەوە (دەوڵەمەندەکان) یەکتری دەناسنەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا لە ڕاستییەکانی نێو کۆمەڵگە و ئەو ڕاستینەیەی زۆربەی هەرە زۆری بینەران خۆیان تێدا دەبیننەوە، دوورە. لە باشترین حاڵەتدا بینەران بۆ چەند چرکەیەک دەکەونە نێو جیهانی خەون و خەیاڵاتەوە و جیهانێکی بە تەواوی جیاواز کە لەودا تەنانەت ئەگەر هەژارێکیش بیەوێ بەو شەرتەی کاری ببڕای بکا و یاسا و نۆرمەکانی کۆمەڵگە بپارێزێ، ئەوە دەتوانێ دەوڵەمەند ببێ. (Olivveria, 1993, p 129) یانێ ئەمە وێنەیەکە کە لە هەمان کاتدا هەم لەلایەن تەلەڤزیۆنی ئەمەریکایی و هەم لەلایەن تەلەڤزیۆنی بەرازیلییەوە وەک یەک نیشان دەدرێ. کەواتە جیاوازیی نێوان ئەو تەلەڤزیۆنانە لە چیدایە؟

لە سۆنگەی ئەم باسەی سەرەوە، ئاکامێکی سەرەتایی کە من دەتوانم وەری بگرم ئەوەیە کە تیۆری کولتوور ئیمپیریالیزم هەر لە بنەڕەتەوە و لەو سەردەمەیدا هاتە ئاراوە، لاوازی و کەموکووڕی تێدا بووە، بەڵام لە هەمان کاتدا ئەمە بەو مانایە نییە کە پرس و کێشەی دۆمینانسی کولتووری کە یەکێک لە بنەماکانی ئەم تیۆرییە پێک دێنێ، لە بیر بکرێ یان بەلاوە بنرێ. هەروەها پێویستە لێکۆڵینەوەی میدیایی لەسەر ئەوە ڕاوەستێ کە تیۆری و میتۆد یان شێوە لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانیی نوێ بۆ مەبەستی وەڵامدانەوە بە پرس و کێشەی نوێ بێنێتە ئاراوە. من جارێکی تر دەگەڕێمەوە سەر ئەمە و زیاتر تیشک دەخەمە سەر ئەوە کە مەبەستم لەم پێوەندییەدا چییە.

گـواسـتنەوەی هەواڵ یەکێک لەو باسـە چڕانەیە، کـە سـەرنجی زۆربەی لێکوڵەرەوانانی میدیاییی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە. شیمانەی ئەوە دەکرێ، هەر ئەم سەرنجی زۆردانە بە گرینگیی هەواڵ لە دروستکردنی بیروڕای گشتیدا، وای کردبێ کە لێکۆڵەرەوان کەمتر ئاوڕیان لە بەشەکانی تر وەک فیلم، زنجیرەی تەلەڤزیۆنی و هی تر و هەروەها ڕادەی شوێندانەریـیان لەسـەر دروستکردنی بیروڕای گشتی، دابێتەوە. لە هەمان کاتیشدا، ئەوە لە بیر ناکرێ کە سەرنجی زیاتردان بە هەواڵەکان، ئەوەی لە هەواڵەکاندا زانیارییەکی دروست بڵاو بکرێتەوە، وێنەیەکی ڕاستینە لە ڕووداوەکان نەخش بکرێ، بۆ خۆی لە دروستکردنی شێوە بیر و هەڵسوکەوتی ئێمە لە تێگەیشتنی کێشە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا، شوێنی گرینگ دادەنێ. لە ڕێگەی گوێبیستن یان بینینی هەواڵەکاندایە، کە زۆربەی ئێمەمانان، وێنەیەک لەوەی لە بەشەکانی تری جیهاندا، چ ڕوو دەدا، بە تایبەتی لە پێوەندی لەگەڵ کێشە نێونەتەوەییەکان، شەڕەکان و لێقەومانەکان، وەردەگرین و هەر ئەمەش دەبێتە بنەمای تێگەیشتنی ئێمە لەو کێشانە لە جیهاندا.

هەر بەم هۆیەوەیە کە بە لای لێکۆڵەرەوانی میدیاییـیەوە گرینگ بووە، لەوە بکۆڵنەوە کە سیستەمی نێونەتەوەیی ئاڵوێری هەواڵەکان لەسەر چ بنەمایەک داندراوە و چۆن هەڵدەسووڕێ. هەروەک پێشتر ئاماژەم پێ کرد، باسەکان لە دەوری پرسـیاری وەک نەزمێکی نوێی زانیـاری یان پرسی تری لەو بابەتە خولاوەتەوە. لە دەیەی حەفتاکان بە دواوە زۆر ئاڵوگۆڕ لەو پێوەندییەدا ڕووی داوە، وەک بەرەو باشترچوونی وەشانی هەواڵە ناوچەیییەکان بۆ نموونە لە ئەفریقیا و کارابین. ژمارەی ئێزگە تەلەڤزیۆنییەکان زۆر زیادی کردووە و هەر لەم پێوەندییەشدا، بازاڕ و تەجارەتی بەرهەمە میدیاییەکان لە جاران زۆرتر پەرەی گرتووە. تەلەڤزیۆنە مانگیلەکانی وەک CNN و Sky News خەریکن بە جۆرێک نەخشی تەلەڤزیۆنە نەتەوەییەکان بگێڕن و جێگەیان بگرنەوە، هەر

ئەم پێشوەچوونە لە ڕادیۆ و چاپەمەنیشدا دەبیندرێ. لە ڕاستیدا پرۆسێسی جیهانیبوون، زۆر ڕوون و ئاشکرا لە پێوەندی لەگەڵ ئاڵووێری هەواڵەکان لە ئاستێکی جیهانیدا دەبیندرێ. ئەمە چ کارکردێک لەسەر شێوە و نێوەڕۆکی هەواڵەکان دادەنێ؟ ئاخۆ جیهانیبوون بەو مانایەیە کە هەواڵەکان لە شوێنە جیاجیاکانی جیهان زیاتر وەک یەک دەچن و یەک شێواز و فۆرم وەردەگرن؟ ئاخۆ ئەمە لە خۆیدا بەو مانایەیە کە خەڵکی بەبێ لە بەرچاوگرتنی ئەوەی لە کوێ دەژین، وەک یەک هەواڵەکان وەردەگرن و وەک یەکیش تێی دەگەن؟ ئاخۆ کۆمەڵەی ڕۆژنامەنووسان ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر لێک نزیک دەبنەوە و بایەخە وەکیەکەکان دەیانکاتە کۆمەڵێکی هێمۆژن، ئەگەر بێتو ئەوە لە بەرچاو بگیردرێ کە سەرچاوەی هەواڵ و زانیارییەکانیان لە شوێنێکەوە دێت کە بەستراوەیی بە میدیای خۆماڵی نییە؟

Stig Hjarvard لە بروانامەی دوکتۆراکەیدا کە لە ساڵی ١٩٩٥ نووسراوە، لێکۆڵینەوەیەکی لەسەر EVN/ Eurovision News Exchange کردووە. ئەم دەزگا ڕاگەیاندنە لە خۆیدا، سیستەمێکی نابازرگانیی ئەوروپاییە و ئەندامانی بەشدار لەم دەزگایەدا لە هەمەچەشنە بەرهەمێک کە پێیان دەگا، کەڵک وەردەگرن. دەرکەوتەکان بەجۆرێکی پشتگری یەکترینی دابەش کراوە کە ئەندامە دەوڵەمەندەکان، قەرەبووی دەرکەوتی ئەندامە کەم داهاتەکان دەکەنەوە. لێکۆڵینەوەکەی هایروارد ئاڵووێری بەرهەمە میدیاییەکانی دەزگای EVN لە ١٦ی فێبریوەری تا یەکی ئەپریلی ١٩٩٠ دەگرێتەوە. EVN وەک دەزگایەکی ڕاگەیاندن ئاڵووێری هەواڵەکان لە نێوان شیرکەتە تەلەڤزیۆنە نەتەوەییەکانی ئەوروپا و دامەزراوە گەورە هەواڵنێرییەکانی ئەوروپا دەکا. لێکۆڵینەوەکەی هایروارد ئەوە دەسەلمێنی کە بەهیچ جۆرێک دۆمینانس یان سەردەستی ئەمەریکا لەنێو بەرهەمە میدیاییەکانی EVN نابیندرێ. نزیک بەڕێژەی ١٣٪ لە کۆی گشتیی بەرهەمە میدیاییەکان و ڕێژەی ٢٤٪ لە ماتریالە خاوەکان سەبارەت بە ئەمەریکان، بەڵام بە هەمان شێوەش ئەگەر ئەمە لەگەڵ بەرهەمەکانی پێوەندیدار بە سۆڤیەتەوە بەراورد بکرێ ئەوە ڕێژەی

١٩ و ٢٠ لە سەدی پرۆگرامەکانی وەبەر دەگرێ. ئەمە لە خۆیدا هیچ جێگەی سەرسوڕمان نییە کە هەر هەشتەمین پرۆگرامێک پێوەندیی بە ئەمەریکاوە هەیە. لە هەمان کاتدا وەبیرهێنانەوەی ئەوەش پێویستە بگوترێ کە تەنیا ڕێژەی ١٪ی بەرهەمەکان پێوەندییان بە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە هەیە. لە ماوەی ٢٥ ساڵی ڕابردوودا چ گۆڕانێکی ئەوتۆ لەو ڕێژانەی سەرەوەدا وەدی نەهاتووە. هایروارد لە لێکۆڵینەوەکەیدا بەو ئاکامە دەگا کە سیستەمی نێونەتەوەیی هەواڵنێری بەشێوەیەک کە بێ هاوتایی یان هەڵاوەردنی کەمتری تێدا بەدی بکرێ، بەرەوپێش دەچێ و چ نیشانەیەک نییە کە سەردەستی ئەمەریکا لەم پێوەندییەدا ببیندرێ.

لە پرۆژەیەکی لێکۆڵینەوەی تردا بەناوی The Global Newsroom سیستەمی EVN لە باری ترەوە خراوەتە بەر تیشکی لێکۆڵینەوە. لەم پرۆژەیەدا بەپێچەوانەی لێکۆڵینەوەکەی هایروارد، لێکۆڵینەوە لەسەر پرۆسێسی هەواڵنێری EVN لە تەواوەتی خۆیدا کراوە، یانێ جۆری بەرهەمهێنانی هەواڵ، نێوەڕۆکی هەواڵ و چۆنیەتیی وەرگرتنی هەواڵ لەلایەن بینەر و بیسەرەوە (Cohen, 1996, p.viii) پرۆژەکە بە گەڕان بە شوێن وەڵامدانەوەی پرسیارێکدا دەستی پێ کرد، ئاخۆ ئیمڕۆکە زۆر زیاتر و چڕتر لە جاران ڕۆژنامەنووسەکان لە شوێنە جیاجیاکانی جیهانەوە لە شێوەی کار، قەزاوەت، خوێندنەوەی هەواڵەکاندا لە یەکتری نزیکتر بوونەتەوە؟ یان ئاخۆ دەکرێ بگوترێ کولتوورێکی جیهانی وەکیەکی هەواڵنێری و ژورنالیستیکی خەریکە دروست ببێ؟ دواتر لە کاتی لێکۆڵینەوەکەدا، دژەکارکردێک دەرکەوت کە ئەویش لە چەمکی (Domestication خۆماڵی نەکردن)دا دەکرێ پێناسە بکرێ، یانێ میدیا لە وڵاتە جیاجیاکان و کولتووره جیاوازەکاندا هەواڵ و ڕاگەیاندنە نێونەتەوەییەکان وەک چۆن هەیە وەرناگرن و بڵاو ناکەنەوە، بگرە بەرگێکی تری لەبەر دەکەن و بەشێوەیەک کە لەگەڵ بارودۆخی ئەو ناوچەیەیدا هەواڵەکەی لێ بڵاو دەکرێتەوە، بگونجێ، گۆڕانی بەسەردا دێت و پاشان بڵاو دەکرێتەوە. لە پرۆژەکەدا بۆ نموونە دەرکەوت کە ئەو هەواڵانەی لەلایەن EVN

بڵاو دەکرێتەوە، دواتر بەشێوەیەکی جیاواز لە وڵاتە جیاوازەکاندا خوێندنەوەیەکی وا جیاوازی لێ دەکرێ کە لە بنەڕەتدا لەگەڵ ڕەچەڵەکی هەواڵەکە و ئەو مەبەستەی کە EVN لە بڵاوکردنەوەی ئەو هەواڵەدا هەیبووە، جیاوازیی هەیە. یەکێک لە ئاکامە گشتییە وەدەستهاتووەکان ئەوە بوو، کە ئەو ڕۆژنامەنووس یان هەواڵنێرانەی کە لە پێوەندی لەگەڵ بەشی دەرەوەی هەواڵەکانی سیستەمی ڕاگەیاندنی EVN کار دەکرد، لەبەرئەوەی بتوانن، بە جۆرێک هەواڵەکان لەگەڵ کولتوور و بارودۆخی وڵاتەکەی خۆیان بگونجێنن، دەبوا هەوییەتی نەتەوەییی خۆیان پاراستبا. تەنیا بەشێکی زۆر کەم لە ڕۆژنامەنووس و هەواڵنێران لەنێو سیستەمی EVN توانیبوویان بەبێ لە بەرچاوگرتنی هەوییەتی نەتەوەیی یان کولتووری خۆماڵی، ڕەنگێکی جیهانی بە هەواڵەکان بدەن و هەواڵەکان وەک بنەچە و ڕەچەڵەکی خۆیان چۆن بووە، بەبێ دەستێوەردان بڵاو بکەنەوە. (Cohen, 1996, p 152....)

ئەم دوو لێکۆڵینەوەیە وێنەیەکی نوێ و نەدیتراو لە کێشەی جیهانیبوون لە پێوەندی لەگەڵ هەواڵنێری ترانسناشناڵ و نێونەتەوەییدا دەخەنە ڕوو. وەک دیترا دژەکارکردی ئەوتۆ هەیە کە ڕێگرن لە بەردەم دروستبوونی کولتوورێکی هەواڵنێری و ژورنالیستیکی وەک یەکدا، کەوایە بایەخی کولتووری ئەمەریکایی هەر وا ئاسان نییە کە تەشەنە بکاتە نێو ڕاگەیاندنە جیاوازە نەتەوەییەکان و ئەوان بخاتە ژێر ڕکێفی خۆی. پاشان ئەوەش لە بیر نەکرێ کە هەردووک ئەو لێکۆڵینەوانە، بەربەست و کەموکووڕی خۆیان هەیە. بۆ نموونە لە لێکۆڵینەوەیەکدا کە تەنیا مەودای نێوان دوو مانگی کاری دەزگایەکی ڕاگەیاندن وەبەر بگرێ، ناکرێ ئاکامێکی گشتی و هەمەلایەنەی لێ وەربگیردرێ و لە هەر چەشنە ئاکام وەرگرتنێکی پوخت و تەواو دا دەبێ خۆ بپارێزرێ. لەلایەکی تریشەوە، لێکۆڵینەوەکە نەیتوانیوە بەشێوەیەکی دڵخواز وەڵامی ئەو پرسیارە سەرەکییە یانێ ئاخۆ تەلەڤزیۆنە نەتەوەییەکان بەرەو ئەوە دەچن کە فۆرم و نێوەڕۆکێکی وەک یەک وەربگرن، بداتەوە. هەر ئەو پرسیارە کڤالیتاتیڤە (چۆنی)ی کە بنەمای پرۆژەکەی Global Newsroom

لەسەر دامەزرابوو . (Gurevitch, 1991) بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوەیەکی هەمەلایەنە بکرێ، پێویستە چۆنیەتیی هەواڵنێری، چەند ڕایەڵەیەکی جیاواز، لە کات و وەختی جیاوازدا ئانالایز بکرێ یانێ گۆڕانی کات لە بەرچاو بگیردرێ، بۆ ئەوەی بزاندرێ، چۆنیەتیی هەواڵنێری بەپێی گۆڕینی کات، چ ئاڵوگۆڕێکی بەسەردا هاتووە، دەبێ لێکۆڵینەوەکان لە کات و وەختی جیاجیادا بێنە ئەنجامدان، هەتاکو ئاکامی دروست و بەربلاو لە لێکۆڵینەوەکان وەربگیردرێ.

ئاخۆ هەواڵی ئەمەریکایی لە نەزمی نوێی جیهانیدا سەردەستی و دۆمینانسی هەیە؟

زۆر بەداخەوە پرسەکانی پێوەندیدار بە جیهانیبوونەوە تەنیا لە قەوارە و چوارچێوەی تیۆریدا باس کراون و نەکراونەتە ژێرخانێک لە لێکۆڵینەوە مەیدانییەکاندا . هەر لە سۆنگەی ئەم کێشەیەوە، ئەو دوو پڕۆژە لێکۆڵینەوە مەیدانییانەی کە پێشتر باسم کرد، دەکرێ وەک دوو نموونەی ئەرێنیی تاکانە دابنرێن. بەڵام لە هەمان کاتیشدا ئەو دوو نموونە وەڵامدەر نین و پێویستە لێکۆڵینەوەی مەیدانیی زۆرتر لەو بوارەدا بکرێ. من لێرەدا دەمەوێ ئەم وتارە بە ئەزموونە کەسییەکانی خۆم کۆتایی پێ بێنم، ئەو ئەزموونانەی کە لە پڕۆژەیەکی لێکۆڵینەوە وەرگیراون کە من بۆ خۆم ڕاستەوخۆ تێدا بەشداریم کردووە. پرسی پڕۆژەکە لەسەر ئەوە بوو کە ئاخۆ هەواڵی ئەمەریکایی لە پێوەندی لەگەڵ کێشە نێونەتەوەییەکاندا سەردەستی و دۆمینانسی هەیە یان ئەگەر وەڵامەکە نایە لەبەر چی؟

لە پڕۆژەیەکدا بەناوی "ژورنالیسم لە نەزمی نوێی جیهانیدا"Journalism in the New World Order، ئێمە لێکۆڵینەوەیەکمان لە شێوازی جیاوازی وەک کەمی "کڤانتاتیڤ" و چۆنی "کڤالیتاتیڤ" لەسەر چۆنیەتیی هەواڵنێری لە پێوەندی لەگەڵ شەڕی کەنداو لە ۱۹۹۰-۱۹۹۱ کە پێنج وڵاتی وەبەر دەگرت ئەنجام دا(Nohrstedt & Ottosen) پەپێی تێڕوانینی تیۆری پڕۆژەکە، شەڕی کەنداو گەورەترین کێشەیەک بوو کە لەودا پرسی ئەوە ئاخۆ نەزمی نوێی

جیهانی چ مانایەک دەدا یەکەم لە پێوەندی لەگەڵ دەسەڵاتی سیاسی لە ئاستی جیهان بە گشتی و دووەم دەسەڵات بەسەر میدیا و ڕاگەیاندن بە تایبەتی؟ بەواتایەکی تر ئەوەی بۆ پرۆژەکە گرینگ بوو ئەوە بوو کە لەوە بکۆڵینەوە کە تاکە زلهێزی جیهانی چ دەسەڵات و ئیمکاناتێکی لە هەوێڵدا هەیە بۆ کۆنترۆڵ و دەستبەسەرداگرتنی ڕۆژەڤ و نێوەڕۆکی هەواڵنێری جیهانی. هەروەها پرۆژەکە هێندێک مەسەلەی گرینگی وەک بنەما بۆ خۆی دانابوو وەک ئەوە ئاخۆ میدیا چ نەخشێک دەگێڕێ لە پێوەندی لەگەڵ چارەسەری یان توندوتیژکردنی کێشە نێونەتەوەییەکاندا. بەڵام لێرەدا من تەنیا خۆم بە کێشەی سەردەستی یان دۆمینانس لە میدیادا دەبەستمەوە و ناچمە سەر باسی لایەنەکانی تری پرۆژەکە.

ئەو کەرەستە میدیاییانەی لە لێکۆڵینەوەکەدا جێگەیان گرتبوو برێتی بوون لە هەموو هەواڵێکی پێوەندیدار بە شەڕی کەنداوەوە لە سێ ڕۆژنامە و یەکێک لە تەلەڤزیۆنە هەواڵدەرییە گرینگەکانی پێنج وڵاتی فینلەناد، نەرویج، سوێد، ئەڵمانیا و ئەمەریکا. لەسەر یەک سی ڕۆژ لەنێو ساڵ و نیوێکدا هەڵبژێردران. ئەم هەڵبژاردنەش بەو شێوەیە بۆ ئەوە بوو کە ڕووداوە گرینگەکانی شەڕی کەنداو و هەروەها چۆنیەتیی دەستپێکردنی شەڕەکە و بە چڵەپۆپە گەیشتنی لە لێکۆڵینەوەکەدا جێگە بگرێ. لەسەر یەک لە پرۆژەکەدا، چوار هەزار ئارتیکل و ڕاپۆرتی تەلەڤزیۆنی خرانە بەر تیشکی لێکۆڵینەوە.

لە سەرەوەی هەموو شتێک دوو ئاکامی گرینگ لەو لێکۆڵینەوەیە وەدەست هات، کە لێرەدا شیاوی ئاماژە پێکردنن: یەکەم، هەواڵی هەواڵنێرییەکان لە شەڕی کەنداوەوە بەشێوەیەکی گشتی و بەربڵاو، خەت و سیاسەتی ئەمەریکای لە کێشەکەدا دەگەیاندە تەماشاوانانی جیهانی. ئەمەش لەبەر ئەوە بوو کە ئەمەریکا لە پرۆسێسی کێشەکەدا، دەستپێشخەر و جڵەوی ڕووداوەکانی بەدەستەوە گرتبوو. میدیاکان هەڵوێست، هەڵسەنگاندن و کۆمێنتەکانی ئەمەریکایان بە ناوەند دەگرت. هەر لێرەوە، تاکە زلهێزی جیهانی، بەشێک لە دەسەڵاتە نێونەتەوەیی یان جیهانییەکەی خۆی لە بواری

میدیادا تاکی دەکردەوە.

دووەم، خەت و نیشانی سیاسەتەکانی ئەمەریکا لە کێشەکەدا لەلایەن میدیا جۆرەوجۆرەکانەوە وەک یەک باس نەدەکرا و بەستراوە بە میدیای نەتەوەییە جیاجیاکان دەگۆڕدرا. سەرەڕای ئەوەی ڕۆڵی ئەمەریکا بەشێوەیەکی بەربڵاو لە کێشەکەدا باس دەکرا بەڵام ڕەنگدانەوەی ڕوانگەکانی ئەمەریکا لە میدیا وەک یەک نەبوون و بەپێی پێوەندییە مێژووییە ناوچەییەکان لە هەر وڵاتێکدا بەشێوەیەکی جیاواز باس دەکران. هەواڵەکان ڕەنگی خۆماڵیی پێ دەدرا یان بەرگی ناوچەییی لەبەر دەکرا و وێنەیەکی وەک یەکی ئەمەریکا بەهۆی خوێندنەوە یان داپۆشینی جیاواز لە میدیا جیاجیاکاندا نەدەبیندرا. هێندێک جار هۆکاری ئەمە دەگەڕایەوە بۆ جۆر یان ئامرازی جیاوازی میدیا. بەڵام مەسەلەی هەرە گرینگ لێرەدا ئەوە بوو کە هەواڵ و ڕاپۆرتەکانی کێشەکە ڕەگێکی خۆماڵی و نەتەوەییی تێدا دەبینران. ئەمە لە هەمان کاتدا بەو شێوەیە نابێ لێک بدرێتەوە کە بوونی ڕەگی نەتەوەیی لە هەواڵ و ڕاپۆرتەکاندا بەشێوەیەکی خۆبەخۆیی هێژمۆنی ئەمەریکا لە میدیادا بسەلمێنێ.

لە بەشێکی تری پرۆژەکەدا، وتارە سیاسییەکانی ڕادیۆی دەنگی ئەمەریکا Voice of America، بەمەبەستی دەرکەوتنی ئەوە کە هەتا چەندە پروپاگەندەکانی ئەمەریکا لەسەر هەواڵ و ڕاپۆرتەکانی میدیا شوێندانەر بووە، ئانالیز کرا. لاوریەن ئەلکساندرێ Laurien Alexandre کە بەرپرسایەتیی لێکۆڵینەوەی لەم بەشەدا بە ئەستۆ بووە، دەگاتە ئەو ئاکامە کە هەڵسوکەوتەکانی هێزە هاوپەیمانەکانی ئەمەریکا لە کێشەی کەنداودا بەجۆرێک لە ڕادیۆی دەنگی ئەمەریکادا باس دەکرێ کە گۆیا ئەوان تەنیا ئەرکی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕادەپەڕێنن و دەستپێشخەرییەکانی ئەمەریکا لە کێشەکەشدا تەنیا دەگەڕێتەوە بۆ ڕزگارکردنی کوێت و سەقامگیرکردنی نەزمێکی نوێی جیهانی کە لەودا ئازادی و یەکسانی لە سەرەوەی هەموو شتەکانە. لە وێنەیەکی ئاوا پروپاگەنداویدا، باسی ئابلۆوقەی ئابووریی یەکجار کەمڕەنگ دەکرێتەوە و هەوڵەکانی لایەنی سێیەم

بۆ چارەسەری کێشەکە بە دەگمەن باس دەکرێ یان بەشێوەیەک باس دەکرێن کە گۆیا ئەوانە هەوڵی سەدام حوسێن کە دەیەوێ درز بخاتە نێو بەرەی هاوپەیمانان‌دا. هەروەها لە وتارە سیاسییەکانی ڕادیۆی دەنگی ئەمەریکادا، وێنەیەکی وا ترسناک لە سەدام حوسێن پێشان دەدرێ کە پێشتر لە ئادۆلف هیتلەر نیشان دراوە. دروستکردنی وێنەیەکی ئاوا پڕوپاگەنداویی ئەمەریکایی و چۆنیەتیی کەڵک وەرگرتنی ئەمەریکا لە میدیا لە لێکۆڵینەوەی تردا وەک (Kellner Bennett & Paletz, 1994) (1992, p. 63) سەلمێندراوە و ئاکامی ئەم لێکۆڵینەوەیە پشتڕاست دەکەنەوە.

ئاخۆ ئەمە هەمان وێنەیەکە کە میدیاکانی تر دەیگەیەننە خەڵکی؟ وەک لە سەرەوە پێم لەسەر داگرت و لەسەری ڕاوەستام، ئێمە نەهاتووین لەوە بکۆڵینەوە کە ئاخۆ ئەو وێنەیەی کە دەمڕاستە سەربازییەکانی ئەمەریکا لە کێشەکە دەیانویست بەشێوەیەکی خۆبەخۆیی و ئۆتۆماتیک لە میدیاکان و هەواڵدەرییە نێونەتەوەییەکاندا بڵاو بکرێتەوە، هەمان وێنە بوو کە چاوەڕوانی بوون. بەپێچەوانە قورساییی پڕۆژەی لێکۆڵینەوەکەی ئێمە کەوتبووە سەر ئەوە کە هەواڵەکان چۆن و بە چ شێوەیەک بەرگی خۆماڵییانەیان لەبەر دەکرێ و هەر لەم کەناڵەشەوە چۆن پڕوپاگەندەکان بەشێوەیەک دەگوێزرێنەوە کە لەگەڵ ناوچە، نەتەوە و هەلومەرجی جیاوازدا بگونجێندرێن. ئەمەش لە خۆیدا بەو مانایە بوو، کە هەواڵە گۆڕدراوەکان یان کاردانەوەی باشیان دادەنا یان بەپێچەوانە.

بەکورتی ئاکامی پڕۆژەکە لەم بەشەدا ئەوەیە؛ هەتا زیاتر دەوڵەتێکی نەتەوەیی لە پێوەندیی دەرەوە و ئاسایشدا لە ئەمەریکا و ناتۆ نزیکتر بێ ئەوە میدیای ئەو وڵاتە زیاتر لەژێر کارتێکەری پڕوپاگەندەی ئەمەریکاییدا دەبێ. نموونەیەک لەم پێوەندییەدا ئەوەیە کە وێنەی سەدام حوسێن وەک هیتلەرێکی نوێ زۆر زیاتر لە میدیاکانی ئەمەریکاییدا جێی گرتووە هەتاکو میدیاکانی ئەوروپا. هەر لە درێژەی ئەم لێکۆڵینەوەدا بەو ئاکامەش دەگەین کە پێوەندیی وێنەکانی سەدام و هیتلەر لەگەڵ یەکتری بە زۆری لە میدیاکانی ئەڵمانیا و

نەرویجدا [ئەندامانی ناتۆ] زیاتر جێ گرتووترە هەتا میدیاکانی فینلەندا و سوێد [وڵاتانی بێلایەن و نەبەستراوە بە ناتۆ]. ئاکامێکی تر کە پێویستە لێرەدا ئاماژە بەویش بکرێ ئەوەیە کە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە میدیاکانی ئەمەریکادا زۆر بە کەمی باسی دەکرێ و بەپێچەوانەش لە میدیاکانی فینلەندا و سوێد بە زۆری باسی دەکرێ و هەروەها لە میدیاکانی ئەم دوو وڵاتەوەیە کە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بە زۆری کاتەکان وەک بەدیلێکی ئیدەئاڵ دەخرێتە پێشێ و باسی دەکرێ.

میدیای ئەوروپا لەگەڵ گۆڕانی کات وەختدا چ گۆڕانکارییەکیان بەسەردا دێت ئەگەر بێتو ئەوان لەگەڵ یەکتری بەراورد بکرێن؟ ئەوە لێکۆڵینەوەکە ئاکامی سەرنجڕاکێشی تر بەدەستەوە دەدا. میدیاکانی سوێد و فینلەندا لە سەرەتادا کەمتر لە میدیای وڵاتی ئەوروپاییی تر وێنەیەکی ئەرێنی لە ئەمەریکا و سیاسەتەکانی سەرکۆمار بوش لە شەڕی کەنداو پێشان دەدەن و بە هەمان ڕادەش کەمتر دەکەونە ژێر شوێنەواری وێنەی پروپاگەنداویی ئەمەریکایی. بەڵام دواتر بە تێپەڕینی کات ئەوە ئەوانیش دەگۆڕدرێن و زیاتر بەرەو لای ئەمەریکا رادیەشکێن و دەبنە پرۆئەمەریکایی.

لێکۆڵینەوەکە بەکورتی دەگاتە ئەو ئاکامە کە ئەمەریکا لە شەڕی کەنداودا هێژمۆنی و ڕۆڵی داسەپاندنی خۆی گێڕاوە و ئەو وێنە پروپاگەندەییەی کە پێشدا لەلایەن کوێتییەکانی دەرەوە نەخشەی بۆ داڕێژرا، دواتر لە دەزگا هەواڵنێرییەکانی جیهانیدا زۆر بە بەرفرەیی کەوتە بەر سەرنج. ئاخۆ ئەم جێگە و هەڵکەوتەیییەی ئەمەریکا لە میدیای ترانسناشناڵی جیهانیدا چەندە دەتوانی گەرانتیی دۆمینانس و تاکە مەردی مەیدانبوونی ئەمەریکا بکا و هەروەها هەتا چەندە دەتوانێ بەردەوام بێ، ئەوە دانی وەڵامێکی پوخت و تەواو زەحمەتە. هەروەها ئاکامی لێکۆڵینەوەکەش ئەوە دەردەخا کە ئەم پرۆژەیە تەنیا یارمەتییەکی بچووک بووە و لە پێناوی کارکردن و لێکۆڵینەوە لەسەر کولتوور ئیمپریالیزم هێشتا ڕێگەیەکی دوور و درێژی لەبەر ماوە. ئەو پرسیارانەی کە لەم پێوەندییەدا پێویست و گرینگە کە وەڵامێکی تێر و

پوختـتـیـان بۆ ببـیندرێتـەوە، دەتوانن بـرێتی بن لـە: ناردنە دەرەوە و فـرۆشـی فیلمی ئاکشن و شـەڕ لەلایەن ئەمـەریکا بۆ شـوێنەکانی تر چ مـانایەک دەدا و [چ پێـوەندییـەکی دەتوانێ لەگـەڵ تیـۆری کـولتـوور ئیـمـپـریالیـزم هەبێ]؟ چ گـرینگیـیـەکی دەبێ ئەو باسـانەی کـە بە تێـروپڕی لەسـەر ئینتـەرنێت و وێبـلاگەکان لـە پێوەندی لـەگـەڵ نێـوەڕۆکی مـاسـمـیدیای جیـهـانیـدا دەکرێ بەتایبەتی لە کاتی تەنگژە نێونەتەوەیییـەکان و هەروەها شوێندانـەریان لەسەر دروستکردنی بیروڕای گشتی؟ ئاخۆ نەبوونی زانیاری لە میدیاکانی ئێمـەدا لەسـەر جـیـهـانی سـێـیـەم و ئەوەی کـە ئەوان چۆن لە مـیـدیا نێـونـەتەوەیی و ترانسناشناڵەکان دەڕوانن و چ شـوێنـەوارێکی دوولایەنە لەم پێوەندییەدا وەدی دێت، چ گرینگییـەکی هـەیە؟ ئاخۆ ئێمە بەستراوەییمان بەو لۆکاڵ یان ناوچەی وەک پیتزەرییە کوردییەکە هەیە هەتاکو ئەوەی جیـهانیبوونی لای ئێمە ببێ بە ڕاستییەکی تەواو و چەسپاو لەلای خەڵکی تر؟

پەڕاوێزەکانی وەرگێر:

١- دالارنا، هەرێمێکە لە سوێد.

٢- ستیگ ئارنە، پرۆفیسـۆری میدیا و زانسـتی ڕاگەیاندن لە ئەنسـتیتۆی زانسـتی ئینسانی لە زانستگەی ئورۆبرۆی سوێدە.

٣- مەبەستی نووسەر تەلەڤزیۆنی مێد، یەکەم تەلەڤزیۆنی مانگیلەی کوردییـە، کە لە مانگی مایی ساڵی ١٩٩٥دا لە دیازپۆرا دەستی بەوەشان کرد.

٤- هـایبـریدیزەیشـن یانێ فـرە هـەوییـەتیی تێکەڵاو، ئەمـەش بـەو مـانایە نیـیـە، کـە کەسێک چەند هەوییەتێک وەردەگرێ، یان فرە هەوییەتە بگرە بەو مانایەیە کە لە چەند هەوییەتێک، هەوییەتێکی تێکەڵاوی نوێی هەمەچەشنە دروست دەکرێ، واتە لە هەر هەوییەتێک هێندێک وەردەگیردرێ نەک هەمووی.

٥- گەڕەکێکی پەنابەرنشینی قەراخ شاری ستۆکهۆڵمە.

٦- دوانوێگەری واتە بەردەوامـی نوێگەری، نوێگەریـیـەک کـە رادیکالیـزە بـووە بەڵام نەگـەیشـتـووەتە قـۆناغی کـۆتایی، ئەم چەمکە لەگـەڵ پاش نوێگـەری یان "پۆست مۆدێرنیتە"دا جیاوازی هەرە بنەڕەتی هەیە.

سەرچاوەکان:


Bennet, W. L &, D. 1994 Taken By Storm: The Media. Public Opinion, and US Foreign Policy in the Gulf War. Chicago, III: The University of Chicago Press.

Carlsson, U.1998 Frgan om en ny internationell informationsordning. Göteborg: Institutionen för journalistisk och masskommunikation, Göteborg universitet.

Cohen, Akiba A. Mark R. levy, Itzhak Roeh & Gurevitch, M.1996 Global Newsrooms, local Audiences. A study of the Eurovision News Exchange. London: John Libbey & Company ltd

De Bens, E., Kelly, M. & Bakke, M. 1992 Television Content: Dal las ification of Cultures? In Siune, K &Truetzschler, W. Dynamics of Media Politics. London: Sage

Golding, P. & Harris, P. 1997 Introduction, in Golding, P. & Harris, P. Beyond Cultural Imperialism Globalization, Communication: The New International Order. London: Sage

The Global Newsroom: Gurevitch, M, levy, M. R. & Roeh, I 1991 Convergences and Diversities in the Globalization of Television News, in Dahlgren, P. & Spraks, C. Communication and Citizenship. Journalism and the Public Sphere London: Routledge

Hamelik, C. 1997 MacBride with Hindsight, in Peter Golding & Harris, P. Beyond Cultural Imperialism. Globalization, Communication: The New International Order. London: Sage

Hannerz, U 1992 Cultural Complexity. New York: Columbia University Press.

Hannerz, U 1996 Transnational Connection. Culture, People, Places. London: Routledge.

Herman, E. S. & & McChesnay, R. W. 1997 The Global Media. London: Cassell.

Hjarvard, S. 1995 Internationale TV-nyheter. Akademisk forlag.

Kellner. D 1992 The Persian Gulf War. Boulder, Col: Westview Press.

Many Voices One World 1980 International Commission for the study of Communications Problems. London: Kogan Page

Nohrstedt, S. A. & Ottosen, R. Journalism and the New World Order. Gulf War, National News Discourses and Globalization. Nordicom

Oliveira, O. S 1993 Brazilian Soaps Outshine Hollywood: Is Cultural Imperialism Fading Out? In NordenstrenG, K. & Schiller, H. I (red) Beyond National Sov-

ereignty: International Communication in the 1990s. Norwood, N.J: Ablex

Robertson, R. 1992 Globalization. Social Theory and Global Culture. London. Sage

SIPRI 1996 (SIPRI Yearbook 1996. Armaments and Disarmament and International Security. Oxford: Oxford University Press

Siune, K & Hulten, O. 1998 Does Public Broadcasting Have a Future? In McQuail, D. & Siune, K. Media Policy. Convergence, Concentration Commerce. London: Sage

Srebreny-Mohammadi 1997 Editors introduction- Media in global context in Srebreny-Mohammadi, A Winseck, D. Mckenna, J & Boyd-Barret, O. (red) Media in Global Context. A reader. London: Arnold